تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [١]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی [١]

منتدي اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تفسیری رەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی یەکەم

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

محمود أحمد محمد

جزئی (١)

بسم الله الرحمن الرحيم

* تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان

* نووسینی مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

* چاپی یەکەم

* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

* تیراژ   ٢٠٠٠

* ژمارەی سپاردن (٣٥٢) ساڵی ١٩٩٧ ز

* مافی چاپکردن پارێزراوە و تەنیا بۆ دانەرە

بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

پێشەکی

سوپاس بۆ خودا کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ قورئاندا پەروەردەی کردم، زوبانی لاڵە پەتەم بە قورئان پژاو بەوشەکانی راست بووەوە، سوپاس بۆ پەروەردگار کە ریبازی قورئانی لەدڵدا شیرین کردمو جگە لەو ریبازە شەقامە رێیە ریچکەی ترم رەچاو نەکردن، سوپاس بۆ یەزدان کە هەلی بۆ رەخساندم لەخزمەت مامۆستای پایەبەرزو خوالیخۆشبوو؛ مامۆستا مەلا موحەممەدی گەلاڵە ناسراو بە (مەلا موحەممەدی رەئیس) هەموو قورئان بە مەعناوە بخوینم!!

سەیر بوو من لەباتی ئەحمەدیو عەوامیلی جورجانیو تەصریفی زنجانیو ئەو کتێبە سەرەتاییانە، لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی قورئانم بەمەعناوە خوێند؛!

بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدا کە پێش ئەو کاتە من هیچ شتێکم لە زمانی عەرەبی نەخوێندبوو، ناسیاوو قوتابی لەخۆشم بەرەو ژوورتر پێیان سەیر بوو من یەکسەر قورئان لەباوەش نێمو بیخوێنم! بەڵام ئەو قورئان خوێندنەم بەمەعناوە لای ئەو زاتە پایەبەرزە -خودا پایەی بەهەشتی بەرزتر بکا- دەرگای زمانی عەرەبی بۆ کردمەوە، تەماعی بەرنام بۆ درێژەدان بە خوێندنو هەوڵدان بۆ بەرەوپێشەوە چوون! لەوە بەولاوە لە فەڕو بەرەکەتی ئەو قورئانە پیرۆزەوە هەرشتێکم دەست دەدایە بەئاسانی لیّی حاڵی دەبووم، لەماوەیەکی کورتو قیاسیدا زوربەی زانیاریەکانی ناو حوجرەی فەقێیانم تاووتوێ کردن، لەپەیمانگای ئیسلامیو ئەمجار کۆلیجی شەریعەو پاشان خوێندنی باڵای زانکۆی بەغدا سەرم دەرکرد، لەبواری زانستە ئیسلامییەکاندا کەرەستەم بەدەست هێنا، دەستو دووی خۆم ناسی، گەلێ بواری نووسینم بەتاقیکردنەوەو تا ئەندازەیەکیش

سەرکەوتنم بەدەست هێنا! تەماعی ئەوەم کرد تەفسیرێک بۆ قورئان بنووسم، کەڵکەڵەی ئەنجامدانی ئەم مەشروعە چووە مێشکمەوە، هەراسانی لێهەڵگرتم! قەڵەمم تاودایەو دەستم بە تەفسیرکردن کردو ملم لێ نا دەست لەدەستو قووەت لە خودا!

جا هەرچەندە من خۆم بە سوارچاکی ئەم مەیدانە نازانمو تەفسیرکردنی قورئان دەریایەکەو مەلەوانی خۆی دەوێ، بەڵام عەرەب وتەنی ئەرک بە گوێرەی توانایەو چیم لەدەست دێ ئەوەمو هەرئەوەم لەباردایە. هەرشتێک هەمووی ئەنجام نەدرێ واز لە هەمووی ناهێندرێ، دیاری شوان یا شنگە یان ئاڵەکۆکە! هەر دەوەنۆکەن دەبن بەدارو رێبازی سەرکەوتن لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێدەکا! بۆیە بڕیارمدا وەندیکی بۆم بکرێ لەخزمەت قورئاندا بمو واز لە هەموو نووسینێک بێنم، هەموو مەشروعەکانی ترم بەلاوە بنێم، ژیانی خۆم تەرخان بکەم بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی نامەی پەروەردگار بەزمانی شیرینی کوردی، ئەگەر خودا بکاو بەشێکی کەمیشی وەربگرێ ئەوە تێشووی قیامەتەو قازانجم یەک بەهەزارەو بەڵکو زیاتریش!

هەڵبەتە پێش من، مامۆستایانی پایەبەرزو خوالێخۆشبووانی وەکو مامۆستا مەلا موحەممەدی کۆیی (مەلای گەورە)، مامۆستا مەلا حوسێنی شێخ سەعدی کۆییو مامۆستا مەلا سوحەممەدی خوا هەرزادی پێنجوێنیو مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ (گۆڕیان پڕ نور بێ) هەروەها مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو مامۆستا مەلا عوسمانی هەڵەبجە (عثمان عبدالعزیز) -سێبەریان بەرقەراربێ- لەبواری تەفسیرکردنی قورئاندا بە زمانی کوردی ئەسپی خۆیان هەلینگ داوە.

تەفسیری هەریەکێک لەم زاتانە تامو بەرامی خۆی هەیە، هەریەکەیان دارگوڵێکە لە باغستانی پڕ فەڕی قورئانی پیرۆزدا، هەوڵو تێکۆشانە بۆ ئاشناکردنو تێگەیاندنی موسوڵمانی کوردزمان لە کەلامی پەروەردگار،

هەبوونی ئەم تەفسیرانە ڕێگەیان بۆ من خۆش کرد کە لەو دەرگایەی بدەمو خۆی تێدا بەتاقیبکەمەوە، خۆ لەپێری ئەو زاتانەدا تۆمار بکەم با لە پەراوێزیشدا بێ! هەڵبەتە لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو تەفسیرانەی کە بەزمانی کوردی بۆ قورئانی پیرۆز نووسراون هێشتا زۆر کونو کەلەبەر ماون نووسەریکورد خۆیان تێدا تاقیبکاتەوە..

چونکە قورئان دەریای بێبنو بێئەمسەرەو سەرە، هەرگیز مانای تەواو نابێو دوڕو مەرجانی ماناکانی تەواو نابن! کەلامی خودایەو لەبن نایە ﴿**قل لو كان البحر مدادا لكلمات ربي لنفد البحر قبل أن تنفد كلمات ربي ولو جئنا بمثله مددا**.....﴾ زۆر گوتن قورئان خۆشەو چەندێکی لەبارەیەوە بنووسرێ هێشتا زۆری مایە!!

ئاشکرایە شەقڵی تەفسیرەکەی من جیاوازە لە هی تەفسیرەکانی ترو تایبەتمەندی خۆی هەیە، خوێنەر بە ئاسانی هەست بە گرنگی ئەم جۆرە تەفسیرەو شەقڵی تایبەتی کارەکەی من دەکا، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە هەوڵم داوە بە کوردییەکی ڕەوانو پاراو بینووسم، بەچاولێکەری لەو تەفسیرە عەرەبییانەی کە لە قوتابخانەی شێخ موحەممەد عەبدە کەڵکیان وەرگرتووە هاتووم ئایەتەکانم بەش بەشو بڕبڕ کردە، بۆ هەر کۆپلەو کۆمەڵە ئایەتێک سەرەباسێکم داناوەو پەیوەندی نێوان ئەم کۆپلەیەم لەگەڵ کۆپلەی پێشوویدا دەست نیشان کردوە، بەگوێرەی پێویستیش هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان (أسباب نزول الآية)م دیاریی کردووە، ئەمجار ئەوەی بەپێویستم زانیبێ بەشێوەیەکی کورت حوکمی ئایەتەکانم دەرهێناوە!

لەم ڕاڤەکردنەمدا پشتم بە زۆر تەفسیری عەرەبی بەستووە، شتێکم نەنوسیوە نەمدیبێ، هیچ کاتێ لەخۆوە مانایەکم نەنووسیوە نەنووسرابێ!

بەشێوەیەکی گشتیو هەمەکاتی بۆ هەموو ئایەتێک لەم تەفسیرانەم ڕوانیوەو کەڵکم لێ وەرگرتوون :

١- تفسير القران الحكيم الشهير بتفسير المنار) دانراوی ماموستا موحەممەد رەشید رەضا ج١-١٢.
٢- تفسير المراغي دانراوی: ئەحمەد موصطەفا مەراغی ج١-١٠.
٣- تفسير المنير دانراوی د. وهبة الزحيلي ج١-٣٠لە شانزە جلدا.
٤- في ظلال القران، دانراوی ماموستا سەیید قوطب ١-٨.
٥- صفوة التفاسير دانراوی موحەممەد عەلی صابونی ج١-٣.
٦- تفسير ابن كثير دانراوی ئیسماعیل کوڕی عومەری قورەیشی (إبن كثير) ج١-٤.
٧- تەفسیری نامی دانراوی ماموستا مەلا عەبدولکەریم موحەممەد (بیارە) ج١-٧.
٨- تەفسیریخاڵ (ئەو حەوت جزمانەی تەفسیری کردووە).
٩- تفسير ايات الأحكام للشيخ علی سايس ج١-٤.
١٠- تەفسیری قورطوبی، ج١-٢٠.

تکام لە خوێنەرانی ئەم تەفسیرە پیرۆزە ئەوەیە کە بەچاوێکی دلسۆزانە بیخوێننەوە، هەر هەڵەیەکیان بینیو دڵنیابوون کە بەهەڵەچووم بەهەر هۆیەکێ کە بویان دەست دەدا ئاگادارم بکەنەوە، جگە لەوەی کە پاداشیان لای خودایەو ماندوبوونیان بەزایەناچێ، منیش دەستی سوپاسو ئەمەکیان بۆ بەسینگەوە دەگرمو هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا هەڵەکان هەڵبگرمەوە!

خودا یارمەتیدەری هەموولایەکمان بێ.

مەحموود ئەحمەد موحەممەد
سلێمانی . تەمووزی / ١٩٩٦

چەند زانیاریەکی پێویست دەربارەی قورئانی پیرۆز

پێش ئەوەی بچمە ناو باغو گوڵزاری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە بە پێویستی دەزانم چەند زانیاری‌یەکی پێویست بە شێوەیەکی کورتو ئاسان بخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئەم تەفسیرە پیرۆزە، بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەرەو روونکەرەوە بێ بۆ زێدە تێگەیشتنو ئاشنابوون بە کەلامی پەروەردگار!

١- پێناسەی قورئانی پیرۆز :

قورئان بریتییە لەو نامە ئاسمانییە کە بۆ حەزرەتی موحەممەد ﷺ نێردراوەتە خوارێ، خوێندنەوەکەی بە تاعەتو خوداپەرستی حلێب دەکرێ، نوێژ -کە کۆڵەکەی ئایینە- بە بێ خوێندنی بەشێک لە قورئان تێیدا ئەنجام نادرێ! یان دەڵێین :

قورئان نامەی خودایە، جندۆکەو ئادەمیزاد داماوو دەستەوەسانن لەوەدا بتوانن وێنەی کورت ترین سورەتی ئەو قورئانە بخەنەڕو، بە زمانی عەرەبی بۆ حەزرەتی موحەممەد ﷺ نێردراوەتە خوارێو لە ناو دوو توێی موصحەفدا نووسراوەتەوە، خوێندنەوەکەی بەتاعەتو خوداپەرستی حلێب دەکرێ؛ واتە: نوێژ بەبێ خوێندنی بەشێک لەو قورئانە دروست نیە، هەروەکو چۆن تەنیا خوێندنەوەو گسوێ لێگرتنو تەماشاکردنی بۆ موسوڵمانان بە خێرو خوداپەرستی دەژمێردرێو خێرو ثەوابیان دەگاتێ!

قورئان بەو شێوەیەی کە ئێستا لەبەردەست دایە پشتاو پشتو چیناو چین بە شێوەی تەواتوور بەئێمە گەیشتووە، بە سورەتی فاتیحە دەست پێ دەکاو بە سورەتی (الناس) کۆتایی دێ، یەکەم پیتی بە (ب)ێ دەست پێ دەکا دواپیتیشی بە پیتی (س) کۆتایی دێ، ئەم دوو پیتە لێک بدەین وشەی (بس) پێک دێ، واتە: کەسێک پەیڕەوی قورئان بکا بەسیەتیو پێویستی بەهیچ یاساو بەرنامەو پرۆگرامی تر نیە.

٢- ناوو ئاوەڵناوەکانی قورئان :

قورئانی پیرۆز زۆر ناوو ئاوەڵناوی هەن، لەناو ئایەتە پیرۆزەکانیدا ئەم ناوو ئاوەڵناوانەی بۆ بەکار دەهێندرێن: قورئان، الكتاب، النور، القران، الذكر، التنزيل، هدى، شفاء، رحمة، موعظة، مبارك، مبين، بشرى، عزيز، مجيد، بشير، نذير...هتد.

وشەی (موصحەف)یشی بۆ بەکاردەهێندرێ کە لەگەردانی وشەی (صحف) وەرگیراوە.

هەر یەکێ لەم ناوو ئاوەڵناوانە لەڕووی مانایێکەوە بۆی بەکاردەهێندرێو کاڵا بەقەد باڵایە، (ئیسم لەسەر موسەمایە).

٣- چۆنیەتی هاتنە خوارەوەی قورئان :

قورئانی پیرۆز هەمووی بەیەکجار نەهاتۆتە خوارێ، بەڵکو وەجبە وەجبەو ئایەت ئایەتو سورەت سورەت بەگوێرەی روداوو بارو دۆخی بانگەوازی ئیسلامی، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارو دیاریکردنی حوکمی ئیسلامی بۆ روداوەکانو پەروەردەکردنی کۆمەڵی موسوڵمانانو رێکخستنی کۆمەڵگای ئیسلامیو تەوجیهکردنی کۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەرو کۆمەڵگایەکی ئازاد.

لەماوەی بیستو سێ ساڵدا بەشێوەی نیگاو بەهۆی حەزرەتی جوبرائیلەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خوارێ، بەگوێرەی پێویست لەمەککە یان لەمەدینە یان لە رێگەی نێوانیاندا یان لە شوێنی تر بۆ حەزرەتی موحەممەد هاتووە :

سەرەتای هاتنەخوارەوەی قورئان لە شەوی لەیلەتولقەدرا لە مانگی رەمەزاندا دەستی پێکردوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**شهر رمضان الذي أنزل فيه القران هدى للناس وبينات من الهدى والفرقان**﴾البقرة/١٨٥.

یان دەفەرموێ: ﴿ **إنا أنزلناه في ليلة مباركة إنا كنا منذرين**﴾الدخان/٣، یان دەفەرموێ: ﴿ **إنا أنزلناه في ليلة القدر**﴾ القدر/١.

جاری وا هەبوە سورەتێکی تەواو هاتۆتە خوارێ، وەکو سورەتی فاتیحەو (المدثر) و(الأنعام). جاری وا هەبوە (دە) ئایەت پێکەوە هاتوونە خوارێ، وەکو چیرۆکی بوختان لە سورەتی (النور)داو سەرەتای سوورەتی (المؤمنون). زۆرجاریش پێنج پێنج ئایەت هاتۆتە خوارێ، جاری وا بووە برێ لە ئایەتێک هاتۆتە خوارێ وەکو رستەی ﴿**غير أولي الضرر**﴾ لە سورەتی (النساء) ئایەتی (٩٥)دا کە لە دوا ﴿**لايستوي القاعدون من المؤمنين**﴾ەوە چەسپێندراوەو نووسراوە!

حیکمەتی هاتنە خوارەوەی قورئان بە شێوەی پارچە پارچەو لە کاتو شوێنی جیاجیادا زۆرو هەمەجۆرن، ویستو ئیرادەی خودا وا داخوازی بووەو ئەنجام دراوە، خودا دەفەرموێ: ﴿**وقرانا فرقناه لتقرأه على الناس على مكث ونزلناه تنزيلا**﴾الإسراء/١٠٦.

هەندێ لەو نهێنیو حیکمەتانە ئەمانەن :

١- چەسپاندنی قورئان بە لەفظو مەعنایەوە لەدڵی پێغەمبەردا ﷺو بەهێزکردنی دڵو دەروونی بۆ ئەوەی لەبەری کاو لیٚی حاڵی ببێ! چونکە پێغەمبەر ﷺ نەخوێندەوار بووە، خوێندنەوەو نووسینی نەزانیوە!

٢- بەرچاوگرتنی حاڵەتی تەدەڕوج لە شەریعەت داو لە هاتنەخوارەوەی هەر ئایەتێک کە لە کاتو شوێنی جیاجیادا دەهات بۆ پێغەمبەر ﷺ موعجیزەیەکی سەربەخۆو هێزو توانایەکی نوێی بۆ پەیدا دەبوو، دڵی زیاتر دادەمەزرا وەکو خودا دەفەرموێ: ﴿**كذلك لنثبت به فؤادك**﴾[1].

٣- پەروەردەکردنی کۆمەڵی موسوڵمانان بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەرکە یەزدانیەی کە خراوەتە سەرشانیانو وەرگرتنی ئەو یاساو شەریعەتە

[1] علوم القرآن – مناع القطان لاپەڕە ١٠٧-١١٠
نوری قورئان - عبدالكريم المدرس لاپەڕە ٦٩.

بەشێوەی قۆناغ قۆناغو گواستنەوەیان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی باشترو پێشکەوتووترو رژانی رەحمەتی خودا بەسەریاندا.

چونکە ئاشکرایە عەرەبەکان لەپێش هاتنی ئیسلامدا لە بەرەڵلاییەکی تەواودا بوون، ئەگەر بهاتایەو قورئان هەمووی بەیەکجار بهاتایە خوارێ بۆ سەریان ئەرکی سەرشانیان قورس دەبوو، نەدەهاتنە ژێربارو رام نەدەبوونو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکان نەدەبوون!

٤- پەیوەست کردنی جمو جوڵی کۆمەڵگای موسوڵمانان بە نیگای خوداییەوە، چونکە لکاندنی نیگای خودایی بەپێغەمبەرەوە ﷺ یارمەتیدەرێکی بەهێز بووە بۆ ئەوەی کە خۆگرو ورە بەرزو دڵ قایم بێو خۆ لە بەرامبەر جۆرەها هەڕەشەو تەماعو ئەزیەتداندا بگرێو هیچ شتێ کاری تێ نەکاو لە هەڵوێستی پیرۆزی خۆی نەیهێنێتە خوارێ، نیگا بەو شێوە پچڕ پچڕییە هەمیشە دەبوە بژێوێکی گیانی بۆ حەزرەتی موحەممەد ﷺ .

هەروەکو چۆن هۆکارێک بوو بۆ بەهێزکردنو پتەوکردنی بیرو باوەڕی موسوڵمانانو چەسپاندنو شێرین کردنی ئەو ڕێبازە لە دڵو دەروونیان دا، چونکە کە نیگای خودا بێتە خوارێ بۆ چارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەیەک کە بەرەو رووی موسوڵمانان بوبوەوە ئەوە دەبێتە نیشانەی راستی پەیامی پێغەمبەرو بانگەوازی ئیسلامی.

کە پێغەمبەرﷺ وەڵامی پرسیارێک ناداتەوە، دوایی نیگا دێ وەڵامەکەی تێدایە موسوڵمانان هەست بە پەیوەست بوونیان بە پەروەردگارێکی زاناو بەتوانا دکەن! زیاتر بیرو باوەڕیان پتەو دەبێو دڵنیا دەبن لە راستی ڕێبازە پیرۆزەکەیانو بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی ئەو وادەو بەڵێنانە دەکەن کە خودا پێی داون! [1]

٥- مەککیو مەدەنی

---

[1] پێشەکیە تەفسیرولمونیر / د. وهبة الزحيلي ج١/١٦-١٧.

لەم ڕووەوە قورئـان دەکرێ بـە دوو بەشـەوە، بەشێکی مەککەیی‌یـەو بەشێکی مەدینەیی‌یە.

مەشهوورترین ڕا بۆ پێناسەی مەککیو مەدەنی ئەمانەن:

١- مەککی : ئەو ئایەتو سورەتانەن کە لەماوەی سێزدە ساڵدا لـە مەککەو دەوروبەریدا وەکو میناو عـەرەفاتو حودەیبیـە یـان لـە ڕێگـای نێـوان مەککـەو مەدینـەدا پێـش ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ بگاتـە مەدینـە هاتبێتە خوارێ.

٢- مەدینـەیی : ئـەو ئایـەتو سـورەتانەن کـە لــە دوا کۆچکردنـی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە لە ماوەی (دە) ساڵدا هاتبێتـە خـوارێ جـا لـە خودی مەدینەو دەوروبەریدا هاتبێتە خوارێ، وەکو بەدرو ئوحودو سـەلع، یان لە مەککە ساڵی ڕزگارکردنی یان لەحەجی ماڵئاوایی یان لە سـەفەرو گەشتەکانی پێغەمبەر ﷺدا هاتبێتە خوارێ.

سەرچاوە بۆ زانینی ئایەتو سورەتە مەککیو مەدینەیی‌یەکان زانینو لەبەربوونی هاوەڵانی پێغەمبەرو چینی (تابعین)ن.

زانینو دەست نیشانکردنی مەککـەییو مەدینـەیی یارمـەتیدەرە بـۆ مێژووی ناسیخو مەنسووخ .

تایبەتمەندی ئایەتەمەککەیی‌یەکان ڕێـکو پێـک کردنـی بیروبـاوەڕو ئـەخلاقو ڕەوشـتە، هـەروەها هەوڵدانـە بـۆ ڕوخـاندنی قـەڵای شـیرکو بتپەرستیو چەسپاندنی بیروباوەڕی یەکتاپەرستیو قەڵاچۆکردنی پاشماوەی دابو نـەریتی سـەردەمی نـەفامیو نەزانینـە، وەکــو کوشـتنی نـاڕەواو داوێنپیسیو زیندە بەچاڵ کردنی کچ بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ!

هــەروەها بڵاوکردنــەوەی ئـادابو ئــەخلاقی ئیســلامی، وەکــو دادپەروەریو پابـەندبوون بـە وادەو بـەڵێنو کارچـاکیو دوورکەوتنـەوە لـە خراپەکاریو وازهێنان لە لاساییکردنەوەی کوێرانەو دارو بەرد پەرستن بـۆ

بەندایەتیکردنی خودای باڵادەست، پەندوەرگرتن لە چیرۆکئو سەرگورشتەی پێغەمبەرانو پیاوچاکان لەگەڵ گەلو نەتەوەکانیاندا.

ئایەتە مەککی‌یەکان کورتی‌و وشە ئارایی‌و مانا پتەوییان پێوە دیارە، پڕن لە مانای هەڕەشەو ترساندن، هەست کردن بە شانو شکۆمەندییەکی خوداوەندییان تێدایە، واتە: لەوکاتانەدا موسوڵمانان بێ هێزو لاوازبوونو خەڵکی بەدزی خوداپەرستییان دەکردو موسوڵمان دەبوون! کەچی ئایەتو سورەتەکان لەکانگای هێزو تواناوە ئاراستە دەکرێنو هەست بەهێزو توانایەکی لە خۆڕادیو دەکرێ تێیاندا.

ئەوەی کە لە ئایەتە مەدەنییەکاندا بەدی دەکرێ چەسپاندنی یاساو شەریعەتو چۆنیەتی ئەنجامدانی عیباداتو چۆنیەتی حوکمە مەدەنی‌و حوکمە سزا ئامێزەکانە، دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی ژیان بۆ دروستکردنو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی لە مەدینەداو ڕێکخستنی کاروباری رامیاری‌و فەرمانڕەوایی‌و چەسپاندنی یاسای شوراو دادپەروەری لە دەرکردنی بڕیاری حوکمەکاندا، هەروەها ڕێکخستنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان موسوڵمانانو گەلو نەتەوەی تردا لە ناوەوەو دەرەوەی مەدینەدا، لەکاتی شەڕو ئاشتی‌دا، دانانی یاسای جیهادو تێکۆشانو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، دانانی یاسای پەیماننامەو صولح کردن لەگەڵ دوژمناندا بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی‌و ئارامی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی‌دا! ئەمەش داخوازی ئەوە بوو ئایەتە مەدەنییەکان شێوە نەرمییەکیان پێوە دیار بێ، هەروەکو چۆن حوکمی ئایەتە مەدەنییەکان بەردەوامی‌و درێژخایەنییان لێ وەردەگیرێ![1]

٦- سورەت

[1] سەیری علوم القران - دانراوی مناع قطان لاپەڕە ٦٣/ بکە.

سورەت بەشێکە لە قورئان. سەرەتاو کۆتایی هەیە، هەر سورەتەی ناوێکی تایبەتی یان چەند ناوێکی هەیە، ناوە بەناوبانگەکانیان لەلایەن پێغەمبەر ﷺ خۆیەوە دیاریکراون.

سورەتەکانی قورئان چوار جۆرن :

١- سورەتە درێژەکان (الطوال) ئەمانە حەوت سورەتن: البقرة، العمران، النساء، المائدة، الأنعام، الأعراف، حەوتەمیان سورەتی (الأنفال)و (براءة)یە چونکە ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾یان لەنێوانیدا نیە. هەندێکیش دەڵێن سورەتی (یونس)ە.

٢- سورەتە سەدییەکان (المئين) ئەمانە ئەو سورەتانەن کە ئایەتەکانیان لە سەد زیاترن یان لەو ژمارەیە نزیک دەبنەوە.

٣- المثاني : ئەو سورەتانەن کە ئایەتەکانیان لە سەد ئایەت کەمترن، بۆیە پێیان دەگوترێ: (المثاني) چونکە دوبارەبوونەوەی رستەو ئایەتیان تێدایە.

٤- سورەتە ناوانکراوەکان (المفصل) ئەم جۆرەیان لە سورەتی (ق)ەوە تا کۆتایی قورئان، یان لەسەرەتای سورەتی (الحجرات)ەوە دەست پێ دەکا. ئەمەشیان دەبنە سێ بەش: درێژو مام ناوەندیو کورت.

ا- درێژەکان لە سورەتی (ق) یان (الحجرات)ەوە تا سورەتی (عم) یان سورەتی (البروج).

ب- مام ناوەندی لە سورەتی (عم) یان (البروج)ەوە تا سورەتی (الضحى).

ج- کورتەکان (قصار) لە سورەتی (والضحى)وە تا سورەتی (الناس).[1]

[1] مباحث في علوم القرآن/ مناع القطان ص١٤٥ بۆیە ئەم جۆرەیان بە ﴿المفصل﴾ ناوبراو چونکە بە ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ ناوانیان کراوە.

ژمارەی سورەتەکانی قورئان (١١٤) سورەتن، هەموو سورەتێکیش وەکو گوتمان: ناوی تایبەتی هەیە، بڕێکیشیان زیاد لە یەک ناوی هەیە، بۆ نموونە؛ سورەتی فاتیحە چەند ناوی هەن؛ وەکو لەسەرەتای تەفسیری سورەتەکەدا باسیان دەکەین! ناونانی سورەتەکان جاری وا هەیە لە یەکەم وشەو سەرەتای سورەتەکە خۆیەوە وەرگیراوە، جاری وا هەیە چیرۆکێو رووداوی تایبەتیو ئەحکامی شەرعی دەورێکی باڵایان هەبوە لە ناونانی سورەتەکاندا.[1]

ژمارەی ئایەتەکانی قورئان (٦٢٠٠) شەش هەزارو دووسەد ئایەتن لەوە بەولاوە را جیایی تێدایە، بەڵام زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەو ژمارەیە کۆکن.

٧- ریزکردنی سورەتو ئایەتەکانی قورئان

ڕێکخستنو ریزکردنی ئایەتەکان لە سورەتەکاندا بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەنجام دراوە، واتە: کارەکە (تەوقیفی)یە. بڕێک لە زانایان کۆڕایی (اجماع)ی زانایانی ئیسلامیان لەسەر ئەمە ریوایەت کردوە، دەڵێن: ئەمە شتێکە هیچ راجیایی تێدا نیە بێگومان حەزرەتی جوبرەئیل دەهاتە خزمەت پێغەمبەرو شارەزایی دەکرد بۆ شوێنی ئایەتەکان جێگاکانیانی لە سورەتەکاندا بۆ دیاری دەکرد، ئەمجار پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە نووسەرەوەکانی نیگا دەکرد، کە لەو شوێنەدا بینووسنەوە: پێی دەفەرموون؛ ئەم ئایەتە بخەنە فلان شوێنی فلان سورەتەوە لە دوای فلان ئایەتو پێش فلان ئایەتدا بینووسن![2]

هەروەها بەلای جەماوەری زانایانەوە ریزکردنی سورەتەکانیش لەناو موصحەفدا بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بووەو (تەوقیفی)یە.

---

[1] پوختەی ئایینی ئیسلام بەرگی یەکەم لا٢٣ هەندێ کەسیش پێیان وایە ﴿١١٣﴾ سورەتن لەم روەوە کە سورەتی ﴿الأنفال﴾ و ﴿براءة﴾ یان بە یەک سورەت حلێب کردوە.

[2] مباحث في علوم القرآن / مناع القطان ص١٣٩.

ئەبوبەکری ئەنباری دەڵێ: هەموو ئەو قورئانەی خودا ناردوویەتیە خوارێو فەرمانی کردوە بە چەسپاندنی شێوەکەی ، ئیتر نەسخی نەکردۆتەوەو خوێندنەوەکەشی هەڵنەگرتۆتەوە..[1]

قورئان ئەوەیە کە لەنێوان دووبەرگ دایە، پێی دەگوترێ موصحەفی عوسمانی هیچ زیادو کەمی تێدا نەکراوە، ڕیکخستنو ریزکردنی وشەو ئایەتو سورەتەکانی خودا چۆنی داناوەو پێغەمبەر ﷺ چۆن ئەنجامی داوە، ئاوا ماوەتەوەو بە ئێمە گەیشتووەو وشەیەکی لێ پاشوپێش نەکراوە، موسوڵمانان چۆنیان لە پێغەمبەرەوە وەرگرتووە بە بێ گۆڕانکاریو دەست لێدان ئاوا لە شوێنی خۆیدا چەسپاندویانە، شوێنی هەموو سورەتو ئایەتێکیان زانیوەو شێوەی خوێندنەوەو جۆرەکانی خوێندنەوەیان بەتەواوی کۆنترۆڵ کردوە، خودای مەزن چۆنی بۆ پێغەمبەر ﷺ ناردوە بەبێ زیادو کەم نووسراوەتەوەو پارێزگاری کراوە، چۆنیان لە پێغەمبەر ﷺ بیستووە ئاوا نووسیویانەتەوە، هیچیان لێ پاشو پێش نەکردوە.[2]

پێغەمبەر هەمیشە هاوەڵانی دەرس دادەدا، فێری ئەو ئایەتو سورەتانەی دەکردن کە تازە بۆی دەهاتنە خوارێ، هەر ئایەتو سورەتێک بهاتایە خوارێ، شوێنی بۆ دیاری دەکردنو دەیفەرموو: ئەو ئایەتە دەخرێتە پاش فلان ئایەتو لە فلان سورەتدا دەنوسرێ، هاوەڵانیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە فەرمانەکەیان ئەنجام داوەو بە موو لێیان لانەداوە!.

(ابن الحصار) دەڵێ: ڕیکخستنی سورەتەکانو دانانی ئایەتەکان لەناو سورەتەکاندا بەپێی نیگای خودا بووە، هەرکە نیگا بۆ پێغەمبەر ﷺ دەهاتە خوارێ دەیفەرموو: فلان ئایەت بخەنە فلان سورەتەوە، لەپاش فلان ئایەتەوەو لەپێش فیسارە ئایەتدا دای بنێن.. بێگومان

---

[1] پێشەکی تەفسیری ﴿صفوة البيان في معاني القرآن﴾ ل/
[2] مباحث في علم القرآن / مناع القطان/ ١٣٩-١٤٠

دڵنیایی تەواو بۆ موسوڵمانان پەیدابووە: کە قورئان بەم تەرتیبو ڕیزکردنەی کە ئێستا هەیە ئاوا لە پێغەمبەرەوە بیستراوە هەموو هاوەڵانیش کۆکْ بوون کە بەو شێوە لە موصحەفدا بینووسنەوە.[1]

بڕێکْ لە زانایان پێیان وایە: کە ڕیزکردنی سورەتەکان (تەوقیفی) نیە، بەڵکو بە ئیجتیهادی هاوەڵان خۆیان جێبەجێ کراوە، بەڵگەشیان هەبوونی جیاوازی نێوان ڕیزبەندی موصحەفەکانی هاوەڵانە!! ئەوەتا موصحەفی عەلی کوڕی ئەبو طالیب بە گوێرەی هاتنەخوارەوەی قورئان نووسراوەتەوە؛ یەکەمجار بە سورەتی (علق)و ئەمجار (المدثر)و ئەمجار (ن والقلم)و پاشان (المزمل) ...هتد .

لە موصحەفی ئیبنو مەسعوودیشدا یەکەمجار سورەتی (البقرة)و دوایی سورەتی (النساء)و ئەمجار سورەتی (ال عمران) ...هتد.

لە موصحەفی (أبي)یشدا یەکەمجار سورەتی (البقرة) پاشان (النساء)و ئەمجار (ال عمران) ... ڕیکخرابوو.[2]

٨- سوودی زانینی هۆکارەکانیهاتنەخوارەوەی ئایەتو سورەتەکان

بێگومان زانینی هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتو سورەتەکان بە گوێرە ڕوداوو بۆنە جیاجیاکانەوە سوودێکی زۆری هەیەو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ڕاڤەکردنی قورئانو تێگەیشتن لە مەبەستەکانی بە شێوەی ڕاستو دروست.. چونکە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەی قورئان قەرینەو نیشانەی بەهێزن بۆ ڕونکردنەوەی مەبەستەکان، مەبەستی حوکمو هۆکاری شەریعەتەکە ڕوون دەکاتەوە، نهێنیو مەبەستەکان ئاشکرا دەکاو یارمەتیدەرێکی بەهێزو پتەوە بۆ تێگەیشتن لە قورئان بەشێوەیەکی گشتیو لەبرێ کاتدا بێ زانینی هۆکاری هاتنەخوارەوە مەبەستەکان نازاندرێن!

---

[1] الاتقان في علوم القرآن ج١/٦٢ ومباحث في علوم القرآن/١٤٢

[2] مباحث في علوم القرآن / ص١٤٢.

بێگومان هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەی قورئـان ئـەوەمان بـۆ دووپـات دەکاتەوە کـە شـەریعەتی قورئـان لـە ژوور ئاستی رووداوەکـان دانیـەو لـە دەرەوەی چوارچێوەی واقیعدا خۆی نانوێنێ.

شەریعەتێکی میثـالی وانیـە قبوولـی جێبـەجێکردنو تـەطبیق نـەکا بـەڵکو شـەریعەتێکە هاوچـەرخی رووداوەکانـە، لەهـەموو سـەردەمو شـوێنێکدا لەگـەڵ رووداوەکـادا دەگونجێو چارەسـەرێکی سـەرەکییە بـۆ بنبڕکردنـی هـەموو نەخۆشـییە کۆمەڵایـەتیـەکانو لەمپـەرو بەربەسـتێکی پتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ تاکـەکانی کۆمـەڵ لـە ڕێبـازی راسـتو دروسـتو خوداویست لابدەن!

٩- یەکەم بەشو دوابەش لە قورئان کە هاتۆتە خوارێ :

یەکەم بەشێک لە قورئـان کـە هاتۆتـە خـوارێ ئـەم پێـنج ئایەتانـەی سورەتی (العلق)ن کە دەفەرموێ: **﴿إقرأ باسم ربك الذي خلق، خلـق الانسان من علق، إقرأ وربك الاكرم، الذي علم بالقلم، علم الانسان ما لم يعلم﴾**.

زانایان دەفەرموون: ئەم ئایەتانە رۆژی دووشـەممە حـەڤدەی مـانگی رەمـەزان سـاڵی (٤١)ی تەمـەنی پێغەمبـەرو ﷺ لـە ئەشـکەوتی حیـراِدا بەهۆی حەزرەتی جوبرەئیلەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ هێندراون.

بـە گوێـرەی راسـترین راو قسـەی چەسـپاو، دوا بەشـی قورئـان کـە هاتبێتە خوارێ ئایـەتی (٢٨١)ی سـورەتی (البقـرة)یـە کـە دەفـەرموێ: **﴿واتقوا يومـا ترجعون فيـه إلى ا لله ثـم توفـى كل نفس مـا كسبت وهـم لايظلمـون﴾** لەدوای حەجی ماڵئاوایی بە نۆ شەو پێش لە دونیا دەرچوونـی پێغەمبـەر ﷺ هاتۆتە خوارێ.[1]

هەڵبـەتە را و بۆچوونی تریش هـەن کـە ئایـەتو سـورەتی تـر دەست نیشان دەکەن بۆ سـەرەتاو کۆتـایی هاتنـەخوارەوەی قورئـان. بـەڵام ئێمـە تەنیا ئاماژەمان بۆ را پەسەندکراوەکان کردو بەس!

---

[1] مباحث في علوم القرآن/ ٦٥-٦٩. پێشەکی تەفسیرولمنیر.

١٠- کۆکردنەوەی قورئان

لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ قورئان لەناو دوو توێی موصحەفێکدا کۆنەکرایەوە، چونکە هێشتا حەزرەت لە ژیاندا بوو، تا ئەویش لەژیاندا بوو هیوای زیادبوونی نیگاو هاتنە خوارەوەی بەشی تر لە قورئان چاوەڕوان دەکرا، پاشان کە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردو لە دونیا دەرچوو ئەو هیوایە بڕا، قورئانیش پارچە پارچە لەسەر تاشە بەردو لقی دارخورماو ئێسقانو تەختەدارو پێستی خۆشکراوی ئاژەڵ نووسرابوەوە هەروەها لەدوو توێی سینگی هاوەڵانیشدا نەخشی بەستبوو، زوربەی هاوڕێکانی پێغەمبەر ﷺ کەم تا زۆر قورئانیان لەبەربوو.[1]

ا- کۆکردنەوەی جاری یەکەم :

کە حەزرەتی ئەبوبەکر کرا بە جێنشینو فەرمانڕەوایی موسوڵمانانی درایە دەست، شەڕی پاشگەزبووەکان (حروب الردة) رووی‌دا، یەکێک لەو شەڕە سامناکانە شەڕی یەمامە بوو کە (٧٠) کەس لە قورئان لەبەرەکانی تێدا شەهید بوونو گیانی خۆیان لە رێگای ئیسلامدا بەخت کرد، لە ئاکامی شەهیدبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵە قورئان لەبەرەکان حەزرەتی عومەر ﷺ ترسی لێ نیشت کە بەشەهیدبوونی ئەو قورئان لەبەرانە قورئان بفەوتێ! بۆیە داوای لە حەزرەتی ئەبوبەکر ﷺ کرد کە فەرمان بدا بە کۆکردنەوەی قورئانو لە دو توێی موصحەفێکدا کۆی بکاتەوەو بکرێتە کتێبێکی تایبەتی. حەزرەتی ئەبوبەکر ﷺ لەسەرەتادا دوو دڵ بوو. چونکە بەلایەوە گران بوو ئیشێک بکا کە پێغەمبەر ﷺ لە ژیانی‌دا نەیکردبێ، بەڵام دوایی رای گۆڕیو بەرژەوەندی ئیسلامی تێدا بینیو هاتە سەر رای حەزرەتی عومەرو پێشنیارەکەی ئەوی پەسەند کردو بانگی زەیدی کوڕی ثابیتی ئەنصاری کرد، ئەم ئەرکە پیرۆزەی خستە ئەستۆی، چونکە زەید لە هەموو هاوڕێکانی پێغەمبەر زیاتر لە خزمەت

[1] پوختەی ئایینی ئیسلام بەرگی یەکەم / ٢٤-٢٥.

پێغەمبەردا بوو بوو، لە هەمووان زیاتر ئامادەی کۆڕو مەجلیسی جۆراوجۆری پێغەمبەر ﷺ بوو، زیاد لەمەش لە هەمووان زیاترو باشتر قورئانی لەبەربوو، بۆیە ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزە روو بە رووی ئەو کرایەوە..

ئیتر زەیدی کوڕی ثابیت زۆر چالاکانەو لێهاتوانە بە کارەکە هەڵساو هەموو قورئانی کۆکردەوە، لە دوو تویێی پەڕاوێکی تایبەتی‌دا نووسیەوە بە حەزرەتی ئەبوبەکری سپارد ئەمیش ئەم نوسخە قورئانەی لای خۆی گل دایەوەو لەلای خۆی پاراستی! لەکاتی پێویستدا موسوڵمانان دەگەڕانەوە بۆ سەر دەقەکەی:[1]

ئەم کۆکردنەوەیە بریتییە لەوەی کە لە سینەی پێغەمبەردا نەقشی بەستبوو هاوەڵان لێیان بیستبوو بەم شێوە تەرتیبەی کە ئێستا لەبەرچاوە بیخاتە دو وتویێی موصحەفێکەوە، هەڵبەتە لەپێش ئەم کۆکردنەوەیەدا قورئان بە پارچە پارچە نووسرابووەوەو ئەم پارچانە لای پێغەمبەر ﷺ هەڵگیرابوون، زوربەی هاوەڵانیش روونووسیان لە لا هەبووە، جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان بە قورئان لەبەر دەناسرانو لە سەرەتاوە تاکۆتایی بەم شێوەی ئێستای قورئانیان لەبەربوو، بەم شێوە وادەو بەڵێنەکەی پەروەردگار هاتبووە جێ کە دەفەرموێ: ﴿ **لا تحرك به لسانك لتعجل به إن علينا جمعه وقرانه فإذا قرأناه فاتبع قرانه ثم إن علينا بيانه**﴾القيمة/١٦-١٩.

وەکو دەڵێن لەپێش هاتنی ئەم ئایەتەدا کە جوبرائیل دەهات بۆ لای پێغەمبەرو نیگای بۆ دەخوێندەوە پێغەمبەر ﷺ خێرا خێرا دەیگوتەوەو زمانو دوو لێوی دەجولاندن، دەترسا وشەیەکی لەبیربچێ، دەیەویست لەبەری بکا، کە ئەو ئایەتە هاتە خوارێ ئیترکە جوبرائیل نیگای بۆ

[1] پوختەی ئایینی ئیسلام ، بەرگی یەکەم / ٢٥ - ٢٦.

دەخوێندەوە گوێی رادەگرت. کە جوبرائیل دەڕۆیی چۆنی بۆ خوێندبووەوە دەیخوێندەوە!

هەموو ساڵێکیش لە رەمەزاندا پێغەمبەر ﷺ جارێک قورئانی بۆ جوبرائیل دەخوێندەوە، لە مانگی رەمەزانی پێش لەدونیا دەرچوونیشی دووجار هەموو قورئانی بەسەر جوبرائیلدا خوێندۆتەوە، هەر بەو شێوە لەبەربوونەش بۆ هاوەڵانی خوێندۆتەوەو، ئەوانیش نووسیویانەتەوەو لەبەریان کردوە! کەواتە: دەتوانین بڵێین: کۆکردنەوەی قورئان بۆ یەکەمجار لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا بوەو لە دوو شێوەدا رەنگی داوەتەوە:

١- **کۆکردنەوەی لە سینەی پێغەمبەردا** ﷺ ئەمجار لەسینەی قورئان لەبەرەکان دابە شێوەیەکی رێکو پێکو بەم شێوەی کە ئێستا لە موصحەفدا نووسراوەتەوە!

٢- **کۆکردنەوەی بە نووسینەوە**، بەڵام بەشێوەی پارچەپارچەییو بەش بەش، چونکە پێویست نەبوو هەمووی لە موصحەفێکدا بنووسرێتەوە، لەبەرئەوەی هێشتا پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا بوو، چاوەڕوانی هاتنەخوارەوەی نیگا دەکرا!!

ئیمامی زەرکەشی دەفەرموێ: لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ قورئان لە یەک موصحەفدا نەنووسرایەوە، بۆ ئەوەی لە ئاکامی هاتنەخوارەوەی نیگای تازە گۆڕانکاری تێدا نەکرێ! بۆیە نووسینەوەکەی دواکەوت، کە پێغەمبەر ﷺ لە دونیا دەرچوو تازە هیوای ئەوە نەما کە نیگا بێتە خوارێ،[1] ئیتر شتێکی گونجاو بووکە پاش لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ لە دوو تویی موصحەفێکدا بنووسرێتەوە!

کەوابێ دەبێ قسەی زەیدی کوڕی ثابیت کە دەڵێ: پێغەمبەر لە دونیا دەرچوو قورئان هێشتا لە هیچ شتێکدا کۆنەکرابووەوە - وا ئاراستە

[1] مباحث في علوم القران - مناع القطان / ١٢٤.

بکەین بڵێین: مەبەستی کۆکردنەوەیەکی وەهایە کە ئایەتو سورەتەکانی ڕیکْ بخرێنو لە دوو توێی موصحەفێکدا دابنرێن!

ب- کۆکردنەوەی قورئان جاری دووەم

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد زەید کە قورئانی کۆکردەوەو نووسیەوە لە دوو توێی موصحەفێکدا لای حەزرەتی ئەبوبەکر دانرا، ئەو ماوەیەی حەزرەتی ئەبوبەکر لە ژیاندا بوو موصحەفەکە لای ئەو پارێزرابوو، کە تەشریفی کۆچی دوایی کرد، موصحەفەکە برایە لای حەزرەتی عومەر ﷺ، بەدرێژایی رۆژگاری فەرمانڕەوایی حەزرەتی عومەر ئەو موصحەفە لای ئەو پارێزرا کە کۆچی دوایی کردو حەزرەتی عوسمان کرا بە جێنشین. لەسەردەمی ئەمدا روبەری جیهانی ئیسلامی زۆر بەرفراوان بوو، زوربەی رووبەری کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقا، کەوتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، بەهۆی بەرفراوانی جیهانی ئیسلامیو لێکْ دوورکەوتنەوەی هاوەڵە قورئان لەبەرەکانو هۆکاری تر، خەریکْ بوو جیاوازی بکەوێتە جۆری خوێندنەوەی قورئانەوە، هەر شارو وڵاتێکْ بە گوێرەی شێوە خوێندنەوەی ئەو هاوەڵانەی بۆی نێردرابوون قورئانیان دەخوێندەوە!

جاهەر چەندە ئەو قیرائەتانە هەموویان لە پێغەمبەرەوە بیسترابوونو راست بوون بەڵام ترسی ئەوە دەکرا کە ئەم جوداوازییە لە ئاکامدا سەربکێشێ بۆ فیتنەییو ئاژاوەو لێکْ ترازانی کۆمەڵی موسوڵمانان! بۆیە دوای راوێژکردن لەگەڵ هاوەڵان داو تاووتوێ کردنی بارو دۆخی رووداوەکان رایان هاتە سەر ئەوە کە ئەو نوسخەیەی کە لەسەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکردا بەیەکْ شێوە خوێندنەوە نووسرابووەوە شەش نووسخەی لێ بنووسنەوەو بەسەر شارە ئیسلامییەکاندا بڵاوی بکەنەوە!

ئیتر حەزرەتی عوسمان ناردی لە لای خاتو حەفصە نوسخەکەی سەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکریان هێنا، چونکە دوای کۆچی عومەر موصحەفەکە کەوتبوە لای خاتو حەفصە.

ئەمجار ناردی بە دوای زەیدی کوڕی ثابیتی ئەلئەنصاریو عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرو سەعیدی کوڕی عاصو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەلحاریثی کوڕی هیشام، کە هەموویان قوڕەیشی بوون، فەرمانی پێکردن کە نوسخەکان بنووسنەوە، لە هەر شوێنێکا نووسینەوەکەی زەید لەگەڵ سێ قوڕەیشی‌یەکاندا کەوتە خیلافەوە ئەوە بەزمانی قوڕەیش بینووسنەوە چونکە قورئان بەشێوە خوێندنەوەی ئەوان هاتۆتە خوارێ!

ئیتر ئەو لیژنە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داو شەش نوسخەیان لە روی موصحەفەکەی سەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکر نووسیەوە، ئەمجار حەزرەتی عوسمان هەر نوسخەیەکی بۆ وڵاتێک ناردو فەرمانی کرد لە هەموو جیهانی ئیسلامی‌دا چی نوسخەی تر هەیە جگە لەو نووسخانە هەموویان کۆ بکرێنەوەو بسوتێندرێن!

زەید دەڵێ: کاتێک قورئانمان دەنووسیەوە ئایەتی ژمارە (٢٣)ی سورەتی (الأحزاب) کە بۆ خۆم چەند جار لە پێغەمبەرم بیستبوو دەیخوێندەوە بە دوایدا گەڕاین پاشان لای خوزەیمەی ئەلئەنصاری بە نووسراوەیی دەستمان کەوتو خستمانە شوێنی خۆی لە موصحەفدا.

ئیتر نوسخەی موصحەفی عوسمانی بوو بە بناغەو نوسخەی بڕوا پێکراو لە هەموو عالەمی ئیسلامی‌داو هەموو هاوەڵان پشتگیری ئەم کارەیان کردووەو بەلایانەوە سەد دەر سەد راستو بێ کەمو کوڕیو بێ غەلو غەشە.

هەر ئەم نوسخەیەش بناغەی هەموو ئەو نوسخە چاپکراوانەی قورئانە کە ئێستا لەبەردەست دان.

شایانی باسە ئەم کارە شاکارە ساڵی (٢٥)ی کۆچی ئەنجام دراوە، تا سەردەمی جێنشینی حەزرەتی عوسمان موسوڵمانان بەچەند شێوە خوێندنەوە قورئانیان دەخوێندەوە، ئیمامی عوسمان ﷺ خستیە سەر

یەکێ قیرائەتو یەکێ شێوە نووسین، بۆیە ئیمامی عوسمان ئێستا بە کۆکەرەوەی قورئان دەژمێردرێ.

زانایانی ئیسلام دەربارەی ئەو موصحەفانەی کە لەسەردەمی جێنشینی عوسماندا نووسراونەوەو ناردراون بۆ شارو ولاتەکان چەند رایەکیان هەیە:

ا- هەندێک دەڵێن حەوت نوسخەبوون نێردراون بۆ مەککەو شامو بەصرەو کوفەو یەمەنو بەحرەینو نووسخەیەکیش لە مەدینە هێلدراوەتەوە.

ب- هەندێک دەڵێن: ژمارەیان چوار بووە: موصحەفی عێراقی، موصحەفی شامی، موصحەفی میصری، موصحەفی ئیمام.

ج- برێک رایان وایە ژمارەی موصحەفەکان پێنج بووە. ئەو نوسخەیەی لای خاتو حەفصە بوو هەر لای خۆی مایەوە تا لە دونیا دەرچوو. پاشان شۆردیانو لەناو برا[1] گوتەیەکیش هەیە دەڵێ: مەروانی کوڕی حەکەم بردیو سوتاندی.

ئەو نووسخە موصحەفانەی کە لە سەردەمی عوسماندا نووسرانەوە ئەمڕۆ هیچیان نەماون. ئیبنو کەثیر دەڵێ: من بۆ خۆم لە مزگەوتی دیمەشقدا لە شام نوسخەیەکم لەم موصحەفە بینیوە لە پێستی حوشتر نووسرابووەوە!. دەڵێن: ئەم نوسخەیە گوێزراوەتەوە بۆ ئینگلتەرە، پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە دارولکوتوبی لینینگراد لای قەیصەرەکانی رووس پارێزرابوو.

گوتەیەکیش هەیە دەڵێ: ساڵی ١٣١٠ی کۆچی لە مزگەوتی دیمەشق سووتا!!

---

[1] تفسير الطبري ج١/٦١.

١١- شێوە نووسینی موصحەفی عوسمان :

لەوەپێش باسی کۆکردنەوەی قورئانمان کرد لەسەردەمی حەزرەتی عوسماندا ﷺ .. بێگومان زەیدی کوڕی ثابیتو سێ هاوەڵە قورەیشییەکان کە لە گەڵیدابوون بۆ نووسینەوەی قورئان شێوەیەکی تایبەتیان ڕەچاو کرد. کە حەزرەتی عوسمان ڕەزامەندی خۆی بەرامبەر ئەم شێوە نووسینە دەربڕی، زانایان ئەم شێوە نووسینەیان ناونا: (الرسم العثماني للمصحف) شێوەو نووسینەوەی موصحەفی عوسمان ﷺ لەو ساوە ئەو شێوەیە ڕەچاو کراوەو لەجیهانی ئیسلامیدا لەسەر ئەم شێوە قورئان نووسراوەتەوە، دواییش کە چاپەمەنی داهات بۆ یەکەمجار سالی ١٥٣٠ی ز لە (بەندوقییە) لە چاپ دراو دوایی کە لە (سانت بترسبوغ) لە روسیا سالی ١٧٨٧ی ز لەژێر دروشمی (طبعة اسلامية خالصة للقران)و ئەمجار لە ئاستانە سالی ١٨٧٧ی ز قورئان چاپ کرا بەو ڕێنووسە چاپ کراوە، ئێستاش بەزۆری ئەو ڕێنووسە بەکار دەهێندرێ!!!

زانایانی ئیسلام دەربارەی حوکمی ئەم ڕێنووسەی موصحەفی عوسمانی چەند راو بۆچوونێکیان هەیە:

١- جەماوەری زانایان -لەوانە ئیمامی مالیکو ئەحمەدو هی تریش- پێیان وایە: ئەم شێوە نووسینەی عوسمان پێی رازی بووە (تەوقیفی)یە، واتە: لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ دیاریکراوەو پێویستە هەر بەو شێوە قورئان بنووسرێتەوەو چاپ بکرێ.

ئیبنولموبارەک لە عەبدولعەزیز دەبباغی مامۆستایەوە دەگێرێتەوە گوتوویەتی: هاوەڵانو غەیری هاوەڵان بە ئەندازەی مویەک لە شێوە نووسینەوەی قورئاندا ڕۆڵیان نەبوە بەڵکو ئەم ڕێنوسە لەلایەن پێغەمبەر خۆیەوە دیاری کراوە، ئەو فەرمانی پێ کردوون کە بەم شێوە تایبەتییە بینووسنەوە، لە برێ شوێن (الف) زیاد بکەن، لە هەندێ شوێندا لایبەرن، ئەم ڕێنووسە نهێنییەکی تێدایە کە عەقڵو هۆشی ئێمە پەی پێ نابا،

ئەمە نهێنییەکە پەروەردگار تایبەتی کردووە بە قورئانەوەو بەس! وەکو چۆن تێکستی قورئان بە وشەو مانایەوە موعجیزەو سەرئاسایە، شێوە نووسینەوەکەشی هەر موعجیزەیە.

زانایان بۆ ئەم ڕێنوسە چەند وردەکارەیەکیان باس کردوە بۆ نموونە دەڵێن: زیادکردنی پیتی (ی) لەوشەی (ايد) لەئایەتی (٤٧)ی سورەتی (والذاريات)دا کە بەم شێوە نووسراوە (أييد)، دەڵێن: ئەوە ئاماژەیە بۆ بە گەورەزانینی هێزو توانای پەروەردگار کە بەو دەستی قودرەتە ئاسمانی دروست کردوەو هیچ هێزو توانایەك لەو هێزە ناچێ ئەمەش لەسەر ئەم یاسایە کە زیدەیی وشەو پیت نیشانەی زیدەی مانایە!

٢- رای دووەم : هەندێ لە زانایان لەوانە ئەبوبەکری باقلانیو (عزالدین)ی کوڕی (عبدالسلام)و ئیبنوخەلدون پێیان وایەکە دروستە قورئان بە ڕێنووسی تریش بنووسرێتەوە، واتە: خەڵکی چۆن وشەی عەرەبی تری ئاسایی دەنووسن دەتوانن بەو ڕێنووسە قورئانیش بنووسنەوە! چونکە دەربارەی ڕینووسی قورئان دەقێك نەهاتووە بەپێویستی دابنێ.

لیژنەی (فتوی) لە زانکۆی (الأزهر) ساڵی ١٩٣٧ی ز لە گۆڤاری (الرسالة) ژمارە (٢١٦)دا فتوایەکی دەرکرد وای بە باش زانی کە ڕێنووسی قورئان هەر لەسەر شێوەی ڕێنووسی موصحەفی عوسمان بمێنێتەوە، بەمەبەستی ئیحتیات کردنو مانەوەی قورئان لە سەر شێوەی خۆی چ لەبارەی فۆنەتیکەوە، چ لە بارەی ڕێنووسەوە. هەروەها بۆ پاریزگاریکردنی ڕێنووسی قورئانو پابەندبوون بەو ڕێنووسەوە، کە لە هەموو چاخە مێژووییەکانی ڕابردووی ئیسلامدا موسوڵمانان پێیەوە پابەندبوونو لە هیچ زانایەکی بە ناوبانگی ئیسلامی نەبیستراوەو نەبینراوە کە گۆڕانکاری لە ڕێنووسی عوسمانیدا کردبێ. هەروەها بۆ زانینی شێوەی پەسەندو ناپەسەندی خوێندنەوەی قورئان، هەروەها بۆ

ئەوەی قورئان موعەڕڕەض نەبێ بۆ گۆڕانکاریو دەسکاری کردنی، یان یاریکردن بە ئایەتەکانی لە ڕووی ڕێنووسەوە!

بەڵام بە ڕای زۆربەی جەماوەری زانایان چ خراپیەکی تێدا نیە ئەگەر لەبواری فێرکردنو دەرس خوێندندا قورئان بە ڕێنووسی ئاسایی عەرەبی بنووسرێ، هەروەها دروستە بەمەبەستی شایەد هێنانەوە بە ئایەتێک یان زیاتر لەناو کتێبەکاندا یان بۆ را نواندنی بڕی ئایەت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بەشێوەی ڕێنووسی تازە بنووسرێتەوە!

١٢- حەوت زاراوە یان حەوت جۆرە خوێندنەوەکەی قورئان

بێگومان عەرەبەکان چەند جۆر زاراوەی جیاجیایان هەبوون، کە هەموویان لە سروشتی تایبەتیو ژیانی سارانشینیو تایبەتمەندی وڵاتەکەیان هەڵقوڵابوون، هەموو زاراوەیەک دەنگو ڕەنگی خۆیو تایبەتمەندییەکی پێوە بوو، کتێبە تایبەتیەکانی وێژەو فیقهی زمانو قیرائات ئاماژەیان بۆ کردوون! هەر هۆزو خێڵێکی عەرەب لەحنو دەنگێکی تایبەتی بۆ زوربەی وشەکان هەبوو، کە ئەوجۆرە لەحنو دەنگە لەلای هۆزو خێڵێکی تریان دەست نەدەکەوت!

بەڵام هۆزی قوڕەیش لەناو هەموو هۆزەکانی عەرەبدا بەهۆی نیشتەجێبوونیان لە پەنا کابەداو دابەشکردنی ئاو بەسەر حاجیانداو ئاوادانکردنەوەو خزمەتکردنی کابەو چاودێریکردنیو وەدەست خۆگرتنی کارو باری بازرگانی لەو هەرێمەداو گەلێ شتی تریش هۆکارێکی بۆ گونجاندبوون کە زاراوەکەیانی وا لێ کردبوو نیمچە پێشەنگییەکی بدرێتێ، لەناو هەموو زاراوە جۆراوجۆرەکانی عەرەبدا جۆرە ستاندەرییەکی بەدەست هێنابوو، عەرەبەکان تێکڕا هەموویان ئەم زاراوەیان بە باوکی زاراوەکانی خۆیان دەزانی!

کەوابێ شتێکی سروشتی بوو کە قورئان بە زاراوەی قوڕەیش بنێردرێ بۆ سەر پێغەمبەری ڕەچەڵەک قوڕەیش ﷺ، بۆ ئەوەی عەرەبەکان

ئولفەتی پێوە بگرنو لێی نامۆ نەبن! هەروەها بۆ چەسپاندنی سەرئاسایی (اعجاز)ی قورئان، بۆڕدانی عەرەبەکان کە ناتوانن وێنەی ئەو قورئانە، یان نموونەی کورتە سورەتێکی بخەنەڕوو!

جا کە زاراوەی خێڵە عەرەبەکان بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی جۆرێک لە جۆرەکانی جیاوازیی تێدا بەدی بکرێ، دەبێ ئەو قورئانەی کە خودا بە نیگا بۆ پێغەمبەری خۆی حەزرەتی موحەممەد ﷺ ناردویەتیە خوارێ کۆکەرەوەو پوختەی هەموو ئەو زاراوەو شێوەخوێندنەوانە بێ کە لەناویاندا باو بووە. بۆ ئەوەی بە ئاسانی فێری خوێندنەوەی ببنو لەبەری بکەنو تێی بگەن!

فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ زۆرن دەربارەی ئەوە کە قورئان بە حەوت جۆر خوێندنەوەی هاتۆتە خوارێ.

ئیبنوعەبباس ﷺ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (اقراني جبريل على حرف فراجعته، فلم أزل استزيده ويزيدني حتى انتهى الى سبعة احرف).[١]

عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە: کە فەرموویەتی: (إن هذا القرآن انزل على سبعة أحرف فاقرأوا ماتيسر منه).[٢]

واتە: ئەم قورئانە بە حەوت جۆر خوێندنەوە هاتۆتە خوارێ، کام شێوە خوێندنەوەتان بۆ ئاسانە بەوە بیخوێننەوە! هەموو وشەیەکی قورئان بە حەوت شێوە زاراوە دەخوێندرێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لەو حەوت شێوەیە دەرناچێ!

واتە: وشەکانی قورئان یان بە زاراوەی قورەیش دەخوێندرێتەوە کە ئەمەیان زوربەی قورئان دەگرێتەوە، یان بە زاراوەی خێڵەکانی تر دەخوێندرێتەوە.[٣]

---

[١] بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە.
[٢] بوخاریو موسلیمو ئیمامی مالیک ریوایەتیان کردوە.جامع الاصول ج٣/ ٣١.
[٣] سەیری کتێبی (الاتقان في علوم القران) بەرگی یەکەم لاپەڕە / ٤٧ بکە.

ئەو حەوت لۆغەتو زاراوە مەشهوورەو وشە ئاودارانەی قورئانیان پێ هاتۆتە خوارێ، لۆغەتی (قورەیشو هوزەیلو تەمیمو ئەزدو رەبیعەو هەوازینو سەعدی کوڕی بەکر)ن. بڕێک لە زانایان پێیان وایە مەبەست بە (الأحرف السبعة) ئەو جۆرە گۆڕانکارییەیە کە وشەکان لێک جیادەکاتەوە!

وەکو :

١- جوداوازی لە (تثنية)و (جەمع)و (تأنیث)دا بەنموونە ئایەتی ﴿**والذين هم لأماناتهم وعهدهم راعون**﴾ المؤمنون/٨.

وشەی (لأماناتهم) کە جەمعە بە شێوە موفرەدیش خوێندراوەتەوە (لأمانتهم) لە موصحەفی عوسمانیشدا ڕێنووسەکەی (لأمانتهم)ە کە هەردوو شێوە خوێندنەوەکە هەڵدەگرێ.

٢- جوداوازی لە (اعراب)دا وەکو ﴿**ما هذا بشرا**﴾یوسف/٣١. جەماوەری قورئانخوێنەکان (قراء) وشەی (بشرا) بە منصوبی خوێندۆتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە گوایە (ما) وەکو (ليس) وایە (اسم)ی خۆی مەرفوعو خەبەری مەنصوب دەکا.

ئەمە لۆغەتی ئەهلی حیجازەو قورئان بەو شێوە دابەزیوە. ئیبنو مەسعوود وشەی (بشر)ی بەمەرفووعی خوێندۆتەوە (ماهذا بشر) لەسەر بنەمای لوغەتی تەمیم کە عەمەلی (ليس) نادەن بە (ما).

٣- جوداوازی لە گەردان (تصريف)دا وەکو ﴿**فقالوا ربنا باعد بين اسفارنا**﴾سبأ/١٩ وشەی (ربنا) بە مەنصوبی خوێندراوەتەوە لەسەر ئەم بنەمایە کە (منادى) بێ وشەی (باعد) بەشێوەی ئەمر خوێندراوەتەوە.. لە جۆرە خوێندنەوەیەکی تردا وشەی (ربنا) بە مەرفووعی خوێندراوەتەوە وشەی (باعد) بە شێوەی فیعلی ماضی خوێندراوەتەوە.

٤- جوداوازی بە پێش خستنو دواخستن جا یا لە (پیت)دا وەکو ﴿**ألم ييأس**﴾ الرعد/٣١ خوێندراویشەتەوە ﴿**ألم يايس**﴾. یان لە وشەدا وەکو

﴿**فيقتلون ويقتلون**﴾ التوبة/١١١. بەپێچەوانەوەشەوە خوێندراوەتەوە. یان وەکو ﴿**وجاءت سكرة الموت بالحق**﴾ ق/١٩. خوێندراویشەتەوە ﴿**وجاءت سكرة الحق بالموت**﴾.

٥- جوداوازی بە زیدەو کەمی وەکو ئایەتی : ﴿ **وأعد لهم جنات تجري تحتها الأنهار**﴾ التوبة/١٠٠. خوێندراویشەتەوە ﴿**وأعد لهم جنات تجري من تحتها الأنهار**﴾ بەو زیادکردنی پیتی (من).

٦- جوداوازی بەهۆی گۆڕینی پیت یان وشە بەپیتو وشەیەکی تر نموونەی گۆڕینی پیت بە پیت ﴿**وانظر الى العظام كيف ننشزها**﴾البقرة/٢٥٩، وشەی (ننشزها) نوونی یەکەمی مەضموومەو کۆتاییەکەشی زای نوختەدارە، خوێندراویشەتەوە (ننشرها) نوونەکە مەفتووحەو کۆتاییەکەشی (رای) بێ نوختەیە.

٧- جوداخوازی بە گەورەکردنو چوکی کردنەوەی وشەکان بەمەفتووح کردنو خوارکردنەوە (الأمالة)و دەرخستن (الأظهار)و تێک نان (الأدغام) وەکو ﴿**هل أتاك حديث موسى**﴾ بە لارکردنەوەش خوێندراوەتەوە ﴿**هل أتيك حديث موسى**﴾ ، واتە: وشەی (أتى)و (موسى) بە کراوەیی خوێندراونەتەوە. وشەی (الطلاق) بە لامی قەڵەوو بە لامی بچووکیش خوێندراوەتەوە. وشەی ﴿**خبيرا بصيرا**﴾ بەڕێی قەڵەوو بە ڕێی بچووکیش خوێندراوەتەوە.

بەناوی خودای میهرەبان‌و دلۆڤان

سوورەتی فاتیحە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾ ٱلرَّحْمَٰنِ
ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤﴾ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ ٱهْدِنَا
ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ
عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾

سوورەت : بریتی‌یە لە کۆمەڵێک وشەو رستە، کورتترین سوورەت لە سێ‌ئایەت پێک هاتووە، هەموو سوورەتێک ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، ناوی سوورەتەکان بە گێڕانەوە لە پێغەمبەرەوە بە ئێمە گەیشتووە، ئەم سوورەتە کە بە سوورەتی (فاتحة) مەشهوورە، چەند ناوێکی هەیە، هەرە بە ناوبانگەکانیان (أم الکتاب)و (أم القران)ە چونکە هەموو مەبەستە سەرەکی‌یەکانی قورئانی لە خۆ گرتووە؛ کە حەمدو ثەنای پەروەردگار گەردنکەچی بۆ فەرمان‌و نەهی‌و ئامۆژگاری‌یەکانی‌و هەموو روون کردنەوەی مژدەو هەڕەشەکانی کە لە قورئاندا هەن لەخۆی گرتون، هەروا پێی دەگوترێ: (السبع المثاني) چونکە لە نوێژدا ئایەتەکانی دووبارە دەکرێنەوە ، هەروەها پێی دەڵێن : (الأساس) چونکە بناغەو سەرەتای قورئانە ، ناوێکی تریشی هەیە؛ پێی دەڵێن : (الفاتحة) چونکە لە تەرتیبی موصحەفدا یەکەم سوورەتە کە دەخوێندرێتەوەو دەنووسرێتەوە، یان یەکەم سوورەتە کە نێردراوەتە خوارێ .. چەند ناوی تریشی هەن ! لە کتێبە تەفسیرەکاندا باس کراون . دەربارەی فەڕو گەورەیی ئەم سوورەتە چەند حەدیثی پێغەمبەر گێڕدراونەتەوە : یەکێ لەو حەدیثانە ئەو فەرموودەیە کە ئیمامی بوخاری‌و ئیمامی ئەحمەد لە ئەبو سەعیدی کوڕی (المعلى) گێڕاویانەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پێی

گوتـم : (لأعلمنك أعظم سورة من القرآن قبل أن تخرج من المسجد قال فأخذ بيدي، فلما أراد أن يخرج من المسجد قلت يا رسول الله: إنك قلت لأعلمنك أعظم سورة في القرآن قال نعم (الحمد لله رب العالمين هي السبع المثاني والقرآن العظيم الذي أوتيته) .

واتە: پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووم : پێش ئەوەی ئەمڕۆ لـە مزگـەوت بچیتە دەرەوە گەورەترین سوورەتی قورئانت فێردەکەم ، کـاتێ پێغەمبـەر ﷺ ویستی دەرچێ عـەرزیم کرد : ئـەی پێغەمبـەری خـودا ! تـۆ بـە منـت فەرموو : گەورەترین سـوورەتی قورئـانت پـێ دەڵێـم؟! فـەرموی : بـەڵێ: ﴿الحمد لله رب العالمين...﴾ە ئەو سـوورەتەیە کـە پـێی دەگوتـرێ : (السبع المثاني) هەروەها ئەو قورئانە گەورەو بەڕێزەیە کە پێم دراوە .

١- سورة الفاتحة

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان خاوەنی رەحمو بەزەیی لـە جیهـاندا بۆ هەموو گیانلەبەرێک، بەخێوکەرو رزقو رۆژیدەرە بۆ کـافرو موسـوڵمان لە دونیادا ، خاوەنی رەحمو بەزەیی بۆ خودا پەرسـتان لـە رۆژی دواییـدا .

﴿الحمد لله رب العالمين﴾ سوپاسو ستایشی بێپایـان لەهـەر کەسێکەوە دەربچـێ لەسـەر هـەر چاکەیـەک بـێ، هـەر بـۆ زاتـی پـەروەردگارە، کـە بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرە، سەرپەرشتیکارو بەخێوکەرو پـەروەردگاری ئـادەمیزادو ئـاژەڵو دارو درەختـو روەکـی وشـکانیو نـاو دەریایـە، هـەر حەمدو سوپاسێک بکرێ، هـەر بـۆ خودایـە، چونکـە ئـەو بـۆ خـۆی کـانو سەرچاوەی بوونی هەموو هەبوونێکـەو هـەر ئـەو هەڵسوڕێنەرو کـارگێڕو رێکخەری بونەوەرە ، هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکە، هەر ئەو رێپیشاندەرو ئیلهام بەخشە بۆ چاکـەکاری، سـوپاس بـۆ بەخشدەییو شوکرو ئەنا بۆ نیعمەتەکانی !

پـەروەردەکردنی پـەروەردگار بـۆ ئـادەمیزاد لـە دوو جـۆردا رەنـگ دەداتەوە :

۱- پەروەردەکردنی جەستەو لەشو لارو گەشەپێدانی تا دەگاتە هەرەتی هێزو توانا، هەروا گەشەپێدانی عەقڵو هۆشو تێفکرینو بیرکردنەوەو زانینو زانیاری .

۲- پەروەردەکردنی ئایین بە ناردنی پێغەمبەرانو کتێبی ئاسمانیو بەرنامەی تێرو تەسەل بۆ ناویان تا پێغەمبەرەکان بتوانن لەژێر رۆشنایی ئەو نیگاو پەیامەدا بیرو باوەڕی راستو دروست لە دەروونی شوێنکەوتوانیاندا بروێنن.

﴿الرحمن﴾ بەخشندەو میهرەبانو بە بەزەییە بێسنوورو بێئەندازە لە دونیادا بۆ هەموو کەسێک.﴿الرحیم﴾ دلۆڤانو بەبەزەییە لە دوا رۆژدا تەنیا بۆ موسوڵمانانو دەیانخاتە بەهەشتەوە...

پەروەردگار کە ئەم دوو صیفەتەی لە پاش وشەی ﴿رب العالمین﴾ەوە هێنان بۆ ئەوە بیسەلمێنێ کە خودایەتیەکەی بۆ بەندەکانی خودایەتی میهرەبانیو چاکەو بە بەزەییە ، بۆ ئەوەی بەندەکانی جۆرە کردارێک بکەن ئەو رازی بکەن، بە دڵو دەرونێکی فراوانەوە روی تێبکەنو بەندایەتی خۆیان بنوێنن، ئەو سزایانە کە پەروەردگار بۆ بەندەکانی خۆی دایناون لە دونیاو دوا رۆژدا ، ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە سنووریان بەزاندبێ! رێزی پیاوانی خودایان نەگرتبێ، ئەم سزایانە بە ڕواڵەت قەهرو غەزەبن بەڵام لەحەقیقەتدا دادپەروەریو رەحمەتو میهرەبانییە، بۆ پەروەردەکردنی ئادەمیزادە،بۆ ئەوەی لە شەقامە رێ لا نەدا، چونکە لە گرتنە بەری رێبازی خوادا خۆشبەختی هەردوو دنیایان دەست دەکەوێ، بەڵام بە لادان لێی تووشی بەدبەختیو سەرلێشێواوی دەبن. ﴿مالك یوم الدین﴾ خاوەن دەستەڵاتو دەست رۆیشتووە لە رۆژی قیامەتدا بۆ پاداشت دانەوەو تۆڵە سەندنەوە.

بێگومان پاداشو تۆڵەستاندنەوەی رۆژی قیامەت شتێکی دادوەرانەیە، چونکە ئادەمیزاد هەر چەند جارجارە لەجیهاندا پاداشی

چاکەو تۆڵەی خراپەکارییان لێ وەردەگیرێتەوە، بەڵام زۆرجار ئەو پاداشو تۆڵەیە پڕاوپڕ نابێ، ئەوەتا ئێمە زۆرجار دەبینین زۆر کەسی گومڕا لەنازو نیعمەت دانو بەخۆشی ژیان دەبەنە سەر، بەڵێ جارجار تووشی ناخۆشی دەبن، جاری وادەبێ کابرای گومڕا بەڵایەکی بۆ دێ ماڵو منداڵی سەرنگون دەبێ، یان خۆی تووشی نەخۆشی دەبێ، تووشی بێ عەقڵیو شێتی دەبێ، بەڵام ئەم جۆرە بەڵایانە نابنە تۆڵەیەکی پڕاوپڕی ئەوتاوانە گەورانەی ئەنجامی داون!!

یان دەبینین زۆر کەس راستاڵەو خودا پەرستە، کەچی مافی پێشێل دەکرێ، ئەزیەت دەدرێ، ماڵی دەخورێ، کوڕی دەکوژرێ، پاداشی پڕاوپڕی نادرێتەوە.. بەڵێ: لەوانەیە کەمێکی پاداش دەست بکەوێ وەکو دڵ رەحەتی لەش ساغی، زیرەکی، رەوشت جوانی، بەڵام ئەمانە نابنە پاداشی پڕاوپڕی ئەو پاداشەی شیاوی ئەوە، تەواوی ناکا، جا کە وابێ هەبوونی رۆژی قیامەت دادوەرانەو عادڵانەیە ، بۆ ئەوەیە هەموو کەسێک سزاو پاداشتی خۆی پڕاوپڕ وەربگرێتەوە، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە ﴿**فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره ومن يعمل مثقال ذرة شرا يره**﴾ هەرکەسێک بە ئەندازەی گەردیلەیەک خراپە بکات تۆڵەی لێ دەسەندرێتەوە، ﴿**ولا يظلم ربك أحدا**﴾ خودای تۆ ستەم لە کەس ناکا، ﴿**إياك نعبد**﴾ هەر زاتی پاکی تۆ دەپەرستین، بە دڵ هەست بە گەورەیی زاتی بێچونی تۆ دەکەین، بڕوامان وایە دەسەڵاتێکت هەیە عەقڵو بیرو بۆچوونی ئێمە دەرکی پێ ناکا، چونکە ئەو دەسەڵاتە زۆر لەوە فراوانترو بەرزترە کە ئێمە حەقیقەتەکەی بزانین! بۆیە لەناخەوە هەست بە خودایەتیت دەکەین، سەری بەندایەتیت بۆ نەوی دەکەین.

خواپەرستی (عیبادەت) چەند جۆرو شێوازێکی هەیە، بە گوێرەی ئایینەکانو رۆژگار ئاڵو گۆڕی تێدا کراوە، هەموو جۆرە عیبادەتەکان بۆیە دانراون ئادەمیزاد هۆشیار بکەنەوە روو بکاتە ئەو دەسەڵاتە بەهێزە

بەرزەی کە هیچ دەستەڵاتێکی لە پشتەوە نییە، هەروەها بۆ راست کردنەوەی ئەخلاقو رەوشتی نارێکو ناشیرنو بۆ خاوێن کردنەوەی دڵو دەروونە، هەرکاتێ عیبادەتەکە ئەم رەنگدانەوەی لە ئادەمیزاددا نەبینرا، ئەوە ئەو عیبادەتە نییە کە خودا دایناوەو لێی داوا کردوین!! بۆ نموونە پەروەدگار فەرمانی پێکردوین کە نوێژ بکەینو بەرێکو پێکی ئەنجامی بدەین، فەرمووشیەتی کە کاریگەری نوێژ ئەوەیە کە نوێژکەرەکە لە تاوانو کرداری ناشیرینو گفتاری نا بەجێ دووردەخاتەوە. ﴿**إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر**﴾ هەرکاتێ نوێژ ئەم رەنگدانەوەی لە ئادەمیزاددا نەبینرا ئەوە ئەو نوێژە نییە کە خودا فەرمانی پێکردوە، بەڵکو ئەوە کردارو گوفتارێکە روحی خوداپەرستی تێدا نییە، حیکمەتو نهێنییە تایبەتییەکانی کە بۆی دانراوە لەدەستی داوە، تەنانەت پەروەردگار هەڕەشەی سەختی لەو نوێژکەرانە کردوەو فەرمویەتی: ﴿**ويل للمصلين الذين هم عن صلاتهم ساهون**﴾ هاوار، یان شیوی (وەیل) بۆ ئەو نوێژکەرانەی بەڕواڵەت نوێژ دەکەنو بەڵام لەڕاستیدا ئەوان لەمانای نوێژەکەیان بێئاگان، بەدڵ ئاگایان لەوە نییە، روویان لە کێ کردووەو لەگەڵ کێ ئاخاوتن دەکەن!!

جا وەکو چۆن پەروەدگار لەم ئایەتەدا فەرمانی پێکردوین کە جگەلەو عیبادەت بۆ کەسی تر نەکەین چونکە هەر ئەو خاوەن دەستەڵاتەو شیاوی عیبادەت بۆکردنە، هەروەها فەرمانی پێکردوین کە پشتو پەناهەر بەئەو ببەستینو داوای کۆمەکی هەر لەئەو بکەین، بۆیە دوابەدوای ﴿**إياك نعبد**﴾ دەڵێین: ﴿**إياك نستعين**﴾ هەر لە زاتی پاکی تۆ داوای کۆمەکی دەکەین، پشت هەر بە هێزی لەبننەهاتوی تۆ دەبەستین، هەموو کارێک بەپشتیوانی تۆ ئەنجام دەدرێ، هەر ئیشێک تۆ رەزامەندیت لەسەر نەبێ سەر ناگرێ، جا ئەمە مانای وا نییە ئێمە پشت بە خودا ببەستینو پاڵی لێبدەینەوە، بەڵکو پێویستە لەناو خۆماندا

هاریکاری یەکتری بکەین ﴿**وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان**﴾ ئێمە پێویستە دەرمـان بۆ نەخۆشیمان دابین بکەین، چەکو تەقەمەنی پێویست بۆ سوپامان دابین بکەین ، سەربازو سوپا ریک بخەین، فێری بەکارهێنانی چەکو پیلانی شەڕ ببین، زەوی بکێلینو زبڵی کیمیاوی پێوە بکەینو بژاری بکەینو ئاوی بدەینو خزمەتی بکەین ئەمجارە پشت بە خودا ببەستین بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشمانو سەرکەوتن بەسەر دوژمن داو زۆری بەروبوومو داهاتمان ! نزای لێبکەینو لێی بپاڕێینەوە، کە هەموو کارەکانمان کاریگەر بن، ئیتر زیاد لەوە دەبێ ئیشی خۆمان حەواڵەی زانینو دەسەڵاتی خودا بکەین، چونکە جگە لە خودا کەسیتر دەسەڵاتی ئەوەی نییە، پەروەردگار بۆ خۆی بەڵێنی پێداوین هەرکاتێ نزای لێبکەین، بەهانامانەوە دێ، دەفەرموێ: ﴿**ادعوني أستجب لكم**﴾ بانگم لێ بکەن هاوارم بۆ بێنن وڵامتان دەدەمەوە. ئەوەشی پێ ڕاگەیاندوین کە هەمیشە لێمان نزیکەو نزامان دەبیستێ ﴿**ونحن أقرب إليه من حبل الوريد**﴾ کەواتە داوای کۆمەکی لە گۆڕی پیاوچاک، داوای جێبەجێکردنی کارێک یان ئاسان کردنی، یان چاکبوونەوەی نەخۆشێ، یان بەهیلاک چوونی دوژمن! داواکردنی ئەنجامدانی ئەم کارانە لەغەیری خودا کارێکی بێ شەرعینو جۆرە بت پەرستییەکە لەپێش هاتنی ئیسلامدا باوبووە تا ئێستاش شوێنەواری ماوە، پێویستە هەر کەسە لەعاستی خۆیەوە هەوڵی قەڵاچۆکردنی بدا ، پێویستە ئادەمی داوای یارمەتی لە خوا بکا لە کارێکدا کە کردەوەی ئەوی تێدایە، کەسێ کردەوە واز لێ بێنێو هیچ نەکاتو پێی وابێ پشتی بە خودا بەستووە ئەوە دژی سروشتی ئادەمیو دابو نەریتی ئیسلامی ڕەفتاری کردوە، ڕێبازی شەریعەتی واز لێهێناوە ذەم کراوو ترۆکراوە، نەک خاوەن تەوەکولو سوپاس کراو، کەواتە داوای کۆمەکی لە خودا بەو مانایەی باس کرا ئەوە تەوەکول لەسەر خودایە، هەر کاتێ ئادەمی بەو شێوەیە ڕەفتاری

کردو داوای کۆمەکی لە خودا کرد، ئەوە بەندەیەکی گەردن کەچو فەرمانبەرداری یەزدانەو خوداپەرستی بەڕاستییە، لەگەڵ خەڵکیشدا ئازادو سەربەرزو سەرفرازە، گەردن کەچی دەستەڵاتی هیچ مرۆڤێکی زیندوو مردو نییە، بەمەش خۆی رزگار دەکا لە کاریگەری لێپرسراوی خوانەناسو فێڵباز، ﴿إهدنا الصراط المستقيم﴾ خودایە! شارەزاییمان بکە بۆ رێگەی راستو بمانگەیەنە بە مرادو هیدایەتمان بدەو مەهێڵە لەو رێبازە راستەقینە لابدەین.

رێنومایی‌و هیدایەتی پەروەردگار بۆ بەندەکانی بەچەند جۆرێکە:

١- هیدایەتو رێنومایی ویژدانی (هداية الألهام) وەکو رێنومایی کردنی منداڵ لە دوای هاتنە دونیاوە کە هەست دەکا بە برسێتی‌و پێویستی بە خۆراک! هەر کە برسی بوو دەست دەکا بە گریانو کڕوزانەوە.

٢- هیدایەت بە هۆی هەستەکانەوە (هداية الحواس) ئەم جۆرە رێنوماییە ئادەمی‌و ئاژەڵ تیادا هاوبەشن بەڵکو لەئاژەڵدا بەهێزترە چونکە بێچولەی ئاژەڵ هەر کەمێک دوای لەدایکبوونی ئەم هەستەی لا پەیدادەبێ! بەڵام لە ئادەمی‌دا وردە وردە سەرهەڵدەدا.

٣- رێنومایی عەقڵو هۆش (هداية العقل) ئەم جۆرە هیدایەتە لەدوو جۆرەکانی پێشوو گرنگترە، ئادەمی بە عەقڵو هۆشی لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە، ئادەمی بەسروشت ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێ، دەیەوێ لەگەڵ هاونشینانی خۆیدا هەڵ بکا، دیارە هەستو ویژدان ئەم پێویستییەی بۆ دابین ناکەن، بەڵکو عەقڵو هۆشی، ئەم کەلێنەی بۆ پڕ دەکەنەوە کەوابوو بۆ ئەوەی هەڵەکانی هەستو ویژدانی راست بکاتەوە، پێویستی بە عەقڵو هۆشی هەیە، چونکە برێ جار هەست دەکەوێتە هەڵەوە عەقڵ هەڵەکەی بۆ راست دەکاتەوە، بۆ نموونە خێل یەک بە دوو

دەبینیێو نەخۆش ئاوی شیرین بە تاڵ دەزانیێو بینەرو چاوساغ داریکی راست لە ناو ئاودا بە خوار دەبینیێ!

٤ - هیدایەتی ئایینو شەریعەت، ئەم جۆرە هیدایەتە زۆر پێویستە بەتایبەتی بۆ کەسێک کە هەواو ئارەزۆ عەقلی لیێستاندبیێ، بووبیێ بە کۆیلەی هەواو هەوەسی خۆیو ریبازی خوارو خێچی گرتبیێ، ستەم لە خۆیو هاونشینو هاوجینسی خۆی بکا هەرکاتیێ هەواو هەوەس بەسەر عەقڵدا زاڵ بوو، هەر بە ئایین ریبازی راست دەدۆزریتەوە، هەر بە عەقڵو تیفکرین سنوور بۆ هەموو شتێک دادەنریێ.

٥ - جۆریکی تر لە هیدایەت هەیە، پیێی دەڵین : رینوماییو یارمەتیدانو دەست بەپشتەوە گرتن (هداية المعونة و التوفيق) ئەم جۆرە هیدایەتە بەکەس نادریێ تەنانەت پێغەمبەریش ئەو دەسەڵاتەی پیێنەدراوە! ئەوەتا پەروەردگار بە پێغەمبەر دەفەرمویێ: ﴿**إنك لاتهدي من أحببت ولكن الله يهدي من يشاء**﴾القصص/٥٦.

واتە: ئەی محمد! ئەتۆ ناتوانی هەر کەسێکت خۆش بویێ بیخەیتە سەر ریبازی راستو بەردەوام بیێ لەسەری، بەڵکو خودا دەتوانیێ ئەم کارە ئەنجام بداو هەرکەسێکی بویێ بیگەیەنیتە سەر ریگای حەقو نەهێلیێ لیێی لابدا، ئەوە دەستەڵاتی ئەوە هی کەسی تر نییە. ئێمە کە روو دەکەینە بارەگای پەروەردگار دەڵێین: ﴿إهدنا الصراط المستقيم﴾ ئەم جۆرە هیدایەتەمان مەبەستە، واتە: خودایە! رینومایيمان بکە بەشێوەیەک ئەو رینوماییکردنە لەتەکماندا بیێ، رینومایی کردنێک بیێ دەستی قودرەتی غەیبی لەگەڵدا بیێ نەهێلی لە ریگای راست لادەین، نەهێلی بکەوینە هەڵەوە بەردەوام بین لەسەر رۆیشتن بە ریگای راستدا.

بەڵام هیدایەت کە بەمانا شارەزایی کردنو ریگا پیشان دانو ئامۆژگاری کردن بیێ ئەوە پلەیەکە دراوە بە بەندە راستەکانی خوداو بە گویرەی دەقی قورئان ئەرکی هەرە پیرۆزی پێغەمبەری ئیسلام بووە،

دەفەرموێ: ﴿وإنك لتهدي إلى صراط مستقيم﴾الشورى/٥٢. بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر! ئادەمیزادان شارەزا دەکەی بۆ ڕێگای راستو بانگەوازی دڵسۆزانەیان دەکەی: ﴿صراط الذين أنعمت عليهم﴾ ڕینومایيمان بکەو بەردەوامان بکە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرانو راستگۆیانو راستاڵان، ئەو خودا پێداوانەی کە نیعمەتی عیبادەتو خوداپەرستیو حەقناسینت پێبەخشیونو دڵیان بە خوا پەرستی پەیوەست بووە، هەموو خۆشییەکیان لە بەندایەتی تۆدا بینیوە، سەرفرازی هەردوو دنیا بوون ﴿غير المغضوب عليهم﴾ نەک ئەوانەی رقت لێیانە، غەزەبی تۆیان لە سەرە، خودایە! نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەی ئایینی تۆیان پێگەیشتوەو بڕوایان پێنەهێناوە! رەشیان کردۆتەوە رقو غەزەبی تۆیان بەدەستهێناوە ، چارەڕەشو بەدبەختی دونیاو قیامەت بوون ﴿ولا الضالين﴾ هەروەها نەک گۆمڕایان ؛ ئەوانەی حەقیان نەناسیوە، وەکو پێویستو بە شێوەی ڕێکو پێک حەقیان نەدۆزیوەتەوە وەکو ئەوانەی کە پەیامی پێغەمبەرانیان پێنەگەیشتووە یان پێیان گەیشتووە بەڵام بە شێواوی پێیان گەیشتووە، سەرلێشێواوو گومڕانو ناتوانن ڕێبازی راست بدۆزنەوە (آمين) خوایە! ئەم نزایانەمان وەربگرەو نزاو پاڕانەوەمان قبووڵ بفەرموو.

٢- سورة البقرة

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

سوورەتی بەقەرە دووەم سوورەتە لە قورئاندا بە پێی تەرتیبی موصحەفی عوسمانی. (٢٨٦) ئایەتە، درێژترین سوورەتی قورئانە، کورتترین سوورەتیش سوورەتی کەوثەرە، تێکڕای زانایان رایان وایە کە سوورەتی بەقەرەمەدینەییە (مەدەنییە) بەڵکو دەفەرموون: کە یەکەم سوورەتە کە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە بۆ مەدینە هاتۆتە خوارێ، گەلێ فەرموودەو حەدیثی ساغ دەربارەی فەزڵو گەورەیی ئەم سوورەتە هاتووە لە حەدیثێکی صەحیحدا کە ئیمامی موسلیم -خوا لێی رازیی بێت- ریوایەتی کردووە دەفەرموێ: (ئەوی لە بەری بێ یا بە نووسراوی هەڵی بگرێ سیحرو جادوو کاری لێ ناکا) .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان

رەوشتی موسڵمانانو پاداشتی خودا پەرستان

الٓمٓ ﴿١﴾ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ
بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ
يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ
﴿٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥﴾

﴿الم﴾ ئەمە هێماو رەمزە، هەر خودا بۆ خۆی دەیزانێ، پێغەمبەری ﷺ لە مەبەستەکەی حاڵی کردووە، بەڵام ماناکەی بۆ ئێمە روون نەکراوەتەوە، هەر وا هاو وێنەکانیشی وەکو : ﴿المر﴾و ﴿المص﴾و ﴿كهيعص﴾ .. زۆر قسەو باس لەسەر ئەم پیتە پچڕ پچڕانە کراوە،

پوختەکەی ئەمەیە (دوور نیە کە ئەم پیتانە کلیلی پەیبردن بە هەنێ نهێنی بن!! ﴿ذلك الكتاب﴾ ئەم قورئانە بەرزو پیرۆزە کە بەپێنووسی قودرەت لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بە گوێرەی پێویست بە فریشتەی تایبەتیدا کەناوی (جوبرائیلە) بۆ پێغەمبەر ﷺ نێردراوە، یان ئەو قورئانە پیرۆزەی کە لە سەر زمانی پێغەمبەرانی پێشوو باسی کراوە، لە کتێبەکانیاندا باسو خواسی نووسراوە ﴿لاريب فيه﴾ هیچ شکئو گۆمانی تێدا نییەو شایانی ئەوە نیە ئێوە لێی بکەونە گۆمانەوە، یان ئەمە خەبەرەو مەبەست لێی نەهیە، واتە: ئێوەلێی مەکەونە شکئو گومانەوە ﴿هدى للمتقين﴾ ئەم قورئانە چراو رێپیشاندەرو هۆی شارەزاییکردنی پارێزگارانە، واتە: ئەوانەی کە دەیانەوێ خۆیان لە سەرپێچیکردنی فەرمانی خودا بپارێزن، ﴿الذين﴾ ئەوانەی ﴿يؤمنون بالغيب﴾ بڕوایان بەو شتە پەنهانە هەیە، کە لە بیرو باوەڕی ئیسلامدا باسی لێکراوە، وەک باوەڕ بە پەروەردگاری نادیارو نیشانیکانیو ، باوەڕ بە فریشتەو پێغەمبەرانو رۆژی دواییو بەهەشتو دۆزەخ، چونکە ئێمە ئەمانەمان نەدیون، بەڵام لە نەدیوی لە سەر فەرمایشتی ئایین بڕوایان پێدەکەین، لە سنووری جیهانی ماددەو شتە بینراوەکاندا خۆمان قەتیس ناکەین.

﴿ويقيمون الصلاة﴾ وە لەهەمان کاتدا نوێژ -کە کۆڵەکەی دینە- بە ڕێکئو پێکی ئەنجامی دەدەن.. تاد ﴿ومما رزقناهم ينفقون﴾ لەو ماڵو دارایییەی کە پێمان داون زەکاتی لێدەردەکەن، سەرەڕای ئەوەیش خێرو خێراتی تر لە سامانەکانیان دەکەن وەک دەستگیرۆیی هەژارانو ماڵ بەخت کردن لەڕێگەی خواداو کۆمەکیکردنی سامانیی بۆ پێشکەوتنی ئابووری وڵات. بەمەیش خۆیان لە رژدیو چرووکی رزگار دەکەنو دەچنە ریزی بەرێزی سەخی سرووشتانو دڵفراوانانو بەرچاو تێران! هەروەها ﴿والذين يؤمنون بما أنزل إليك﴾ ئەوانەی باوەڕیان بەو قورئانو نیگایە

هەیە کە بۆ تۆ نێردراوەتە خوارێ: ﴿وما أنزل من قبلك﴾ هەروەها بڕوایان بەو کتێبە ئاسمانی‌یانە هەیە کە بۆ پێغەمبەرەکانی پێشوو نێردراونە خوارێ، وەکو: صوحوفو تەوراتو زەبوورو ئینجیل. لەتەک ئەوەشدا ﴿وبالآخرة هم یوقنون﴾ بڕوای پتەویان بە ڕۆژی دوایی هەیە ﴿أولئك علی هدی من ربهم﴾ ئەو خودا پێداوانە بەرنامەی ژیانیان بە تێگەیشتنو پێگەیشتنی ڕێبازی یەزدانی دامەزراوەو ڕێگای ڕاستیان گرتۆتە بەرو ﴿وأولئك هم المفلحون﴾ ئەوانە، بەڵێ هەر ئەوانە لەناخۆشی ڕۆژی دوایی ڕزگاریان بووەو ڕەزامەندی خودایان بەدەست هێناوە، ئەوەی مەبەستیان بووە دەستیان کەوتووە ئەوەی لێی ترساون لێی قوتار بوون...

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ئەم دوو شتە باس کراوە: -بناغەو دیوار- بناغەکە بریتی‌یە لە بڕواو نوێژکردنو ماڵ بەخشین، دیوارەکەش بریتی‌یە لە پەیڕەوکردنی قورئان، کۆی هەمووشیان دەبێتە خۆپاراستن (التقوی). دوور نیە مەبەست لەم قسەیە ئەمەی خوارەوە بێ.. بێگومان خەڵکێکی زۆر لەم پێکەوە بەستنە بێ‌ئاگان، بۆرە باوەڕێکیان بە قورئان هەیە، بە نیوە ناچلی نوێژ دەکەنو بە نا بەدڵی زەکاتو مەکات دەدەن، ئیتر خۆیان بە تەقواکارو خۆپارێز دەزانن، گەرچی لە فەرمانەکانی تری قورئان تەواو بێ‌ئاگان.

ڕەوشتی کافران

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٧﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار باسی بڕوا دارانی کردو رەوشتەکانیانی روون کردەوەو ئاکامی کردەوەکانیان -کە رزگاربوونیانە لە تەنگئو چەڵەمەی رۆژی دوایی- دیاری کرد، ئەم جارە هاتە سەر باسی ئەو بێ بڕوایانەی کەهیچ پەندو ئامۆژگارییەک کاریان تێ ناکا! فەرمووی:

﴿إن الذين كفروا سواء عليهم أأنذرتهم أم لم تنذرهم لايؤمنون﴾

لەراستیدا ئەو کافرو بێبڕوایانەی سەر بۆ هەق دانانەوێنن زۆر باش دەزانن کە پێغەمبەرایەتیی تۆ راستو دروستە، وە قورئان هەقە، بەڵام بەئەنقەست گوێی خۆیانی لێ کەڕ دەکەن وە چاوی لێ دەقوچێنن، یان هەوڵ نادەن راستییان بۆ دەرکەوێ خۆ لەهەموو شتێک گێل دەکەن، بەدڵ گوێ بۆ بانگەوازی حەق ناگرن، وە بە چاوی وردبینییەوە تەماشای شت ناکەن!! ئەو خوا نەناسانە: یەکسانە لایان؛ چ بیانترسێنی چ نەیانترسێنی باوەڕت پێ ناکەن، ئیمان بە پێغەمبەرایەتیت ناهێنن!! پرسیارێک دێتە پێشەوەو دەڵێ: دەی کەوابێ چ پێویست دەکا پێغەمبەر ﷺ خۆیان پێوە ماندوو بکاو ترسیان بخاتە بەر، لە کاتێکدا ئەوانە لەعیلمی خودادا بە کافری دەمێننەوەو بڕوا ناهێنن؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بۆ خاتری ئەوەی لەرۆژی قیامەتدا بەهانەیان نەمێنێ، سەرەڕای ئەوەیش بانگەوازیی ئیسلام گشتییەو رووی لەهەموانە، دیاریشە کە پێغەمبەریش ﷺ لەسەر ئەم ئەرک کێشانەو زەحمەتی راگەیاندنە پاداشتی گەورە وەردەگرێ ﴿ختم الله على قلوبهم وعلى سمعهم وعلى أبصارهم غشاوة﴾ پەروەردگار مۆری ناوە بە دڵیانەوە چاوی دڵیان کوێر بووە، وەک پێنج هەستە یان لەکارکەوتیبێ وایە، دەڵێی گوێچکەیان ئاخنراوە، وە چاویان پەردەی لەسەرە، بۆیە لەگومڕایی خۆیاندا سەرگەردانن! ﴿ولهم عذاب عظيم﴾ ئەوانە سزای گەورەیان بۆ ئامادەکراوە.

رەوشتی دووڕووەکان

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾
يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ
﴿٩﴾ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟
يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾

دوای ئەوە کە باسی موسوڵمانو خوانەناسەکانی کرد ئەمجار دێتە سەر باسی دوو ڕووەکان (منافقین)و دەفەرموێ:

﴿ومن الناس من يقول آمنا با لله وباليوم الآخر وما هم بمؤمنين﴾ خەڵکانی وایش هەن بەدەم دەڵێن: ئێمە موسوڵمانینو بڕوامان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام ئەوانە درۆ دەکەن ئەوانە موسوڵمان نین، بەڵکوو بە درۆ خۆیان بردۆتە ریزی موسوڵمانانەوە هەتا نوێژکردنو هاموشۆی مزگەوتو ئەمانەیان بۆ خودا نییەو بۆ ڕواڵەتە، ئەگینا ئەوەندە ساختەچیو فێڵبازیو نارەوایی یان نەدەکرد، ئەوەندە کاری نەگونجاوو دوور لە ئایینیان ئەنجام نەدەدا، جارێک لەخراپە دەگەڕانەوە، ئەوەتا هەرچی لەدەستیان بێ لەخراپەکاری بە دزییەوە ئەنجامی دەدەن، وەکو خۆرکە لە ناو موسوڵماناندا کنە دەکەن، ئەگەر بە ڕواڵەت هاتو چۆی مزگەوت بکەن، یان نوێژ بکەن، یا یارمەتی هەژار بدەن یا ئامادەی غەزا ببن، ئەوە بۆ شوێنە ونییە ﴿يخادعون الله والذين آمنوا﴾ بە خەیاڵی خۆیان فێڵ لە پێغەمبەری خوداو موسوڵمانان دەکەنو ئەوان هەڵ دەخەڵەتێنن بۆیە وا دەکەن تا کوشتنو گرتنو سەرانە لێوەرگرتن لە خۆیان دوور بخەنەوە، بەشە غەنیمەتو تالانی بۆ خۆیان وەربگرنو ئاگاداری نهێنی کۆمەڵگای موسوڵمانان ببنو بیگەیەننە کافرەکان !

دەی با وانەزانن کە لە کارە چەپەڵەکەیاندا سەرکەوتوونو خوداو پێغەمبەری خودا ﷺ ئاگاداری کردارەکانیان نین! بەڵکو خودای مەزنی زانا ئاگاداری هەموو خەیاڵو خەتەرەو بیرو بۆچوونو کردارێکیانە، هەر فێڵێک بکەن پێی دەزاندرێ ﴿وما يخدعون إلا أنفسهم﴾ هەر فڕوفێڵێک بکەن بە خراپە بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوەو زیانی بۆ خودی خۆیان دەبێ، کەوابێ وەکو فێڵ لە خۆیان بکەن وایە، چونکە زیانی فێڵ کردنەکەیان هەر بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە ﴿وما يشعرون﴾ ئەوان لە بەر زێدە گومڕاییو سەرگەردانیو ڕۆچوونیان لە بەدکارییدا هەست بەو زیان لە خۆ کەوتنە ناکەنو هەر دەڵێی بێ هەستن!! چونکە ئەوان ﴿في قلوبهم مرض﴾ لە دڵو دەروونیان دا، نەخۆشیو دووڕوویيو فێڵبازی هەیە، ناتوانن، یان نایانەوێ هەقو ڕاستی بزانو شوێنی بکەون، وەکو چۆن جەستەی نەخۆش ناتوانێ وەکو پێویست کارو باری خۆی ئەنجام بدا، دڵی ئەو دووڕووانەش ئاوا لەکار کەوتووە، ئەمجا بۆ زیادە بەدبەختیو چارە ڕەشییان ﴿فزادهم الله مرضا﴾ پەروەردگار نەخۆشی دڵو دەروونیانی بۆ دوچەندانەو چەند چەندانە کردونەوە تا بەتەواوی لە قوڕاوی گومڕاییدا سەرنگوون ببنو ﴿ولهم عذاب أليم﴾ بۆ ئەوان هەیە سزایەکی سەختی بەئێش ﴿بما كانوا يكذبون﴾ بەهۆی ئەوەوە کە درۆو دووڕوويیان لەگەڵ پێغەمبەرو موسوڵماناندا کردووە.

ڕەوشتی دووڕووەکان

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾
أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَـٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟
كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ ۗ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ
وَلَـٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾

خوێنەری موسوڵمان! لەو سێ ئایەتەی پێشوودا حەقیقەتو چۆنیەتی دووڕوویی (النفاق)مان بۆ روون بوەوە، ئەمجارە سێ نموونە لە قسەو هەڵوێستی دووڕووەکانمان بۆ دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وإذا قيل لهم لاتفسدوا في الأرض قالوا إنما نحن مصلحون﴾ ئەگەر بەو دووڕووانە بگوترێ: ئاشووبو ئاژاوە لەناو وڵاتدا بەرپا مەکەنو واز لە خراپەکاری بێنن، هەر بەوەندە ناوەستن کە بڵێن: ئێمە ئاشوب ناگێڕینو خراپەکار نین، بەڵکو زۆر بێشەرمانە دەم درێژیی دەکەنو دەڵێن: ﴿إنما نحن مصلحون﴾ ئێمە ئیشو کارمان هەر رێکخستنو ئیصلاحی کۆمەڵە، کە هاموشۆی ناموسوڵمانانیش دەکەین بە مەبەستی زەمانە سازیو دیبلۆماسی‌یە. ئاشکراشە ئەوانەی ئاشوب دەگێڕنو خۆشیان بە دڵسۆزو رێکخەرو موصلیح دەزانن لە هەموو چەرخو دەورێکدا زۆرو زبەندەن!! هەرکاتێ تەرازووی دڵسۆزیو ئیخلاص لاسەنگ بوو هەموو کارو بارێک تێک دەچێو دونیا دەبێتە کانی ئاشووب، ئەوانەی ئیخلاصو دڵسۆزییان لە سروشتدا نیە بۆ پەروەردگاریان، هەرگیز هەست بە خراپەکاری خۆیان ناکەن، بۆیە پەروەردگار بەو شێوە بۆ چوونەکەیان رەت دەکاتەوە، دەفەرموێ: ﴿ألا إنهم هم المفسدون ولكن لايشعرون﴾ ئاگادار بنو بزانن! بێگومان ئەوان ئیشو کاریان، هەڵسو کەوتیان، هەر خراپەکاریو بەرپاکردنی ئاشووبو گێرەو کێشەو فیتنەییو تێکدانی ریزەکانی کۆمەڵی موسوڵمانانە! کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەلای ناخیریان پێیان وایە کردارەکانیان باشن، چونکە ئەوانە هەستیان نیەو شعوور ناکەن.

﴿وإذا قيل لهم أمنوا كما آمن الناس﴾ ئەگەر ئیتر کەسانێک بۆ خودا ئامۆژگاریان بکەنو بیانەوێ راستییان بۆ دەربخەنو پێیان بڵێن: دە ئێوەش وەکو ئەو خەڵکە هۆشمەندە خودا پێداوانە موسوڵمان ببنو ئیمان بێنن، تووڕە دەبنو بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز ﴿قالوا أنؤمن كما آمن السفهاء﴾ دەڵێن: ئێمە چۆن موسوڵمان دەبینو دەچینە ریزی ئەو بێ

عەقڵو نەفامانەوە؟! چۆن ئێمە شتی وا دەکەین؟! ئیتر پەروەردگار لە جیاتی موسوڵمانان وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ﴿ألا إنهم هم السفهاء﴾ ئاگادار بنو بزانن بێگومان هەر ئەوان بێ عەقڵو کورت بینو نەفامن، ﴿ولكن لايعلمون﴾ بەڵام بێ عەقڵو گەوجی‌یەتیەکەیان لەوە دایە کە بە خۆیان نازانن‌و هەست بەگومڕایی خۆیان ناکەن!!

ڕەوشتی دووڕووەکان

وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ ﴿١٤﴾ اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٥﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ ﴿١٦﴾

ڕەوشتێکی ناشیرین تریان هەیە کە لووت بەرزی‌و خۆ بە زل زانین خودپەسەندی‌یە بە سەر ئادەمیزاددا بەگشتی، بۆ ئەوەی پلەو پایەی کرێ کاڵ بۆ خۆیان پەیدا بکەن‌و لەپێش چاوی خەڵکی خۆیان بە هەڵبژێر پێشان بدەن.

بێگومان لەهیچ چاخ‌و سەردەمێکدا وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە -کە کۆتایی چەرخی بیستەمە- دووڕوو خۆبەزل زان پەیدا نەبوون، ئەوەتا دەبینن ملهوڕانی دووڕوو گاڵتە بە موسوڵمانان دەکەن، بەبێ عەقڵو نەفام‌و کۆنەپەرستو بیرتەسک‌و وشک ناویان دەبەن‌و لەهەموو کەس زیاتر بێ ڕێزی‌یان لەگەڵدا دەکەن، لە کۆڕو کۆبونەوە تایبەتیەکاندا بە تانووت لێدان‌و بەخراپە باس کردنی ئەوان کات بەسەردەبەن ﴿وإذا لقوا الذين آمنوا قالوا آمنا﴾ دوو ڕوویەکەیان لەوەدایە: کاتێ دەگەن بە موسوڵمانەکان -لەبەر ناچاری‌و بە درۆ دەڵێن: ئێمە موسوڵمانین‌و هاوبەشی خۆشی‌و ناخۆشیتانین ﴿وإذا خلوا إلى شياطينهم﴾ بەڵام کاتێ

لەگەڕ هەوادارو مامۆستا شەیتان ئاساکانیاندا کۆدەبنەوەو سەردەکەن بە یەکا ﴿قالوا: إنا معکم﴾ دەڵێن: ئێمە بەدڵ لەگەڵ ئێوەینو هەر لەسەر بیروباوەڕی ئێوەینو هەر هەڵویستی ئێوەمان هەیە، کە تێکەڵاویو هاموشۆی موسوڵمانەکان دەکەین، ئەوە بۆ کات بەسەربردنە، بۆیە دەچینە ناویانەوە بۆ ئەوەی ریزەکانیان تێک دەین ، چی نهێنیو پیلانو نەخشەیان هەیە دژی ئێمە لێیان بدزینو پوچەڵی بکەینەوە ﴿إنما نحن مستهزئون﴾ ئیشی ئێمە دەرحەق بەوان هەر گاڵتەکردنە پێیانو هیچیتر !!

بێگومان لەهیچ کاتێکدا وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە کە کۆتایی چەرخی بیستەمە ئەم جۆرە گرۆهانە پەیدانەبوون! چونکە بۆ ئەم مەبەستە لەهەموو شوێنێک دامو دەزگای کوفرو ئیلحادو کۆرو کۆمەڵی ماسۆنیو حیزبو ریکخراوی عیلمانیو خوانەناسیو دەزگای خیانەتکارو جەمعیاتی بێ دینو کۆمەڵو گرۆهی بێویژدانو دژ بە ئیسلامو گومڕاکار دەبینین، زۆر لە رۆڵەکانی موسوڵمانان بە ڕواڵەت خۆیان بە موسوڵمان دەزانن تەسکەرەکەیان لێی نووسراوە موسوڵمانە بەڵام تێکۆشانو هەوڵو تەقەلایان بۆ بەرژەوەندی ئەو دامو دەزگایانەیەو هەمیشە بۆ رووخاندنی ئیسلامو لاوازبوونی بیروباوەڕی موسوڵمانان تێدەکۆشن. بەڵام با دڵنیابین کە خوا گەورەیەو ئاگاداری کاروباریانە هەر ئەویش چاودێری موسوڵمانانەو بەرگریان لێدەکاو تۆڵە لەو زۆڵە موسوڵمانانە دەستێنێ ﴿الله یستهزيء بهم ویمدهم في طغیانهم یعمهون﴾ ئەمە دڵنیاکردنە بۆ موسوڵمانانو هەڕەشە کردنە لەو دووڕووانە. واتە: پەروەردگار بۆ خۆی سزای ئەو گاڵتە کردنەیان دەداتەوە، تۆڵەی ئەم فرتو فێڵەو دووڕوویی‌یەیان لێدەکاتەوە بەڵام جارێ جڵەویان بۆ شل دەکاو نیعمەتو بەخششیان بۆ زیاد دەکا، بۆ ئەوەی زیاتر لە گومڕاییو سەر لێشێواوی خۆیاندا نقووم ببنو بە تەواوی چاوی دڵو چاوی سەریان کوێر ببیو هیچ

شتێک بەڕاستی نەبینن! بەڕاستی ئەمانە چارەڕەشن و دووارۆژێکی سامناک چاوەڕوانیانە ﴿أولئك الذين اشتروا الضلالة بالهدى فما ربحت تجارتهم وما كانوا مهتدين﴾ ئەو دوو ڕووانە لەجیاتی ئەوەی ڕێبازی هەق و ڕاستی هەڵبژێرن ڕێبازی گومڕایی و سەر لێشێوانیان پەسەند کردووە، واتە: بیروباوەڕی حەقیان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایییەک کە کافرییە! جا یەکسانە کەسێک موسوڵمان بووبێ و هەڵگەڕابێتەوە، یان هەر لە سەرەتادا لەجیاتی نووری ئیمان تاریکایی کوفری هەڵبژاردبێ! بێگومان لەم سەودایەدا قازانجیان نەکردووە و کردەوەکەیان شارەزایی و هۆشمەندی تێدا بەکار نەهاتووە.

قەتادە، فەرموویەتی: سوێندم بە خوا لێم ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمانە لەناو نووری ئیمانەوە چوونەتە ناو تاریکایی کوفر و گومڕایی، یەکێتی و برایەتیان گۆڕیوەتەوە بە پەرتەوازە بوون، ئاسایش و کارمەرانییان گۆڕیوەتەوە بە ترس و لەرزو سوننەت بە بیدعەت: دەی ئەوانە چییان دەست دەکەوێ لە کارو بارو کاڵای دونیایی با دەستیان بکەوێ، ئەوان هەر خەسارەتمەندن!!.

ئەمجار دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە دەربارەی چۆنیەتی دووڕووەکان دوای ئەوەی پەروەردگار چەند نموونەیەکی لە گوفتارو هەڵویستیان هێنایەوە، بە جۆرێک پێناسەی کردن کە بتوانین بیان ناسین، دوو سەر گورشتەی پەند ئامێزیان بۆ دیاری دەکاو تیشک دەخاتە سەر هەڵس و کەوتیان بەجۆرێک دەتوانین بە تەواوی چۆنیەتی دووڕوەکان بزانین و شێوەو ڕوخساریان بناسین سەرگورشتەی یەکەم بۆ کۆمەڵێک لەو دوو ڕووانەی کەلەوەپێش موسوڵمان بوون و هەڵگەڕاونەتەوەو بوونە دووڕووی تەواو.

سەرگورشتەی دووەم بۆ ئەو دووڕووانەی کە هێشتا دوودڵن و دڵەڕاوکێیانە.. کۆمەڵی یەکەم گومڕابوون و تازە هیوای گەڕانەوەیان بۆ

ژێر رۆشنایی نوری ئیمان بڕاوە، بەڵام کۆمەڵی دووەم هێشتا هیوابڕاو نەبوون.

هەندێ راڤەکەرانی قورئان (مفسرين) پێیان وایە هەردوو سەرگورشتەکە بۆ یەک کۆمەڵی دووڕوون، بەڵام هەڵەیە.

چەند نموونەیەکی دووڕووەکان

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ
بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا
يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ
أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ ۚ وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ
بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ يَكَادُ ٱلْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَٰرَهُمْ ۖ كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوْا۟
فِيهِ وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا۟ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾

﴿مثلهم كمثل الذي استوقد نارا فلما أضاءت ما حوله﴾ حاڵو سەرگورشتەی ئەم دووڕووانە لەوەدا کە لەجیاتی نووری ئیمان گومڕاییان کڕیوە، لەدوای راست بینیو حەق زانینیشیان خۆیان کوێرکردووە، وەکو سەرگورشتەی کەسێک وایە کە لە شەوە زەنگێکی تاریکدا ئاگرێک بکاتەوە جا کە ئاگرەکە بڵێسەی بەرز دەبێتەوەو رووناکایی دەدا بە دەوروبەرو لە هەر چوار لای خۆی شت دەبینێ لەنکاوێک ئاگرەکە بکوژێتەوەو کابرا بکەوێتە ناو شەوەزەنگەوەو هیچ شتێک لەم لاو لەولای خۆی نەبینێو بەهیچ لایەکدا نەتوانێ هەنگاو بنێ، لەگەڵ ئەوەشا کەڕ بێو هیچ نەبیسێ لاڵ بێو قسەی بۆ نەکرێ. کوێرو کوتر بێ بە جۆرێک کە

رووناکیش هەبێ هیچ نەبینێ لەبەر ئەوە ناتوانێ بگەڕێتەوە سەر حالّی پێشووی. حالّی دووڕووەکانیش بەو جۆرەیە چونکە ئەوانیش لەباتی هیدایەتو نووری ئیمان گومڕاییو سەرلێشێواویان هەلّبژاردو ڕێلێتێکچوونیان لەلا باشتر بووە لە شارەزاییو چوونە سەر ڕێگای هەقو ڕاستی!!

لەم لێکچواندنەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئەم جۆرە دووڕووانە لەسەرەتادا بڕوادارو موسولّمان بوونو دوایی گومڕاو کافربوون. ئیمامی رازی دەفەرموێ! تەشبیهو لێکچواندنەکەلەوپەڕی ڕاستیو دروستیدایە چونکە ئەوانە بە موسولّمان بوونیان لەسەرەتادا نوورو رووناکایی ئیمانیان بەدەست هێناوە، دوایی بە مونافیق بوونو پاشگەزبوونەوەیان کەوتوونەتە ناو سەرلێشێواویەکی گەورەوە، ئاشکراشە هیچ سەر لێشێواوییەک لە سەرلێشێواوی لەدیندا سامناکتر نیە.

بەلّێ ﴿ذهب الله بنورهم﴾ پەروەردگار ئەو نووری ئیمانەی کە بەهۆیەوە هەموو شتێک وەکو خۆی دەبیندرێ لێی کوژاندنەوەو ﴿وتركهم في ظلمات﴾ لە قوڕو لیتەی گومانو کوفرو دووڕوویی‌دا دەیان هێلّێتەوە ﴿لايبصرون﴾ شارەزای ڕێگای ڕاستو حەق نابن، ڕێبازی خێرو چاکە نادۆزنەوە لەگەلّ ئەوەشدا ﴿صم﴾ کەڕو کوندنو قسەی خێرو بەسوود نابیستن ﴿بكم﴾ لالە پەتەنو قسەی چاکو سوودبەخشیان بۆ ناکرێ ﴿عمي﴾ کوێرو کوترن حەقو ڕاستی نابیستن چاوی دلّیشیان هەر کوێرەو لەگومڕایی‌دان ﴿فهم لايرجعون﴾ لەبەر ئەوە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەو حالّو چۆنیەتەی کە لەوەپێش لەسەری بوونو ئەو حالّەی کە هەیان بوو پێش ئەوەی هیدایەتو نووری ئیمان بفرۆشن بەگومڕاییو سەرلێشێواوی تازە ناتوانن بگەڕێنەوە سەری.

خوێنەری هێژا ئەم سەرگورشتەو چۆنیەتە ئاوێنەیەکی بالاّ نومایە بۆ زوربەی زۆری ڕۆلە موسولّمانەکانی سەردەمان، ئەوەتا ئەو ڕۆلاّنەمان

دوای ئەوەی کە رۆژگارێکی دوورو درێژیان لە خوداپەرستیدا بەسەر بردووە سەرلێشێواوو گاڵتە بە رابوردووی خۆیان دەکەن، رۆژانە تاوان لەسەر تاوان ئەنجام دەدەن، پەندەکەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر مرۆڤێک شتەکانو رووداوەکان بە دوربینی ئیسلام نەبینێو لە روانگەی ئایینەوە سەیری نەکا دوو رووە، چونکە شتەکان بە نووری خودا نابینێ، حەقائقو چۆنیەتی شتەکانی وەکو پێویست بۆ روون نابێتەوە. ئەمە سەرگورشتەو پەندی یەکەم بوو ئەمجار دوای ئەوە هاتە سەرباسی سەرگورشتەی (مەثەلی)ی دووەم دەفەرموێ: ﴿أو كصيب من السماء فيه ظلمات ورعد وبرق يجعلون أصابعهم في آذانهم من الصواعق حذر الموت وا لله محيط بالكافرين، يكاد البرق يخطف أبصارهم كلما أضاء لهم مشوا فيه وإذا أظلم عليهم قاموا ولو شاء الله لذهب بسمعهم وأبصارهم إن ا لله على كل شيء قدير﴾ .

لەم ئایەتانەدا حاڵو چۆنیەتی جۆری دووەمی دووڕوو ناپاکان دەخاتە ڕوو دەفەرموێ: حاڵو چۆنیەتیەکەیان وەکو کەسانێک وایە کە لەدەشتێکی کاکی بەکاکیدا لە شەوە زەنگێکی ئەنگوستەچاودا بارانێک لێیان دابکا بەهۆی پڕی هەورەکەو زۆری بارانەکەوە ئەوەندەی تر تاریکاییەکە زۆرتر بێ، ئەمجا ناڵەو گرمە گرمی هەورو شریخو بەرقو بریقو چەخماخەی هەورەکان ئەوەندەیتر جەوەکە سامناک بکەنو بکەونە ناو ترسو بیمێکی زۆرەوە هیچی کەیان دەسەڵات نەمێنێ جگە لەوە کە قامکیان بخەنە ناو گوێچکەیانەوەو لە ترسی مردن دوو گوێیان بهاخنن! بەڵام کوا ئەوە چاریان دەکا؟ چۆن لەدەست دەسەڵاتی خودا رزگاریان دەبێ؟ خودا لەهەموو لایەکەوە دەورەی داوون، نزیکە بریسکەی چەخماخەی هەورەکە چاویان بەرێ، هەرکاتێ چەخماخەکە دەوروبەری بۆ رووناک کردنەوە هەنگاو هەڵدێنن کە رووناکاییەکە کۆتایی دێ رادەوەستنو نازانن بۆ کوێ برۆن، چاوەڕێی تروسکەیەکی ترن!! خۆ ئەگەر

خـودا بیویسـتایە هــێزی بینسـتنی گوێچکـەیانو نــووری دیتنیــانی لیٚ دەستاندنەوە کەڕو کوێر دەبوونو بەڵام خودا ئەوەیان لەگەڵ ناکا بۆ ئەوەی زیاتر لەوترسو بیمەدا بمێننەوە بێگومان خودا بەسـەر هـەموو شتێکدا بەتواناو بە دەستەڵاتە چی بویٚو چۆنی بویٚ ئاوا ئەنجامی دەدا!!

لەم سەر گورشتەدا تەشبیهی ئایینی ئیسلام کراوە بە باران لەوەدا کە چۆن باران زەوی زیندوو دەکاتەوە ئایینیش دڵ ودەروون زیندوودەکاتــەوە.. شکو گومانی نـاو دڵـی ئـەم ناپاکانـەش تەشبیهـ کـراوە بـە تاریکـایی، هەرەشەو ترساندنی ئایینیش شوبهێندراوە بــە شریخو هـوڕی هـەور، ئـەو تروسکایی‌یە ئیمانەی کە لەدڵیان دایە بە رووناکایی بریسکەی هەور، ئـەو ترسو دڵـە خورپەی کــە تووشـیان دەبـیٚ، تەشبیهـ کـراوە بـە چەخماخـەو کاریگەری هەورە بریسکەکە.

فەرمان بە یەکتاپەرستیو هۆکارە داخوازیەکانی

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار لەسـەرەتای سوورەتەکەدا کۆمەڵـە بەرپرسیارەکانی بـاس کـردن -موسـوڵمانانو کـافرو دوڕووو- یەکـە یەکـە رەوشتو هەڵسو کەوتو چۆنیـەتی روون کردنـەوە جارێکی‌تر بانگـەوازی خۆی ئاراستەی کۆمەڵی ئـادەمیزاد بەگشـتی کـردەوە بەچـەند ئایـەتێک بـانگی کردنـەوە بـۆ پەرسـتنو بەیـەک ناسـینی خـودا، بەڵگـەی راسـتو دروستی بۆ هێنانەوە، لـە چۆنیـەتی بـەڕێوەبردنو دروستکردنی بوونـەوەر چـەند بەڵگەیـەکی بـەرچاوی هێنانـەوە، مژدەیدا بەوانــەی کــە بــەپیر

بانگەوازەکەیەوە دینو ئەو خۆشیو خۆشبەختی‌یەی کە بۆی ئامادەکردوون بۆی روونکردنەوە ئەمجار هۆی سەرەکی گومڕابوونی گومڕایانو کافرو دووڕووەکانی دیاری کردو بەڵگەی لەسەر هێنانەوەو فەرمووی :

﴿یاأیها الناس اعبدوا ربکم الذي خلقکم والذین من قبلکم لعلکم تتقون﴾ ، ئەی گرۆهی ئادەمیزاد! خواپەرستی خودای خۆتان بکەن، یەکتاپەرستی ئەو بکەن، مافی خودایەتی بدەنێو بە تەواوی گەردن کەچی ئەو ببن، ئەو خودایەی ئێوەو گرۆهانی ئادەمیزادی پێش ئێوەی لە نەبوونەوە هێناوەتە روانگەی بوونەوە! بەو شێوەو روخسارە ئەندامو هۆکاری ژیانی بۆ رەخساندون بۆ ئەوەی ئێوەش لە پاداشتی ئەوەدا تەقوای بکەنو بیپەرستنو خۆتان لە سزای بەئێشی سەرپێچی‌کردنی بپارێزن، چونکە ئەوشیاوی پەرستشو بەندایەتی بۆ کردنە، بەدیهێنەری خۆتانو باوکو باپیرانتانە ﴿الذي جعل لکم الأرض فراشا﴾ خودایەکی وەهایە زەوی بۆ ئێوە کردوە بە جێگای دانیشتنو نووستنو حەسانەوە، بە رواڵەت ئەم زەوی‌یەی بۆ ئێوە وەکۆ فەرش راخستووە ﴿والسماء بناء﴾ لە ژوورتانەوە ئاسمانی کردووە بە سەرقاپەیەکی گەورەو هەڵاشێکی پانو پۆڕ، یان ئاسمانی کردووە بە کۆشکو باڵەخانەیەکی گەورە، واتە: وەکو چۆن کۆشکێ پێکێ دەهێندرێ لەچەند کەرەسەیەکی جیاجیاو بەهۆی چەند شتێکەوە بەیەکەوە دەبەسترێن ئاواش ئاسمان پێکێ هێنراوە لەمانگو رۆژو ئەستێرەکانی تر.. جا هەرچەندە ئەو ئەستێرانە لێکێ دوورن، بەڵام بەهۆی هێزی کێشندەیەکی تایبەتی بەیەکەوە بەستراون، هیچیان لەتەوەرەی خۆیان لانادەن ﴿وأنزل من السماء ماء﴾ لەهەورەوە بارانی باراندوەو دەیبارێنێ ﴿فأخرج به من الثمرات رزقا لکم﴾ بەهۆی ئەو بارانەوە لە زەوی بەروبوومو میوەی بۆ ئێوە دەرهێناوەو کردوویەتی بە بژێوی ئێوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کەئێوە ئەو پەروەردگارە بناسنو بیپەرستنو بە تاقە خودای بزانن! کەوابێ ﴿فلا تجعلوا لله أندادا﴾ ئێوە

هیچ هاوەڵو هاوبەشێک بۆ ئەو زاتە بێچوونــە دیـاری مەکـەنو کـەس بـە هاوشانی ئەو مەزانن ﴿وأنتم تعلمون﴾ ئێوە بۆ خۆتـان ئـەوە دەزانـن کـە ئەو کەسەی دەیکەن بە هاوەڵی خودا نەهیچی پێ دروسـت دەکـرێ وە نـە دەتوانێ رزقو رۆزیی بەکەس بدا.

تەحەددا کردن لە بێبڕوایان کە بتوانن نموونەی کورت ترین سوورەتی قورئان بخەنەڕوو

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا
شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن
تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ
﴿٢٤﴾

ئەمجار دوای ئەوەی زاتــی خـۆی پێناسـاندن لـە روانگـەی دیـاردەی دروستکردنو چاودێری کردنەوە بـەجۆرێک کـە تـاکو تـەنیایی خودایـەتی خۆی چەسپاندو هاوبەش دانانی بۆ خودا پوچەڵ کردەوە بەندایـەتی کـردنو پەرستشی بۆ خودا جەخت کردەوە، ئـەمجار هاتـە سـەر بەڵگەهێنانـەوەو بانگەوازی کردن بۆ چەسپاندنی راستیو دروسـتی پەیامەکـەی پێغەمبـەرو ئەو بەڵگانەی کە سەر ئاسایی قورئان دەسەلمێنن، بەجۆرێک کە پێوسـتە بیکەین بە چرای رێگای ژیانمانو پەیڕەوی فەرمانەکانی بکەین، بۆ ئەوەی رەوشتی تەقواکاری بەدەست بێنین، دەفەرموێ: ﴿وإن كنتـم في ريـب مما نزلنا على عبدنا فأتوا بسورة من مثله﴾ ئەگەر ئێوە لە شکو گوماندان لە بارەی ئـەو قورئانـەوە کـە بـەپێی پێویسـت وەجبـە وەجبـە ناردومانەتـە خـوارێ بـۆ سـەر بـەندەی بـەڕێزمان (محمـد)و پێتـان وایـە کتێبێکـی ئاسایییەو سەرئاسا نیە، دە ئێوە بتوانن بەئەندازەی سوڕەتێکی وەکو ئەو بێنـن تەنانـەت ئەگـەر کـورت تریـن سـوورەتیش بـێ!! ئـەوەتا ئێمـە ئـەم

قورئانەمان هەر لەو پیتانە پێکـ هێناوە کە ئێوە ئاخاوتنی پێ دەکەن، دە ئێوەش بتوانن لەو پیتانە کورتە سوورەتێکی وەکو هی ئەم قورئانە بخەنە روو، ﴿وادعوا شهداءكم من دون الله﴾ بانگی هەوادارانی خۆشتان بکەن ئامادەبن شایەتیتان بۆ بدەن بێگومان پەروەردگار شایەدی بۆ بەندەی خۆشەویستی خۆی داوەو جەختی لەسەر راستی بانگەوازیەکەی کردووە ﴿إن كنتم صادقين﴾ ئەگەر راست دەکەنو خاوەنی قسەی خۆتانن..

بەڵێ ئەم تەحەدایە بە سەرینی پێغەمبەرو دوای لە دونیا دەرچونیشی تا ئێستاشو بەڵکو هەتا هەتایە بەردەوامەو بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر راستیو حەق ئاسای قورئان !! هەتا ئێستا ئەم پەڕاوە بە ئاشکرا جیاوازی لەگەڵ ئاخاوتنی ئادەمیزاددا هەیەو هەرواش دەمێنێتەوە!! چونکە لە توانای ئادەمیزادا نەبوە نووسراوێکی ئاوا بخاتە ڕوو!! لە تواناشیدا نابێ، ئەی ئەوە نیە پەروەردگار بە راشکاوی دەفەرموێ!

﴿فإن لم تفعلوا ولن تفعلوا﴾ جا ئەگەر نەتانتوانیو ناشتوانن کە بەئەندازەی کورتە سوورەتێکیشی بخەنە ڕوو ﴿فاتقوا النار التي وقودها الناس والحجارة أعدت للكافرين﴾ خۆ بپارێزن لەو ئاگرەی کە سوتەمەنییەکەی ئادەمیزادو بەردی گۆگردە کە زوو دادەگیرسێو درەنگ خامۆش دەبێو بۆگەنی ناخۆشیشی لێدێو وەکو موغناتیسیش بەجەستەوە دەنوسێو لە هەموو روویەکەوە زیدە ئێشو ئازار دەگەیەنێو ئامادەکراوە بۆ خوانەناسانو گومڕایان!

لەم ئایەتەوە وەردەگیرێ کە بەهەشتو دۆزەخ ئێستا هەنو دروست کراونو ئامادەن.. گەرچی بڕێ لە زاناکان دەفەرموون: هێشتا دروست نەکراون.

بەڵێ ئەم تەحەددایەی قورئان بۆ عەرەبەکانی ئەو سەردەمەو بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی لەو کاتەوەو تا ئێستاو لەمەو دواش هەتا هەتایە شتێکی سەر سوڕهێنەرەو دڵنیابوونیش لەوە کە کەس ناتوانێ بەرامبەری بکا سەرسوڕهێنەرترە! خۆ ئەگەر عەرەبەکان لە توانایاندا ببوایە ئەو تەحەدایە بە درۆ بخەنەوە هەرگیز بێدەنگ نەدەبونو ساتەوەختێکیش ئەم سەرشۆڕییەیان قبووڵ نەدەکرد! کەوابوو چەسپاندنی قورئان بەوە کەدەفەرموێ: ﴿لن تفعلوا﴾ ناتوان نموونەی سوورەتێکی ئەم قورئانە بێنن!! رۆژگاریش چەسپاندی کە ناتوانن! ئا ئەمە بۆ خۆی گەورەترین موعجیزەی قورئانەو بەهێزترین بەڵگەیە کە قورئان ئاخاوتنی پەروەردگارەو شاکاری دەستی قودرەتەو لە توانای ئادەمیزاد بەدەرە[1].

پاداشتی خاوەن باوەڕانی کردار باش

وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥﴾

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار لەو ئایەتانەی پێشوودا رێبازی خوداپەرستی روون کردەوەو بەڵگەی لەسەر پێویستی ئەو خودا پەرستییە هێنایەوەو ئەوەشی چەسپاند کە ئەم قورئانە کەلامی پەروەردگارەو شاکاری زاتی بێچونەو دیاری خۆیەتی بۆ مرۆڤایەتی، هەڕەشەی ترسناکیشی لە خوانەناسان کردو ترساندنی لە ئاگری دۆزەخ، وەک ئەوە ، بڵێی ئادەمیزاد هیچ بیانوێکی بۆ نەمایەوە کە بڕوانەکاو ئیمان نەهێنێو

[1] هەرکەسێ دەیەوێ زیاتر لەم بارەوە قووڵ ببێتەوە با سەیری پوختەی ئایینی ئیسلام بەرگی یەکەم بکا لە باسی قورئان داوای بەرامبەری دەکا..هتد.

کـردەوەی بـاش ئـەنجام نـەدا، بۆیـە پـەروەردگار رووی خیطـاب دەکاتـە پێغەمبـەرو ﷺ فـەرمانی پـێ دەکـا کـە مزگێنـی بـدا بـە بـڕواداران‌و کردارچاکـان‌و دەفـەرموێ: ﴿وبشـر الذیـن آمنـوا﴾ مزگێنـی بـدە بـەو کەسانەی بڕوایان بە شتە پەنامەکیەکان (غەیبی‌یەکان) هەیە، بڕوایان بەو قورئانە هێنـاوە کـە بـۆ (محمـد) نێردراوەتـە خـوارێ‌و هـەروا ئـەو نامـە ئاسمانی‌یانەی کە لەوەپێش بۆ پێغەمبەرەکانی تـر نـێردراون‌و بڕوایـان بـە رۆژی دوایی هەیە، ﴿وعملوا الصالحات﴾ وێڕای ئـەوەش کـردەوەی چـاک ئـەنجام دەدەن لـە نوێژکـردن‌و مـاڵ بەخشـین سسـتی ناکـەن‌و بـەگوێرەی قورئان‌و حەدیث ئەرکەکانی خۆیان جێ‌بەجێ دەکەن..

عەطفـو بەسەر داهاتنەوەی کـردەوەی چـاک بـۆ سـەر ئیمـان هێنـان بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئیمان‌و کردەوەی چاک دوو شتن‌و لێک جیاوازن.. مزگێنی‌یـان بـدەرێ کـە ﴿أن لهـم جنـات﴾ هەیـە بـۆ ئـەوان چـەن بـاخ‌و باخاتێک کە لق‌و پۆپی دارەکانیان تێک چڕژاوە ﴿تجري من تحتها الأنهار﴾ بەژێردارستانی پڕی ناویاندا جۆگەوو جۆباری زۆر دەکشێن.

ئیمامی مەسروق دەفەرموێ: چۆمـەکانی بەهەشـت دەکشـێن بـە بـێ ئەوەی بەرزی‌و نزمی دروست بکەن!! جوانترین‌و رازاوەترین باخ‌و باخـاتیش ئەوەیە دارەکانی گەڵادارو لق‌و پۆپ دار بن‌و سێبەر بکەن‌و بەژێریاندا چۆم بکشێن.. ئاوی رەوان نیعمـەتێکی گـەورەو لـەززەتێکی کـەم وێنەیـە دارو سەوزایی هەرچەندە جوان‌و سەرنج راکێش بـن بـەڵام ئەگـەر جۆگـا ئاویـان بەژێردا نەڕۆن چاو رۆشن‌و دڵ فێنک ناکەنەوەو ئارامی بە گیـان ناگەیـەنن، بۆیە پەروەردگار لەتەک باخ‌و باخاتدا باسی چۆم‌و جۆگاش دەکا!

بۆیە پێش هـەموو خۆشـی‌و جوانـی‌و رازاوەیی‌یـەکی بەهەشـت باسـی رەوان بوونی رووبارەکانی دەکا ﴿کلمـا رزقـوا من ثمرة رزقا قالوا هذا الذي رزقنا من قبل وأتوا به متشـابها﴾ هـەرکاتێک‌و چـەندێکیان بدرێتـێ لەو میوە خۆشانە دەڵێن: ئەمە ئەوە بوو پێـش تۆزێـک پێمـاندراو لێمـان

خوارد، یان ئەم میوانـە هـەر ئـەو میوەجاتـەی دونیایـە، ئـاوا بـەو جـۆرە میوەهاتیـان بـۆ دینـن لـە وینـەی یـەکتری بـەڵام تـاو بۆنیـان عاسمـانو ریسمانە.

بە کورتی ئەم باخانەی بەهەشت میوەیان هەیـە، جـۆری میوەکانیـان لەو میوانەی دونیایە، بەڵام تا خوا حەز دەکا بۆنو بەرامیان لە هی دونیا خۆشترە، بۆیە میوەکانی لە جۆری میوەی دونیانو جۆری تـر نـین چونکـە ئادەمیزاد هەموو کات حەزی لەو شتەیە کە خووی پێوە گرتووە جا ئەگەر زیدە خۆشیەکی تێدا بینی زیاتر حـەزی لێدەکـاو لـەززەتی لێ دەچێـژێو هۆگری دەبێ ﴿ولهم فيها أزواج مطهرة﴾ زیاد لەو نازو نیعمەتانەش ژنـی پـاکو تـەمێزی بێعـەیبو خەوشیان هەیـە لـەناو بەهەشـتاو لەگـەڵیان رادەبوێـرن ﴿وهـم فيهـا خـالدون﴾ ئـەو خـودا پێداوانـە بـە خۆیـانو هاوسەرەکانیانەوە لە بەهەشتدا لە ژیانی هەتا هەتاییدانو هـەرگیز ئـەم خۆشیو خۆش رابواردنەیان کۆتایی پێنایەو نابڕێتەوە...

خوێنەری هێژا ! لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی بەهەشتو خۆشیەکەیو دۆزەخو ناخۆشیـەکەی دەکـرێ ئێمـەی موسـوڵمان دەبـێ باوەڕمـان پێیـان هەبێ کە هەنو ئامادەکراون بەڵام لە کوێنو چۆنن؟ ئـەوە خـودا بـۆ خـۆی دەزانێو بەس!

سوودی پەند هێنانەوە لە قورئاندا بۆ ئادەمیزاد

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾

لە سەرەتای سوورەتەکەوە فەرموی: ﴿**ذلك الكتاب لاريب فيه**﴾ ئەم قورئانە بەرزو بێوێنەیە لە خوداوە هاتووەو هیچ شکو گومانی تێدا نی‌یە، ئەمجار دەفەرموێ: ﴿**وان كنتم في ريب مما نزلنا على عبدنا فأتوا بسورة من مثله**﴾ ئیتر گومڕایان دەستە وەستان بوون هیچیان بۆ نەمایەوە جگە لە رەخنە گرتنی بێ‌جێ نەبێ ، رەخنەیان لە پەند (امثال)ەکانی قورئان دەگرتو دەیانگوت: خودا چۆن شەرم ناکا لە قورئاندا باسی جاڵجاڵۆکەو مێشوولە دەکاو دەیانخاتە ناو پەندەکانەوە؟ ئەم شتە پڕو پووچانە چین باسیان دەکا؟ دەیانگوت: خودا زۆر لەوە گەورەترە کە پەند بەو جۆرە شتانە بهێنێتەوە ئەمانە شیاوی ئاخاوتنی رەوانبێژی نین: جا بۆ رەتکردنەوەیان فەرمووی: ﴿**إن الله لايستحي أن يضرب مثلا مابعوضة فما فوقها**﴾ خودا شەرم ناکاو بەلایەوە نەنگی نی‌یە کە نموونەو پەند بە مێشوولەو بچوکتر لە مێشوولە بهێنێتەوە، چونکە هەموو شتێک لەم بونەوەرەدا دروستکراوی خۆیەتی بۆ خوا چ فیلێ دروست بکا، وە چ مێشوولەیێ دروست بکا چون یەکە، هیچیان لە هیچیان گرانتر نی‌یە، ئەو کارسازیو موعجیزەیەی لە دروستکردنی فیل‌دا هەیە لە دروست کردنی مێشو مێشوولەش‌دا هەیە.. ئەمجار مەبەست لەم پەند هێنانەوەیە تێگەیاندنی مەردومەو نزیک خستنەوەی مانای شتەکانە لە زەینیان، روون کردنەوەی شتی نادیارە لە چوارچێوەی شتی بینراودا ﴿**فأما الذين آمنوا فيعلمون أنه الحق من ربهم**﴾ ئەوانەی بڕوادارنو خوداپەرستن ئەم پەند هێنانەوەیەیان بەلاوە راستو حەقە، بڕوایان قایم دەبێو دەزانن کە ئەم پەند هێنانەوەیە لە لایەن پەروەردگاریانەوەیەو ئەویش قەت کارو گوفتاری نابەجێ ناکا ﴿**وأما الذين كفروا فيقولون ماذا أراد الله بهذا مثلا**﴾ بەڵام ئەوانەی کافرو خوانەناسن دەڵێن ئەوە خوا چ مەبەستێکی لەم پەند هێنانەوە هەیە؟ کەی ئەم شتانە شایستەی باسکردنن؟ ئەمجارخودا وەڵامیان دەداتەوەو بەشێوەی هەڕەشە پێیان دەفەرموێ:

﴿يضل به كثيرا﴾ بەلاّم پەند هێنانەوە زۆرکەس گومـڕا دەکـاتو سـەریان لێ تێک دەدا ﴿ويهدي به كثيرا﴾ زۆر کەسـی تریشی پـێ دەخاتـە سـەر ڕێبازی راستو خواپەرستی، واتـە: خـودا زۆرجـار بـەندەکانی خـۆی تـاقی دەکاتەوە بە خۆشیو ناخۆشی، جا ئادەمیزادی وا هەیە کـە خـودا تووشـی خۆشیەکی دەکا لە خۆی ناگۆڕێو زیاتریش ستایشو سوپاس گوزاری خـودا دەکات، ئەرکی سەرشانی خـۆی بەرانبـەر بـە خـوداو بـەندەکانی بـەڕێکو پێکی ئەنجام دەدا، ئی واش هەیە خۆی لە خۆی دەگـۆڕێو یـاخی دەبـێو هەرکە تۆزێک باری ئابوری، یان تەندورستی بەرەو پێش چوو، ئیتر شا بـە سـەپانی خـۆی نـازانیو لـەخودا هەڵدەگەڕێتـەوە، یـان بـە پێچەوانـەوە ئادەمیزادی وا هەیە کە تووشی بەڵاو موسیبەتێک دێ خۆڕاگرو بە سەبرو تەحەمول دەبـێ ناشـکوری ناکـا پـێی وایـە ئـەوە تاقیکردنەوەیـەو پلـەی بەهەشتی پێ زیاد دەکا، هی واش هەیە کـە تووشـی ناخۆشـیەک دەبـێ ئیتر دونیای لەبەر چاو تاریک دەبێو دەسـت دەکـا بـە ناشـکوری کـردنو دادو فیغان، هەر بەو جۆرەش ئەو پەندانە دەبنە هۆی تاقیکردنەوە، ئـەوی موسوڵمانو خواناس بێ، زیاتر دڵنیا دەبێ، ئەوانەی گومـڕاو بێبـاوەڕیش بن ئەوەندەی تر گومڕا دەبـن ﴿وما يضل به إلا الفاسقين﴾ هـەر کـافرو خوانەناس بەم پەندانە گومڕاو سەر لێشێواو دەبن!

وشـەی فاسـق لـە زاراوەی شـەرعدا بەکەسـێک دەگوتـرێ تـاوانێکی گەورەی کردبێ یان بەردەوام بێ لەسەر گوناهی بچوک بـەلاّم لـە قورئـاندا ئەگەر لە زنجیرەی کافرو دووڕوودا هات ئەوە مەبەست کافرە، ئەگـەر لـە ناوەندی باسکردنی موسوڵماناندا باسی هات ئەوە مەبەست دووڕووەکانە، بۆ موسوڵمان خەتاباریش بەکار دەهێنرێ چونکە زۆرجار ئەو هەڕەشـانەی کە ئاراستەی کـافرو دووڕووەکـان دەکـرێ ئـەو موسـوڵمانە تاوانبارانـەش دەگرێتەوە کە هاوکاری کافرو خوا نەناسەکان دەکەن.

ئەمجار پەروەردگار رەوشتی ئەو چارە رەشانە کە شایەنی گومڕابوونن بەم فەرمودەیە روون کردەوە کە دەفەرموێ: ﴿**الذین ینقضون عهد الله من بعد میثاقه**﴾ ئەوانەی کە لەگەڵ خودا پەیمان دەبەستن‌و بە سوێن‌و بەڵێنیش قایمتری دەکەن، کەچی دەچن لە دواییدا هەڵی دەوەشێننەوە، دوای ئەوەی کە جەختیان لەسەر کردووەو خۆیان پابەندی بوون، پەیمانی خودا لەگەڵ ئادەمیزاد لەچەند نموونەیەک خۆی دەنوێنێ:

یەکەم : ئەو پەیمانە سروشتی‌یەی کە لە ناخی هەموو ئینسانێکدا هەیە.

دووەم : ئەو پەیمانەی کە خودا لە ئادەمی وەرگرت دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی زەوی کە دەفەرموێ: ﴿**فإما یاتینکم منی هدی فمن تبع هدای فلا خوف علیهم ولا هم یحزنون**﴾

سێیەم : ئەو پەیمانانەی کە پێغەمبەران لە گەلەکانیان وەرگرتووە کە بەندایەتی خودا بکەن‌و بەرنامەکەی خودا بکەنە یاسای کارپێکراوی خۆیان لە ژیاندا ...هتد) .

ئاشکراشە کەسێک پەیمانی بەستراوو مەحکەم کراو هەڵوەشێنێتەوە هەموو پەیمانێک هەڵ دەوەشێنێتەوە، کەسێک پەیمانی خودا پێشێل بکا ریزی هیچ پەیمانێکی تر ناگرێ ﴿**ویقطعون ما أمر الله به أن یوصل**﴾ ئەو پەیوەندیانە دەپچڕێنن کە خودا فەرمانی کردووە بە قایم کردنیان: وەکو پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی پەیوەندی نێوان موسوڵمانان، پەیوەندی لەگەڵ پێغەمبەراندا جا هەرکاتێ ئەو پەیوەندییەی کە خودا فەرمانی کردوە کە پتەو بکرێ بیپچڕێنن ئیتر هەموو پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌و ئایینی دەپچڕێنن‌و پشێوی لەسەر زەوی بەرپا دەبێ‌و ئاشوب دونیا دادەگرێ ﴿**ویفسدون فی الأرض**﴾ ئاشووبو پشێوی لەسەر زەوی بەرپا دەکەن بە دیارترین دیاردەی بێ دینی، بۆ ئەنجامدانی تاوان داوێن پیسی‌و ژیوانکردنەوەی ئادەمیزادەکانە لە بیرو باوەڕی خوداپەرستی

﴿أولئك هم الخاسرون﴾ بەڕاستی ئەو چارەڕەشانە زیـان مـەندن، چونکـە لەجیاتی پابەند بوون بە پەیمانەکانـەوە هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانـەکانیان کـردوە، لـە جیـاتی بەسـەرکردنەوەی خزم‌و پـەیوەندیکردنی خزمایــەتی، خزمایەتی تێکدەدەن‌و لەجیاتی نێوان ڕێک خستن ئاشووب دەگێڕن، لــە باتی پاداشتی باش سزای کوشندەیان بەدەست هێناوە.

دیاردەکانی دەسەڵاتی خودا لە دروستکردنی ئادەمیزادو بەدیهێنانی زەوی‌و ئاسماندا

كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾

دوای ئـەوەی پـەروەردگار باسـی ڕەوشـتی دووڕووەکـانی کـردو هەڵوێستی کافرەکـانی بەرامبـەر قورئـان دیـاریکرد، ئـەمجار لــەم دوو ئایەتـەدا خیطـاب ئاراسـتەی کافرەکـان دەکـاو سەرزەنشـتی هەڵوێسـتو ڕەوشتیان دەکا، دیاردەی خودایەتی خۆی دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿کیف تکفرون با لله وکنتم أمواتا فأحیاکم﴾ ئێوە چۆن بڕوا بە خودا نـاهێنن‌و بـەکافری دەمێننـەوە؟! لـە کاتێکـا ئێـوە لەسـەرەتادا گشـت پارچەیەکی جەستەتان لەناو گڵ‌و ئاوو توخم‌و عونسورەکانی تری بونەوەردا بووە هیچ بونێکتان نەبوەو گیانتان نـەبوە، خـودا لـە نـەبووەوە هێناونیـە گۆڕەپانی ژیانەوە! مەبەستی ئەو کاتەیە کە مرۆڤ گڵە، چونکـە تـۆم لـە خواردەمـەنی‌یەوە دروست دەبێ، خواردەمـەنیش لـەئاوو گـڵ پـەیدا دەبـێ! ژیانی کەم بریتییە لەو ژیانەی کە لەناو ڕەحمی دایکەوە دەسـت پێدەکـا، تا ڕۆژی مردن ﴿ثم یمیتکم﴾ دوایی کە ئەجەلتان هات دەتان مرێنێ ﴿ثـم

يحييكم﴾ ئەمجا رۆژی قیامەت زیندووتـان دەكاتـەوە، بـۆ لیكۆڵینـەوەو حەقو حیساب **﴿ثم إليه ترجعون﴾** ئەمجار راپێـچ دەكرێـن بـۆ سـزا، یـان مانای **﴿ثم يحييكم ثم إليه ترجعون﴾** بەم جۆرەیە: ئەمجار لە پاش مـردن لە گۆڕا زیندوتان دەكاتەوە، دوایی بۆ حیسابو لێكۆڵینەوەو سزادان، بـۆ لای خودا دەگەڕێنەوە: واتــە: بەڕاستی زۆر سـەیرە لەگـەڵ هـەبوونی ئـەم رووداوو چۆنیەتی‌یەدا كە هەموویان دەبوایە ببنە هۆكاری شوكرو سـوپاس گوزاریو خوداپەرستن نەك ببنە هۆی كوفرو پشـت هـەڵكردنو بێئاگـایی لەخوداو حاڵو چۆنیەتی دروستبوونو پاشەڕۆژی خۆتان! **﴿هـو الـذي خلق لكم ما في الأرض جميعا﴾** پەروەردگار خودایەكی وایە چی لەزەویدا هەیـە بە بەرو بوومو ئاوو هەواو ئاژەڵو پەلەوەرو گەنجو جەواهێراتیەوە هەمووی بۆ بەرژەوەندی ئێوەی ئـادەمیزاد دروسـت كـردوە بـۆ ئـەوەی سوودی لێ ببینـنو بۆ بەرژەوەندی خۆتان بـەكاریان بهێنـنو شـوكرو سوپاسـی خـودای لەسەر بكەن!! ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە هـەموو شـتێكی سـەر زەوی كە بشێ سـوودی لێ ببینـدرێ لـە بناغـەدا شـیاوو حەڵاڵـە مەگـەر بەڵگەیەكی بڕوا پێكراو نـەیی لێ بكـاو.. بۆیـە زانایـانی ئوسـوڵی فیقهـ قاعیدەیەكیان داناوە دەڵێن: (الأصل في الأشياء الإباحة مالم يأت دليل بخلافه) لـە بنـەڕەتدا هـەموو شـتێ دروسـتە، مەگـەر بەڵگـەیێ هـەبێ لەسـەر پێچەوانەكەی **﴿ثم استوى إلى السماء فسـواهن سـبع سموات﴾** ئـەمجار ویستی قەبارە بەرزاییەكان، دروست بكا ئیتر رێكو پێكی كردنو كردنی بە حەوت ئاسمان: **﴿وهو بكل شيء عليم﴾** پەروەردگار زاناو ئاگادارە بە هەموو ئەو شتانەی كە لەئاسمانو زەویدا دروستی كردوون! ئاسمان واتـە: بەرزایی جاری وا هەیە بۆ بەرزایی رووت بەكار دەهێندرێت، جـاری وایـش هەیـە بـۆ بـەرزایی نزیـك بـەكاردەهێندرێ، جـا وشـەی (السـماء) لـە ئایەتەكەدا لەجاری یەكەمدا بـۆ بـەرزایی رووت بـەكار هێنـدراوە لـەجاری دووەمدا بۆ حەوت ئاسمانە تایبەتی‌یەكە بەكار هێندراوە، ئـەمجار لێرەدا

بە پێویستی دەزانین کە برێ بۆچوونی زانایانی سروشتناسی بخەینــە ڕوو، بە مەزەندەی زانایانی سروشتناسی تەمەنی ئەو کاکەشانە ئەو تەوەرەیەی کە کۆمەڵەی رۆژ (المجموعة الشمسية) بەشێکە لەو، نزیکــەی دە ملیــار ساڵە، لەهەمان کاتدا مەزنــەی تەمــەنی زەویو خۆریــان کــردوە بــە چــوار ملیــارو پێنــج ملیــۆن ســاڵ کــەوابێ تەمــەنی زەوی زۆر لــە تەمــەنی کاکەشانەکان کەمترە، کەوابوو ئاسمان لە زەوی کۆنترە؛؛ لـەئاکامی ئـەم بەراوردییەوە برێ لێکۆڵەرەوە کەوتوونە سەر سوڕمانەوە چونکــە قورئــان ئەوە دەگەیەنێ کە ئاسمانــەکان دوای دروســتکردنی زەوی دروستکراون؟؟ هۆی سەرسوڕمانەکەش لەوەوەیە کە ئەو لێکۆڵەرەوانە فەرقی ئاسمان بــە مانای گشتیو ئاسمان بە مانا حەوت ئاسمانە تایبەتییەکــەیان نــەکردوە، نەهاتوون لە ئایەتەکانی قورئان کە تایبەتن بەم باسە ورد ببنەوە، ئـەوەتا قورئان بە ئاشکرا ئەوە دەچەسپێنێ کە حەوت ئاسمانــە تایبەتیەکـە دوای دروستکردنی زەوی ریَکێ وپێکێ کراونو دروست کراون، هەر قورئــان ئــەوە دەچەسپێنێ کە زەوی دوای دروســتکردنیئاسمان -بــە ماناگشــتییەکەی- دروست کراوە.

هــەندێکی تــر پێیــان وایــە کــە مەبەســت لــە (ســبع ســموات) مەجــەرەکانن یــان حــەوت ئەســتێرە گەڕۆکــەکانن: ئەمــەش لــە دوولاوە خستونیە هەڵەوە، جا بۆ روون کردنــەوەو راســت کردنــەوەی ئــەم هەڵەیــە دەڵێــین: وشــەی (ســمــاء) لــە قورئــاندا بــۆ زیــاتر لــە مانایــەکێ بــەکار دەهێندرێ، جاری وا هەیە، مەبەست پێی بەرزایی (مطلق)ە ئیتر هــەواو ئەســتێرەکانو ئاسمانــەکانو تــەوەرە کاکەشــانەکان دەگرێتــەوە، جــاری وا هەیــە مەبەســت پــێی حــەوت ئاسمانــە تایبەتییەکانــە کــە جێگــای فریشتەکانو گیانی موسوڵمانان بۆیان بەرز دەبێتــەوەو پێغەمبــەر ﷺ لــە شەوی میعــراجدا بۆیــان چــووەو پێیــاندا گــەڕاوە، کــە لــە ئاسمــانی حەوتەمیندا بەهەشت هەیەو سەرووەکەی عەرشی خودایە.

ئیتر جیاوازی نەخستن لە نێوان مانای ئیصطلاحی کە مەبەست حەوت ئاسمانە تایبەتییەکەیەو مانا لوغەوییەکە کەمانای بەرزایی رووت دەگەیەنێ، دەبێتە هۆی هەڵخلیسکان لە تێگەیشتن لە قورئانو مانای (سبع سموات).. لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿**هوالذي خلق لكم ما في الآرض جميعا ثم استوى الى السماء فسواهن سبع سموات**﴾ حەوت ئاسمانە تایبەتییەکە دەگەیەنێ، ئەو حەوت ئاسمانانەی کە پێویستە بڕوامان بەهەبوونیان هەبێ، بڕوا نەبوون بە بوونیان کوفرو بێ باوەڕییە! دەمێنێتەوە ئەوە ئاخۆ ئەم ئاسمانانە پەنامەکیو نهێنین یان نا؟ یان لەژوور مەجەڕەکانەوەن یان نا؟ ئەمانە هەموویان بۆچوونن لە مانای ئایەتەکانو رای زانایان وەردەگیرێتو بڕوا هەبوون بەو چۆنیەتە یان ئەم چۆنیەتە چ زیانێکی بۆ بیرو باوەڕ نیە، بەڵام لێرەدا وردە باسێک ماوەو دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە ظاهیری مانای ئایەتەکەی ئێرەو ئەو ئایەتانەی کە لە سوورەتی (فصلت)دا لەم بارەوە هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە حەوت ئاسمانەکان دوای دروستکردنی زەوی دروست کراون، کەچی پەروەردگار لە سوورەتی (النازعات)دا دەفەرموێ: ﴿ **أانتم أشد أم السماء بناها رفع سمكها فسواها وأغطش ليلها وأخرج ضحاها والارض بعد ذلك دحاها**﴾ ئەوەتا لێرەدا قورئان ئەوە دەگەیەنێ کە پەروەردگار دوای دروست کردنی ئاسمان، زەوی بڵاوکردۆتەوەو پانی کردۆتەوە، بۆ یەکاڵاکردنەوەی ئەم باسە دەبێ بگوترێ: کە حەوت ئاسمانە تایبەتیەکە کە باسمان کردن دوای زەوی دروست کراون، ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکا ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿**هو الذي خلق السماوات والآرض في ستة أيام وكان عرشه على الماء**﴾ ئیمامی ئالووسی لەجلدی یەکەم لاپەڕە (٢١٧)دا دەفەرموێ: ئەوەی لە نووسینی نووسەرە موسوڵمانەکان وەردەگیرێ ئەوەیە کە ئاسمان بەگشتی پێش زەوی دروست کراوە، ئەمجار زەوی دروست کراوە، دوای دروستکردنی زەوی حەوت ئاسمانە تایبەتیەکەی دروست کردون، ئەمجار شتەکانی سەر زەوی وەک کانو رووەکو ئەمجار عالەمی ئاژەڵو

ئەمجار عالەمی ئادەمیزادی هێناوەتە وجوود. بەهەر حاڵ ئەم بۆچوونەی ئالووسی لە هەندێ لاوە پێویستی بە بەڵگە هەیە، بەلام لەگەڵ کاکڵەی قورئانەکەدا گونجاوە، وەلێ پێویستە ئەوە بزانین کە قورئان ئەوەی چەسپاندوە، کە دروستکردنی مەجەڕاتەکان پێش دروستکردنی زەوی بووە...

جێنشین کردنی ئادەمیزاد لەسەر زەوی و فێرکردنی زمانەکان

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٣٣﴾

دوای ئەوە کە پەروەردگار ئەو راستییەی بۆ روون کردینەوە کە زەوی و ئەوەی تێیدایە بۆ بەرژەوەندی ئێمەی ئادەمیزاد دروستکراوە، چیرۆکی دروست کردنی خۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە حەزو ئارەزوو چالاکی و توانامان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة﴾ ئەی پێغەمبەرﷺ! سەرگورشتەی دروست کردنی ئادەمیزاد بۆ خەڵک باس بکە، کاتێ خودای تۆ بە فریشتەکانی راگەیاندو

فەرمووی: من دەمەوێ لەسەر زەوی جێنشینێ دابنێم لە جیاتی من لەناو خەڵکدا دادپەروەرانە حوکم بکا ﴿قالوا أتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك، قال إني أعلم ما لا تعلمون﴾ فریشتەکان وتیان خودایە: تۆ چ مەبەستێکت لە دروستکردنی ئەو جۆرە بەندانە هەیەو بۆچی کەسانێک دەخەیە سەر زەوی کە ئاشوبی تێدا بگێڕنو خوێنڕێژی تێدا بکەن؟ ئەگەر مەبەست لە دروست کردنی ئەو ئادەمیزادانە عیبادەتو پەرستنی زاتی بەرزتە، ئەوە ئێمە هەموو دەم لە یادو پەرستنی تۆداینو تۆ دەپەرستینو هەرگیزاو هەرگیز سەرپێچی کردن وئاشووب گێڕانو خوێن ڕشتنمان لێ روو نادا، دەی بۆچی گرۆهی تر دروست دەکەی؟ ئیتر پەروەردگار وەڵامی ئەم پرسیارەی دانەوەو فەرمووی: ﴿إني أعلم ما لاتعلمون﴾ من دەزانم چ بەرژەوەندیەکی باڵا هەیە لە دروستکردنی ئەم جۆرە گرۆهەو ئەوە بەرژەوەندیەکی باڵاترە لەو ئاشوبو تاوانانەی کە بڕێکیان بەرپای دەکەنو ئێوە دەیکەن بە پاساوو لەمپەڕ بۆ ئەوەی من لەو کارە وازبێنم؛ چونکە لەو ئادەمیزادانە پێغەمبەران دروست دەکەم!! ئادەمی راست گۆو خوداپەرستو شەهیدو راستاڵو دونیا نەویستو خۆشەویستانو پیاوچاکانو زاناو لەخوا ترسو خۆشەویستانی خوا دروست دەکەم!! ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن‌و سەری لێ دەرناکەن ﴿وعلم آدم الأسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة فقال أنبئوني بأسماء هؤلاء إن كنتم صادقين﴾ پەروەردگار ناوی هەموو شتێکی بوونەوەری فێری حەزرەتی ئادەم کرد، جۆری ئەو شتانەی دروستی کردبوون هەموویانی بەئادەم ناساندن، فێری کرد ئەمە: حوشترە، ئەسپە، هەورە، مانگە، خۆرە، مەجەڕەیە، دەفتەرە، قەڵەمە، .....هتد ئەمجار ئەم شتانەی هێنایە سەر شاشەی بونەوەرو فەرمانی بە فریشتەکان کردو فەرمووی: دەی کە ئێوە راست دەکەنو بۆچونەکەتان تەواوە ناوی ئەم شتانەم بۆ شی بکەنەوە ﴿قالوا سبحانك لا علم لنا إلا ما علمتنا إنك

أنت العليم الحكيم﴾ فریشتەکان هەموو بە یەکجار ووتیان پەروەردگارا! پاکو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە، تۆ زانایبە هەموو شتێکو بەرژەوەندی بووەنەوەرو دوارۆژی روداو لای زاتی تۆ ئاشکراو نومایانەو ئێمە جگە لەو زانیارییە کەمەی کە فێرت کردوین هیچی تر نازانین بێگومان زاتی تۆ، زانایە بە هەموو شتێک کارەکانت هەموویان حیکمەت ئامێزنو هەموو شتێکت لەجێی خۆیدایە لە بونەوەردا، کاری بێ هوودە ئەنجام نادەیت، دەزانی چییان فێردەکەیو چییان فێر ناکەی، چییان پێ دەبەخشیو چییان پێ نابەخشی لەهەموو کارێکتا دادپەروەرو کارسازی.

ئەمجار بۆ ئەوەی زێدەرێزی حەزرەتی ئادەم لەلای فریشتەکان بەتەواوی نومایان بێ ﴿قال يا آدم أنبئهم بأسمائهم فلما أنبأهم بأسمائهم قال ألم أقل لكم إني أعلم غيب السموات والأرض وأعلم ماتبدون﴾ فەرمووی: ئەی ئادەم ناوو سوودو تایبەتمەندی ئەو شتانەیان پێ بڵێ، کاتێک حەزرەتی ئادەم وەکو پێویست زانیاری تەواوی پێ دان، ئەمجار پەروەردگار فەرموی: من پێم نەگوتن؟ کە هەر خۆم نهێنیو شتە پەنامەکییەکانی ئاسمانو زەوی دەزانم؟! ئاگادارم بەو هەڵوێستەی دەرتان بڕی کە بریتییە لەوە گوتتان: بۆچی کەسانێک دەخەیە سەر زەوی کە ئاشووبی تێدا بەرپا بکەنو خوێنی تێدا بڕێژن!! ﴿وما كنتم تكتمون﴾ هەروەها زانا بووم بەو رەخنەی کە لەناو دەروونی خۆتاندا شاردبوتانەوە، مەبەست هەڵوێستەکەی شەیتانە کە سەرپێچی کردنەکەیەتی لە فەرمانی خوداو خۆ بەزل زانینو لووت بەرزییەکەیەتی.

رێزلێنانی پەروەردگار بۆ ئادەم

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾

ئەمجار دوای ئەوەی کە پەروەردگار زێدە ڕێزی ئادەمی نیشانی فریشتەکان داو ئەوانیش هەستیان بە دەسەوەسانی خۆیان کرد لە بەرامبەر ئادەم دا، فەرمانی پێکردن کە ڕێزی ئادەم بگرن ﴿وإذ قلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس أبى واستكبر وكان من الكافرين﴾ کاتێک بە فریشتەکانمان گوت: هەمووتان کڕنووش بۆ ئادەم بەرنو ڕێزی لێبگرن؛ یەکسەر فریشتەکان هەموویان کڕنوشیان بۆ بردو سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ خستە سەر زەوی، تەنیا شەیتان نەبێ، ئەو سەرپێچی لە فەرمانی خودا کردو خۆی بەزل زانی کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد، ئەو نەفرەت لێکراوە لە زانیاری خودادا لە ڕیزی کافران بوو، لەکۆمەڵی شەیاتینی بوو، یان دەڵێین: (کان) بە مانا (صار)ەیە واتە؛ بەهۆی لووت بەرزیو خۆ بەزل زانییەوە کافر بوو، هەرچەندە بە ڕواڵەت لەناو فریشتەکاندا بوو! چونکە ئەو لە بڵێسەی ئاگر دروستکراوەو فریشتە لە رووناکی (نور) دروستکراون، شەیتان سەرپێچی کرد گوێڕادێری فەرمانی خودا نەبوو، فریشتەکان هیچ کاتێ سەرپێچی فەرمانی خودا ناکەنو چییان پێ بفەرموێ یەکسەر ئەنجامی دەدەن ﴿**لايعصون ا لله ما أمرهم ويفعلون ما يؤمرون**﴾ یان خودا دەفەرموێ: ﴿**افتتخذونه وذريته اولياء من دوني**﴾ واتە: ئایا ئێوە شەیتانو وەچەکانی لەجیاتی من دەکەنە گەورەو پەرستراوی خۆتان؟! دەی خۆ فریشتە وەچەو نەوەیان نین، کەوابوو شەیتان لەرەچەڵەکی فریشتە نیە، دەی کەوابێ شەیتان چۆن بەر ئەو فەرمانەی خوا کەوت کەدەفەرموێ: ﴿وإذ قلنا للملائكة اسجدوا﴾؟؟ لەوەڵاما دەڵێین شەیتان هەرچەندە لە بەرەی فریشتە نەبوە بەڵام چونکە چوبوە ڕیزی ئەوانەوەو کرداری ئەوانی دەکردو خۆی بە یەکێک لەوان دەزانی بۆیە داخڵی فەرمانەکە بووە.

١- ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە کڕنوش بردنەکە بریتی بووە لەوە ناوچەوان بخاتە سەر زەوی کڕنووش بۆ خودا بردنەکەش بۆ ئادەم بووە نەک

بۆ خودا ، چونکە ئەگەر بۆ خودا بوایە شەیتان سەرپێچی نەدەکرد ، ئەو کڕنووش بردنە لەوەپێش ڕەوا بووە بەڵام لەشەریعەتی ئیسلامیدا کڕنووش بۆ غەیری خودا حەرام کراوە .

٢- شەیتان بەخیلی بە ئادەم بردو پێی ناخۆش بوو کە خودا ئەو ڕێزەیدا بە ئادەم وتی: من لەئاگر دروست کراوم ئادەم لە گڵ دروست کراوە خۆی بە بەرزتر زانی لووت بەرزی کرد ، کەوابوو یەکەم تاوان کە کراوە تاوانی خۆبەزل زانیو لووت بەرزی بووە ، ئەمەش شایانی ئەوە بوو کە نەفرەتی لێبکرێو لەبەهەشت دەربکرێ.

ئادەمو حەووا لە بەهەشت دانو هەڵوێستی شەیتان بەرامبەریان

وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا

وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ

عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ

فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ

فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾ قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ

فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ

عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ

أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾

ئایەتەکان جۆرەکانی ڕێزلێنانی پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد دیاری دەکەن، ڕێزلێنانەکەی ئێرە بریتییە لە جێنشین کردنی ئادەمو حەووا

لەبەهەشتدا بەشێوەیەکی کاتی، چونکە حیکمەتو مەبەستی خودا لە دروست کردنیان لە ئاکاما ئاوەدانکردنەوەی زەوی بوو، دەرخستنی تایبەتمەندی ئادەمیزاد بوو لەناو دروستکراواندا، ریژەی توانینی بەرەبەرەکانیو دژایەتیکردنی بۆ شەیتانو ئارەزوەکانی، لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا دڵنەوایی کردنی پێغەمبەری تێدایە. بۆ ئەوەی بزانێ سەرپێچیکردن بەشێکە لە سروشتی ئادەمیزاد دەفەرموێ: ﴿ وقلنا يا آدم اسكن انت وزوجك الجنة وكلا منها رغدا حيث شئتما ولا تقربا هذه الشجرة فتكونا من الضالمين﴾ دوای ئەوەی کە بەو جۆرە ریزمان لە ئادەم گرتو فریشتە کڕنوشیان بۆ برد بە (ئادەم)مان گوت تۆ بە خۆتو خێزانتەوە لە بەهەشتدا جێگیر بنو لەمیوەو بەرو بومی، لە جۆگاو جۆباری بە ئارەزووی خۆتان بخۆن بخۆنەوە لەهەر کوێیەک حەزتان لێیەتی ئارامی تێدا بگرنو تێیدا رابوێرن؛ بەڵام نزیک ئەو دارە -دەڵێن داری ترێیە هەندێکیش دەڵێن: داری هەنجیر بووە- مەکەونەوەو لە میوەکەی مەخۆن تەنها ئەو دارەتان لێ قەدەغەیەو توخنی نەکەون!!

پەروەردگار بۆ ئادەمو خێزانی سنووری داناو پێی فەرمون: ئەگەر ئێوە نزیک ئەو دارە بکەونەوە دەچنە ریزی ستەمکارانەوە ئاشکراشە هیچ ستەمکارییەک لە سەرپێچی کردنی فەرمانی خودا گەورەتر نیە وشەی (الجنة) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە ئەو بەهەشتەیە کە پەروەردگار دایناوە بۆ پاداش دانەوەی خواپەرستان...

(موعتەزیلە) پێیان وایە کە ئەو بەهەشتە بریتیبووە لە باخاتێک لەسەر زەوی، چونکە بەهەشتی بەناوبانگ شوێنی تەکلیف نیەو کەسێکیش چووە ناوی لێی دەرناچێ، بۆ وەڵامی ئەوە دەگوترێ: کەسێک لێی دەرناچێ کە لە ئاکامی پاداشتدا بچێتە ناوی، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ شەوی میعراج چووە ناویو تێیدا گەڕاو دوایی لێیشی دەرچوو، لەلایەکی

تـرەوە دانیشـتوانی بەهەشـت لەسـەریانەو موکەلـەفن بـە خواناسـیو یەکتاپەرستی.

﴿فأزلهما الشيطان عنها﴾ واتە: شەیتان فریوو تەفرەی دان بەهۆی ئەو دارەوە هەڵینان بۆ هەڵەکردن، یان شـەیتان لەبەهەشت دووری خستنەوە بەهۆی درۆ بۆ کردنو سوێند خواردن بۆیان کە ئەو دڵسـۆزیانەو مەبەستی خۆشبەختی ئەوانـە ﴿فأخرجهمـا مما كانـا فيـه﴾ شـەیتان ئـادەمو حـەوای لەبەهەشت یان لەو خۆشیو نیعمەتو کامەرانییە دەرکردە دەرەوە. ئێستا پرسـیارێک دێتـە پێشـەوە ئـەویش ئەوەیـە وەکـو لـە سـوورەتی (ص)دا هـاتووە پـەروەردگار دوای سـەرپێچی کردنەکـەی شـەیتان پـێی فـەرموو: ﴿أخرج منها فإنك رجيم﴾ برۆ دەرەوە لـە بەهەشـت تـۆ نـەفرەت لێکـراویو شاربەدەرکراوی؛ دەی باشە چۆن توانی ئـادەمو حـەوا هەڵخەڵـەتێنێ؟ بـۆ وەڵامی ئەوە دەگوترێ: شەیتان کە بەهەشـتی لێ قەدەغـەکراوە لـەبارەی رێزو تەکریمەوەیە؛ واتە: نـاتوانێ وەکـو فریشـتە بچێتـە نـاو بەهەشتەوە بـەڵام بەشـێوەی وەسوەسـەو بـۆ تاقیکردنـەوەی ئـادەمو حـەوا رێگـای لێ نەگیراوە، برێ زانای ئیسلامیش پێیـان وایـە کـە شـەیتان دەتوانـێ دوراو دوریش وەسوەسە بخاتە دڵی خەڵکـەوە ﴿وقلنـا اهبطـوا﴾ پێمـان گوتـن: هەستن برۆنە خوارێ: فەرمان پێکراو ئادەمو حەواو شەیتانە.. برێک پێیـان وایە کە فەرمانەکە روو لە ئادەمو حەوا دەکا چونکـە شـەیتان لـەوە پێـش دەرکـراوە، بۆیـەش رانـاوی کـۆی بـەکارهێناوە مەبەست ئـادەمو حـەواو وەچەکانیانـە، لـەم بارەیـەوە کـە ئـادەمو حـەوا بناغـەی ئـادەمیزادنو سەرچاوەی ئەوانن ﴿بعضكـم لبعـض عـدو﴾ هـەندێکتان دەبنـە دوژمنـی هەندێکتان بە مانای یەکەم مەبەست دوژمنایەتی ئادەم وحەواو شـەیتانە، بەمانای دووەم مەبەست ئـەم چۆنیەتیـە کـە هەمیشـە ئادەمیزاد لـەناو یەکتردا هەیانە، وەکو دوژمنایەتیو هەڵخەڵەتاندنـی یەکتری ﴿ولكم في الأرض مستقر ومتاع الى حين﴾ بۆ ئێوە لەسەر زەوی شوێنی ئارام گرتـنو

مانەوە هەیە هەتا ڕۆژی قیامەت یان کاتی مردنتان ﴿فتلقی آدم من ربه کلمات﴾ ئەمجار خودا پاڕانەوەو نزایەکی خستە دڵی ئادەمەوە، ئەویش بەدڵێکی پڕ بڕواوە، ڕووی کردە بارەگای پەروەردگارو وتی: ﴿ربنا ظلمنا أنفسنا وإن لم تغفر لنا وترحمنا لنكونن من الخاسرين﴾ خودای پەروەردگارمان! ئێمە ستەمو ناحەقیمان لە خودی خۆمان کردو سەرپێچی فەرمانی تۆمان کرد، ئەگەر لێمان خۆش نەبیو بەزەییت پێمانا نەیەتەوە ئێمە لە گرۆهی چارەڕەشو زەرەرمەندانینو تێداچووین ﴿فتاب علیه﴾ پەروەردگار نزاکەی قبوڵ کردو بەزەیی پێیانا هاتەوەو لێیان خۆش بوو ﴿إنه هو التواب الرحيم﴾ بێگومان خودا تۆبەی تۆبەکاران قبوڵ دەکاو بە بەزەییو بەرەحمە ﴿قلنا اهبطوا منها جميعا﴾ بە ئادەمو حەوامان گوت: هەستن بڕۆنە خوارێ بۆ سەر زەویو دەست بکەن بە ئاوەدانکردنەوەی زەویو هەموو کاتێ چاوەڕوانو بەئاگابن ﴿فإما يأتينكم مني هدى﴾ هەرکاتێ نیگایەک، یان پەیامێک، پێغەمبەرێک هات بۆ ناوتان گوێڕادێریان بنو بەقسەیان بکەن، چونکە ﴿فمن تبع هداي﴾ هەرکەسێک شوێن پەیامی من بکەوێ ﴿فلا خوف عليهم﴾ هیچ ترسی ڕۆژی دواییان لەسەر نیە ﴿ولا هم يحزنون﴾ داخو خەفەتی ژیانی ڕابوردوشیان ناخۆن، پەرۆشی ماڵو خێزانی دوا خۆیان نیە ﴿والذين كفروا وكذبوا بآياتنا﴾ ئەوانەی کافرو خوانەناسن پێغەمبەرانی ئێمەیان بەدرۆخستۆتەوەو گاڵتەیان بە موعجیزەو نیشانەی پێغەمبەرایەتیەکەیان کردووە ﴿أولئك أصحاب النار﴾ ئەوانە شایانی ئەوەن جێگایان دۆزەخ بێو بچنە ناویەوە ﴿هم فيها خالدون﴾ فرێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە.

ئەركی سەرشانی نەتەوەی ئیسرائیل

يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِىٓ
أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّـٰىَ فَٱرْهَبُونِ ﴿٤٠﴾ وَءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلْتُ مُصَدِّقًا لِّمَا
مَعَكُمْ وَلَا تَكُونُوٓا۟ أَوَّلَ كَافِرٍۭ بِهِۦ ۖ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّـٰىَ
فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ
﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾

ئەمجار پەروەردگار دوای ئەم ئامۆژگاریو هەڕەشەو وادە پێدانەو دیاریکردنی سەرەنجامی هەموو کردەوەییەک، چاک بێ یان خراپ، چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی گەلێک کە پەیامی بۆ نێردراوە، پێغەمبەریان بۆ هاتووە، کتێبی ئاسمانییان بۆ نێردراوە، عەهدو پەیمانیان لێ وەرگیراوە، لەوەپێش بەهۆی فەرمانبەرداری پەروەردگارەوە تووشی خۆشیو هەرزانیو ئازادیو وەدەست هێنانی دەسەلات بوون، لەهەمان کاتدا بەهۆی سەرپێچی کردنیان لە فەرمانی خودا تووشی نەهامەتیو ماڵ ویرانیو گومڕاییو سەر لێشێوان بوون، ئەو گەلو نەتەوەیە هۆزی بەنو ئیسرائیل بوون ، کەوابێ ئەرکی سەرشانی ئەو هۆزەیە کە بەپیر بانگەوازی ئیسلامییەوە بچن بڕوا بە حەزرەتی محمد بکەن شوێنی پەیامەکەی بکەون، کە دوا کتێبی ئاسمانییە، شوێنی پێغەمبەری ئیسلام بکەون کە دوا پێغەمبەری خودایە، بۆ سەر ئادەمیزاد، بەتایبەتی کە لەکتێبی بڕوا پێکراوی ئەواندا ناوو نیشانو رەوشتی ئەم پێغەمبەرە دیاریکراوە، بۆیە پەروەردگار لەم ئایەتانەی دواییدا ڕووی **خیطاب** دەکاتە ئەو هۆزەو دەفەرموێ: ﴿**يا بني إسرائيل اذكروا نعمتي التي أنعمت عليكم**﴾ ئەی نەوەی یەعقوب شوکرو سوپاسی ئەو هەموو نازو نیعمەتانە بکەن کە بە باوکو باپیری ئێوەمان بەخشیون،

لە ژێردەستەیی‌و کۆیلایەتی فیرعەون رزگارمان کردن‌و فیرعەونمان لەناو برد لەبەردی رەق‌و تەق سەرچاوەمان بۆ هەڵقولاندن، لە رەچەڵەکی خۆتان پێغەمبەرمان بۆ ناردن، کتێبی تایبەتیمان بۆ ناردن ﴿وأوفوا بعهدي﴾ ئەو عەهدو پەیمانەی پێم گوتون‌و پابەندی بوون کە بریتی‌یە لە شوێن کەوتنی پێغەمبەران‌و یارمەتیدانیان پابەندی بن، حەزرەتی (محمد)یش دوا پێغەمبەرەو تەورات بە ئاشکرا پێی گوتوون: هەرکاتێ ئەو پێغەمبەرە پەیدابوو بڕوای پێبکەن‌و یارمەتی بدەن‌و شوێنی بکەون، ئەگەر ئێوە ئەم ئەرکانەی خۆتان جێبەجێکرد ﴿أوف بعهدكم﴾ منیش ئەو بەڵێنەی پێم داون بەجێی دێنم، کە بریتی‌یە لەوە؛ لە گوناهتان خۆش ببم‌و بتانخەمە بەهەشتەوە ﴿وإياي فارهبون﴾ هەر لە من بترسن جگە لە من لەکەسی تر مەترسن‌ زۆر بترسن لەوەی کە ئەگەر سەرپێچی بکەن وەکو چینەکانی پێشووتان بەلاو موسیبەتی سامناکتان بۆ دەنێرم، بێگومان‌ سزای قیامەت زۆر بە ئازارو توندترە ﴿وآمنوا بما أنزلت مصدقا لما معكم﴾ ئیمان بێنن بەو قورئانەی کە بۆ پێغەمبەرم ناردوە پاڵپشتی کتێبە ئاسمانی‌یەکان -تەورات‌و ئینجیل- دەکا پاڵپشتی دەقە ئەسڵی‌یەکان دەکا پێش ئەوەی گۆڕانکارییان تێدا بکرێ ﴿ولا تكونوا أول كافر به﴾ ئێوە ئەی نەوەی (یعقوب)! لەگەڵ ئەو هەموو زانیاری‌یەی کە لەم بارەوە هەتانە حەق وایە یەکەم کۆمەڵ بن کە بڕوای پێ بکەن‌و ئیمانی پێ بهێنن، نەک یەکەم تاقم‌و کۆمەڵ بن کە دژی بوەستن‌و بەکتێبی خودای نەزانن؟ ﴿ولا تشتروا بآياتي ثمنا قليلا﴾ لەجیاتی بڕوا هێنان بە نیشانەکانی خوایەتیم‌و راستی ئایینی ئیسلام‌و بڕواکردن بە پێغەمبەرو پەیامەکەی، حەزو ئارەزووی دونیا هەڵ مەبژێرن، چونکە خۆشی جیهانی کەم بایەخ‌و ماوە کورت‌و ئاکام فەوتاوە، هەموو دنیاو چی تێدایە لە بەرامبەر رەزامەندی خودادا شتێکی زۆر کەم‌و کەم نرخە

﴿وإياي فاتقون﴾ بەجۆرێک لێم بترسن کە هەڵتان بنێ بۆ پابەند بوونتان بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانمو دورکەوتنەوە لەوەی (نەهی)م لێ کردون.

﴿ ولا تلبسوا الحق بالباطل وتكتموا الحق وأنتم تعلمون﴾ حەقو راستی تێکەڵ بە بەتاڵ مەکەنو بەم رەنگە حەق بشارنەوەو بەتاڵ بخەنە روو بیخەنە بەرگی حەقەوە، سەر لەخەڵک تێک بدەنو لەهەمان کاتیشدا خۆتان باش دەزانن کە ئەو کارەی دەیکەن شاردنەوەی حەقو بەدەرخستنی بەتاڵەو سەر لێشێواندنی خەڵکە، قەتادە دەفەرموێ: مانای ئایەتەکە بەم جۆرەیە: ئایینی جولەکەو ئایینی مەسیحی تێکەڵاو بە ئایینی ئیسلام مەکەن لە کاتێکدا ئێوە دەزانن کە ئایینی پەسەند لای خودا ئایینی ئیسلامە ﴿وأقيموا الصلاة وآتوا الزكاة واركعوا مع الراكعين﴾ نوێژی موسوڵمانانە بکەن، زەکاتی ماڵو داراییتان بەشێوەی موسوڵمانانە بدەن بە هەژاران، بچنە ریزی موسوڵمانان بۆ جومعەو جەماعەت..

بڕێک لە زانایان ئەم ئایەتە دەکەن بە بەڵگەی واجبی نوێژی بەکۆمەڵ (جماعەت). لەم ئایەتەدا پەروەردگار فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد کە سوپاسی نیعمەتی خودا بکەنو وەفا بە عەهدو پەیمانی خودا بکەن، یەکەم گرۆهبن کە موسوڵمان دەبنو ئایینی ئیسلام بە دونیا نەگۆڕنەوە، لە خودا بترسن، تەقوای بکەن، حەق تێکەڵاوی بەتاڵ نەکەن، نوێژی موسوڵمانانە بکەنو وەک ئەوان زەکات لە ماڵو دارایی خۆتان دەرکەن، لەگەڵ موسوڵمانان نوێژی جومعەو جەماعەت ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەمانەیان جێبەجێکرد ئەوە دەبنە بەندەی راستاڵو باش بۆ خۆشیان پێیان وایە: ئەوان بانگەوازکەری راستیو خوداپەرستین.

چەند نموونەیەك دەربارەی بەدی جوولەكەكان

﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا
تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى
ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ
﴿٤٦﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى
فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا
وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾

ئیمامی واحیدیو ثەعلەبی لە ئیبنو عەباسەوە دەگێڕنەوە کە دەفەرموێ: ئەم ئایەتانە واتە ئایەتی (٤٤) دەربارەی جولەکەکانی مەدینە هاتۆتە خوارێ کە فەرمانیان بەخەڵك دەکرد شوێن ڕێبازی پێغەمبەر بکەون بەڵام خۆیان نەیان دەکرد، بۆیە پەروەردگار دوای ئەم فەرمانو ئامۆژگارییانە جارێکی تر ڕووی خیطابی تێکردنو بە شێوەیەکی سەرکۆنەکردنو ڕەخنە لێگرتنو سەر سوڕمان لە حاڵو هەڵوێستیانو فەرموی: ﴿اتأمرون الناس بالبر وتنسون أنفسكم وأنتم تتلون الكتاب أفلا تعقلون﴾ ئایا ئێوە فەرمان بە ئادەمیزاد دەکەن خودا پەرست بنو تەقواکار بنو بەفەرمانەکانی قورئانو ڕێنوماییەکانیو وەفا بە عەهدو پەیمانەکانیان بکەن! دەی کە ئەوان ڕاست دەکەن بۆ خۆیان ئیمانیان بە پێغەمبەر دەهێناو شوێن پەیامی قورئان دەکەوتن!! بەڵام ئەوانە درۆزننو ئامۆژگاری کردنەکەیان بە ساختەچیەتیەو ئەوان لە چاکەکاری دوورن، خۆ ئەگەر لە بانگەوازیەکەیاندا ڕاستگۆبوونایە یەکەم کەس خۆیان پابەندی بانگەوازیەکەی خۆیان دەبوون؟! ئەوانە ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن بۆ ئیمان هێنان بە پێغەمبەرو خۆیان لەبیرچۆتەوە، لەگەڵ

ئەوەشدا کە بۆ خۆیان تەورات دەخوێننەوەو لەوێدا فەرمانیان پێکراوە کە بڕوا بە پێغەمبەری ئیسلام بکەنو موسوڵمان ببن. تاکەی فام ناکەنەوەو عەقڵو هۆش پەیدا ناکەن!!

قورئان کە سەرزەنشتی جولەکەکان دەکا، لەسەر ئەوە نایکا کە فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە دەکەن، ئەمە واجبێکە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسە بیکا! بەڵکو لەسەر ئەوە سەرزەنشتیان دەکا کە فەرمان بە چاکە دەکەنو بۆ خۆیان نایکەن، نەهی لە خراپە دەکەنو بۆ خۆیان دەیکەن؛ کەوابێ سەرزەنشتەکە لەسەر نەکردنەکەیانە...

دوای ئەوەی کە پەروەردگار فەرمانی پێکردنو نەهی لێکردن، سەرزەنشتی کردن، ئەمجار شارەزایی کردن بۆ کردارو هەڵویستێک ئەگەر پابەندی بن جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێکی کە پێیان کراوە بۆیان ئاسان دەبێ ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿واستعينوا بالصبر والصلاة وإنها لكبيرة إلا على الخاشعين﴾ لە هەموو تەنگانەو پێداویستییەکتانا، لەکاتی بەڵاو موسیبەتا پەنا بەرن بۆ صەبرو خۆ ڕاگریو گەڕانەوە بۆ لای خودا، بەڕۆژوو بن، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (الصوم نصف الصبر) ڕۆژوو نیوەی صەبرو خۆڕاگرییە، نوێژ بکەن، واتە: صەبرو نوێژ بکەن بە قەڵغانو سوپەر بۆ هەموو تەنگانەو ئاستەنگو گیروگرفتێک، خۆڕاگربن بۆ نارەحەتیو ئەرکی بەجێ هێنانیان. بەدڵێکی پاکو بێگەردەوە بەنییەتێکی خاوێنو بە بەرچاوگرتنی ئەدەبو حیشمەتەوە لەگەڵ ترسان لە خوداو هەست کردن بەوە کە لەبەردەم خاوەنی ئەرزو ئاسماندا راوەستاون پێویستیاتی نوێژ بەجێ بهێنن ﴿وإنها لكبيرة إلا على الخاشعين﴾ بێگومان بەجێ هێنانی نوێژەکان لەکاتی خۆیان داو ئەنجام دانیان وەکو پێویست کارێکی قورسو گرانە مەگەر بۆ کەسانێک نەبێ کە لەخودا دەترسن ﴿الذين يظنون أنهم ملاقوا ربهم وأنهم إليه راجعون﴾ ئەوانەی کە دڵنیان لەوەی دوایی بە خودای خۆیان دەگەنو دەگەڕێنەوە بۆ بارەگای

خودای پەروەردگاریان بە بڕواو دڵنیایی‌یەوە نوێژو ڕۆژووو خوداپەرستی‌و ئەرکەکانی سەرشانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام کەسێک بڕوای بە پاداش‌و سزا نەبێ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی قورس‌و ناخۆشە وەکو چۆن دووڕوو ڕیا بازەکان بە بەجێهێنانی ئەرکە ئیسلامی‌یەکان ناڕەحەت دەبن! بۆ نموونە ئەگەر کرێکارێک، بەڵێنی پێ بدرێ کە پاش ئەنجامدانی کارەکە زێدەکرێیەک، زێدە بەخششێکی دەدرێتێ دەبینی بە لێبوردویی‌و چوستو چالاکی ڕوو دەکاتە ئیشەکەو بە گورجی پەلاماری دەداتێ‌و چەند کاری تێدا بکا هەست بە ماندوبوون ناکا! بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کرێکارێک بە زۆر دەرەبەگێکی ستەمکار کاری پێ بکاو بە بێگار هەڵیسوڕێنێ دەبینی چەند ئیش کردنەکەی بە لاوە قورسە! کورد وتەنی دەڵێی بێگاری پێ دەکەن!! هەر لەم ڕووەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (وجعلت قرت عيني في الصلاة) واتە: فێنکایی چاوم لە نوێژدایە کەدەست دەکەم بە نوێژ فێنکایی بە چاومدا دێ دڵم خۆشی پێ دەگا، (بە نوێژ چاو دڵم ڕۆشن دەبێتەوە)...

ئەمجار پەروەردگار لەم چەند ئایەتەی دوایی‌دا بڕێ نیعمەتو بەخششی خۆی -کە بە نەوەی ئیسرائیلی بەخشیوە- ڕیز دەکاو وەبیریان دینێتەوە کە کاتی خۆی زێدە ڕێزی داونێ، لە چنگی فیرعەون ڕزگاری کردوون، تەوراتی بۆ ناردوون، دوای تاوان کردنو گوێرەکە پەرستنیان تۆبەی لێ قبوڵ کردون، کاتێک کە سزای دانو مراندنی جارێکی تر زیندووی کردنەوە، هەوری بۆ کردن بە سێبەر، گەزۆو گۆشتی بەتامی بۆ کردن بە سفرەو خوان، دەسەڵاتی پێدان، کانیاوی بۆ هەڵقوڵاندن، چییان حەز لێ بوو بۆی حەڵاڵ کردن!! ئەمجار لەتەک ئەم هەموو ڕێزو نازو نیعمەتەدا هەڵویستە خیانەتکاری‌یەکانیان دەگێڕێتەوە، سزاو تۆڵەی خودایی کە لەسەر خراپەکاری لێیان ستێنراوە باس دەکا، باسی ئەوە دەکا کە لە ئاکامی سەرپێچی‌کردنەکەیان هەر ڕقو ناڕەزامەندیی خودایان بۆ

مایەوە. کاتێ پشتیان لە ئایینی خودا هەڵکردو پابەندی فەرمانەکانی نەبوون تووشی زەلیلیو ژێر دەستەیی بوونەوە، لەهەموو لایەکەوە بەڵاو موسیبەت رووی تێ کردنەوە، دونیای روناکیان لێ بوو بە شەوە زەنگ، ژیانیان لێ تاڵ بوو!! ئەمەش پەندو ئامۆژگاریەکی مێژوویی‌یە، بۆ ئێمەی موسوڵمان! پێویستە تەمێ خواردو ببینو وانەی خودا پەرستی لێ فێر بین، پێش هەمو شتێکیش واز هێنان لە شوێن کەوتنی ئەو گرۆهانەو سڕینەوەی پێشەوایەتی جولەکە لە مێشکی موسوڵمانان داو چەسپاندنی سەربەخۆییو پێشەوایەتیو رێزداری موسوڵمانان. لە دڵو دەروونی خۆماندا.

﴿یا بني إسرائیل اذكروا نعمتي التي أنعمت علیكم﴾ ئەی نەوەی یەعقووب! ئەمجارەش بۆتان دووبارە دەکەینەوە، شوکرو سوپاسی ئەو نازو نیعمەتانە بکەن کەکاتی خۆی بە باوکو باپیری ئێوەمان بەخشیوە! ﴿وأني فضلتكم علی العالمین﴾ من بەسەر گەلو کۆڕو کۆمەڵی رۆژگاری خۆتاندا زیدە رێزم دابوونێ، پێغەمبەرم لێ ناردن کتێبی ئاسمانیم بۆ ناردنە خوارێ، سەڵتەنەتو دەستەڵاتم پێ بەخشین... قورئانی پیرۆز، جۆری رێزگرتنەکەی یەکالا نەکردۆتەوە، هەر بە موطلەقی فەرمویەتی: ئاشکراشە کە زیدە رێزدان پێیان یەکێکە لەنیعمەتە گەورەکانی خودا بۆ ئەوان، بۆیەش دوای باسی نیعمەت بە تایبەتی زیدە رێزگرتنەکەی دووبارە کردەوە لەبەر گرنگی ئەو بەخششە..

عەقلیەتی جولەکە عەقلیەتێکی لەخۆ بایی بوونو بە خۆ نازینو لوتبەرزی‌یە بەجۆرێک ئەوەیان لەلا چەسپاوەو لەدڵیاندا نەخشی بەستووە کە گەلی جولەکە هەر چۆنێک بنو هەرچی بکەن، چەند ئاژاوە بگێڕنو ئاشووب بەرپا بکەن، پێیان وایە گەلی هەڵبژێراوی خودان، ئەمە رەوشتێکی هەمیشەییو گشتی‌یانە، بۆیە پەروەردگار لە تەک باسکردنی ئەم نیعمەتانەدا لۆمەو سەرزەنشتیان ئاراستە دەکا، لەسەر لادانو پشت

هەڵکردنو لەخۆ بایی‌بوون هەڕەشەیان لیٚ‌دەکا بۆ ئەوەی پێیان بسەلمێنیٚ کە خراپەکارنو ئەگەر واز نەهێنن لە تاوانو بەخۆیاندا نەچنەوە، نەیەنە ژێر ئاڵای ئیسلامو لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی‌دا خۆیان جۆش نەدەن، ئاوێتەی بەرنامەکەی ئیسلام نەبن، ئەوە خودا لێیان دەڕەنجیٚ، کەسێکیش خودای لیٚ ڕەنجا، لە دونیاو قیامەتدا ئۆخەی لە گیانی خۆی ناکا.

دوای ئەوەی بەسەرپێیی‌و بە کورتی باسی نیعمەتو زێدە ڕیزی گەلی ئیسرائیلی کرد، ئەمجار رووی خیطابی تێکردنو ڕۆژی دوایی بیر هێنانەوەو فەرمووی: ﴿واتقوا یوما﴾ خۆتان بپارێزن لەسزای ڕۆژی دوایی، کە لەو ڕۆژەدا ﴿لاتجزي نفس عن نفس شيئا﴾ کەس فریای کەس ناکەویٚ ﴿ولا يقبل منها شفاعة﴾ هیچ کەسێکی موسوڵمان ناتوانیٚ شەفاعەت بۆ کەسێکی تاوانباری کافر بکا، خۆ ئەگەر بیشی‌کا لیٚی وەرناگیریٚ، ئەمە ڕەوانترین ڕەتکردنەوەی بیرو بۆچوونی جولەکەکانە کە دەیانگوت: باوکو باپیرانی ئێمە کە پێغەمبەر بوون شەفاعەتمان بۆ دەکەن، هەروەها ڕەتدانەوەی مەسیحی‌یەکانیشە کە دەیانگوت: حەزرەتی عیسا تاوانەکانیان بۆ هەڵدەگریٚ.

موعتەزیلە ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر نەبوونی شەفاعەت بۆ موسوڵمانی تاوانبار، بەڵام دیارە بۆچوونەکەیان بەچەند دەقێکی تری قورئان ڕەت دەکرێتەوە ، کە ڕاستەوخۆ هەبوونی شەفاعەت دەچەسپێنن کەواتە: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی شەفاعەت بۆ کافران، نەک بۆ موسوڵمانانی گوناهبار. ﴿ولا يؤخذ منها عدل﴾ ئەو کافرانە هەروەکو شەفاعەتیان بۆ ناکریٚ بەدەڵیشیان لیٚ وەرناگیریٚو ﴿ولا هم ينصرون﴾ کەس یارمەتیان ناداو کەس کۆڵیان پێوە هەڵناگریٚو هەوڵیان بۆ نادەن لە سزاو ئازار ڕزگاریان بکەن.

رۆژی قیامەت مەرایی‌و بەرتیل‌و شەفاعەت، یارمەتیدان‌و هاریکاری نامێنن‌و هەموو فەرمان‌و فەرمانڕەوایی‌یەک بۆ خودای پەروەردگارە، دادپەروەرانە، حەق‌و حیسابیان لەگەڵ دەکا.

مامۆستا سەعید حەوا دەفەرموێ: وەبیرهێنانەوەی رۆژی دوایی بۆ جولەکەکان‌و چۆنیەتی حیساب لەگەڵ کردنیان‌و ریزکردنی نیعمەت‌و بەخششەکانی خودا بۆیان تێگەیاندنیانە بەوەی کە ئەوان بەرپرسیارن، لەسەر چاکەو خراپە حسابیان لەگەڵ دەکرێ، بەمەش ئەوەیان لێ داوا دەکرێ کە سوپاسی خودا بکەن نەک لەخۆیان بایی بن، طاعەتی خودا بکەن نەک لێی قاچاغ بن!! ئەرکی سەرشانیان ئەنجام بدەن نەک خۆیان لە ئەرکەکانیان بدزنەوە، لەراستیش‌دا وانەیەکە بۆ موسوڵمانان‌و پێویستە پەندی لێ‌وەربگرن‌و ئەوانیش نەکەونەوە ئەو هەڵەو تاوانانەی کە نەوەی (یعقوب)و گەلەکانی تر تێی کەوتوون، بەداخەوە لەم رۆژگارەدا زۆر لە رۆڵەکانی گەلەکەمان کەوتوونە هەمان ئەو هەڵانەی کە جوولەکە بە درێژایی مێژوو تێی کەوتوون.

دە نیعمەتی گرنگی پەروەردگار کە بە جۆلەکەکانی بەخشیون

وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ
يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ
مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ
وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾ وَإِذْ وَٰعَدْنَا
مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ
﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾

وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾ وَإِذْ قَالَ
مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓا۟
إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ
فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٤﴾

دوای فەرمان پێکردن بە نەوەی یەعقوب کە نیعمەتەکانی خودا بێننەوەیادی خۆیانو بزانن کە خودا لە کاتی خۆیدا زێدە ڕێزی داونیو پاشان فەرمانی پێکردن کە خۆیان لە سزای ڕۆژی قیامەت بپارێزن،، ئەمجار پەروەردگار نیعمەتەکانی خۆی یەکە یەکە بۆ ئەو گەلە ڕیز دەکاو هەموو نیعمەتێکی خۆی بە وشەی (إذ) دەست پێ دەکا، لە هەمووشیاندا مەبەستی سەرەکی ئەمەیە کە موسوڵمانان ئاگاداری خۆیان بنو نەکەونە ئەو هەڵانەی کە نەوەی ئیسرائیل تێی کەوتوون. ئەمانەش نیعمەتەکانن :

١- ﴿ وإذ نجيناكم من آل فرعون يسومونكم سوء العذاب يذبحون أبناءكم ويستحيون نساءكم وفي ذلكم بلاء من ربكم عظيم﴾ ئەی نەوەی یەعقوب بیری ئەونیعمەتەی من بکەنەوە کە پێم بەخشیونو سوپاسی لەسەر بکەن، کە لەچنگی فیرعەون -پادشای میصر-و گەلەکەی ڕزگارم کردن، بێگومان ناشیرین ترین هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دەکردن، جۆرەها ئەشکەنجەو ئازاریان دەدان، کوڕەکانتانیان سەردەبڕیو کچەکانتانیان دەهێشتنەوە بۆ کارەکەریو خزمەتی خۆیان، بەمەش ناموسو شەرەفتانیان دەشکاندو ئەوپەڕی سزاو ناڕەحەتییان ئاراستە دەکردن، بەژێردەستەییو کۆیلایەتی ڕۆژگارتان بەسەر دەبرد.. وشەی (بلاء) دوو مانا هەڵدەگرێ، نیعمەت، یان نیقمەت، لێرەدا بۆ هەردوو ماناکە گونجاوە ئەگەر ئاماژەبێ بۆ هەڵویستو کرداری فیرعەون لەگەڵیاندا

ئەوە مەبەست ناڕەحەتیو نیقمەتە، ئەگەر مەبەست رزگاربوونیان بێ لەچنگی فیرعەونو دارو دەستەکەی ئەوە بەمانا نیعمەتو بەخششە زۆربەی راڤەکەرانی قورئان لەسەر ئەوەن کە وشەی (بلاء) لێرەدا بە مانای نیقمەتو ناخۆشیو ناڕەحەتییە.

٢- ﴿ وإذ فرقنا بكم البحر فأنجيناكم وأغرقنا آل فرعون وأنتم تنظرون﴾

لەم ئایەتەدا پەروەردگار ئەوە دەخاتەوە بیری نەوەی ئیسرائیل کە چۆن دوای ئەوەی لەچنگ فیرعەونو دارو دەستەکەی رزگاری کردنو لەگەڵ حەزرەتی موسادا لەمیصر دەرچوونو بەرەو فەلەستین کۆڕەویان کرد فیرعەون بە خۆیو لەشکرەکەیەوە شوێنیان کەوت، بۆ ئەوەی قەڵاچۆیان بکاو نەهێڵێ لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەربچن، حەزرەتی موساو نەتەوەی ئیسرائیل گەیشتنە سەر لێواری دەرياو رێگایان بەسترا! فیرعەونیش لە دواوەیان بوو رێگای دەرچوونو رزگاربوونیان بڕا، پەروەردگار نیگای بۆ حەزرەتی مووسا کرد کە لە دوازدە شوێنەوە عەساکەی بە دەریادا بهێنێ، ئەویش عەساکەی لە دوازدە جێگاوە بەدەریادا هێناو لەهەر دوازدە جێگاوە ئاوەکە شەق بوو، دوازدە رێگە لەناو دەریاکەدا دروست بوو، ئاوی دەریاکە لەم بەرەو بەری رێگەکانەوە وەک کێو راستبۆوەو بوو بە دیوار، نەوەی ئیسرائیل کە دوانزە هۆز بوون هەر هۆزەی بەرێگایەکدا بەناو دەریادا کەوتنەرێو بە خۆشی پەڕینەوە، فیرعەونو دارو دەستەکەی کە دیتیان رێگای ناو دەریا بە ئاسانیو ئاساییە: یەکسەر ئەوانیش ملیان لێ نا بە شوێنیاندا رۆیشتن پاش ئەوەی پاشەتایان هاتە ناو دەریاوەو پێشەتاکەشیان هێشتا نەگەیشتبوە ئەوبەری دەریا ئاوەکە یەک هاتەوە، فیرعەونو دارو دەستەکەی هەموویان خنکانو حەزرەتی موساو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەو بەرەوە سەیریان دەکردنو ئاگایان لێ بوو چۆن خنکانو

لەناو چوون، بەمەش کفتو کۆی دڵیان دامرکاو دڵنیا بوون لە فەوتانو لەناوچوونی دوژمنی سەرسەختیان.

ئیمامی بوخاریو موسلیمو نەسائیو ئیبن ماجەو ئیمام ئەحمەد لە ئیبنوعەباسەوە حەدیثیك دەگێڕنەوە دەفەرموێ: (پێغەمبەر ﷺ کاتێ هاتە (مەدینە) بینی جولەکەکان ڕۆژی (عاشورا) بەڕۆژوو دەبن: فەرمووی: بۆچی ئێوە لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن؟! وتیان: ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی پیرۆزە، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە پەروەردگار نەوەی ئیسرائیلی لەچنگ دوژمنی سەرسەختیان رزگار کردووە، کاتی خۆی حەزرەتی موسا بۆ شوکرانە بژێریو سوپاسگوزاری ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بووە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: من لە ئێوە بە (موسا) نزیکترم ئیتر بۆخۆشی بەڕۆژوو بوو فەرمانیشی بە هاوەڵانی کرد کە بەڕۆژوو بن؟! (الأساس ج١/١٤٧).

٣- ﴿وإذ واعدنا موسى أربعين ليلة، ثم اتخذتم العجل من بعده وأنتم ظالمون ثم عفونا عنكم من بعد ذلك لعلكم تشكرون﴾ .

پەروەردگار سەرگورشتەیەکی تریان وەبیر دێنێتەوە دەفەرموێ: ئەوە وەبیر خۆتان بهێننەوە کە هەر دوا بە دوای رزگاربوونتان لە فیرعەونو رزگار بوونتان لە دەریا موسامان بانگ کرد بۆ سەر کێوی (طور) چل شەو مایەوە کەچی ئێوە دوای ئەوە بوونە گوێرەکە پەرستو خوداتان لە بیر چووەوە سەرباری ئەم تاوانە گەورەشتان خودا تۆبەی لێ وەرگرتنو عەفووی کردن بۆ ئەوەی بیرێك لە خۆتان بکەنەوەو واز لە تاوانو تاوانکاری بێننو سوپاسگوزاربن.

٤- ﴿وإذ آتينا موسى الكتاب والفرقان لعلكم تهتدون﴾ بیربکەنەوە کە ئێمە تەوراتمان نارد بۆ (موسی)و (فورقان)مان دایە کە بریتی بوو لە ئەو موعجیزەو نیشانانەی کە حەقو بەتاڵ لێك جودا بکەنەوە (وەکو: گۆچانەکەی کەمارە درۆزنەکانی سیحربازەکانی لوول کردنو قوتی دان، یان وەکو: دەستی موبارەکی موسا کە دەیخستە باخەڵیەوەو دەری

دینایەوە سپی دەبوو، دەدرەوشایەوە، یان مەبەست بە (فورقان) ئەو شەرعو یاسایەیە کە درابوو بە موسا، حەقو بەتاڵی لێک جیا دەکردەوە ئەمەش نیعمەتی چوارەم بوو کە کتێبێکی بۆ ناردبوون بۆ ڕێنموویی ژیانیان.

٥- ﴿وإذ قال موسى لقومه ياقوم إنكم ظلمتم أنفسكم بإتخاذكم العجل فتوبوا إلى بارئكم، فاقتلوا أنفسكم ذلكم خير لكم عند بارئكم﴾.

بیربکەنەوە لە ئەو کاتەی کە حەزرەتی موسا بە قەومەکەی خۆی گوت: ئەی گەلو هۆزەکەم! بەڕاستی ئێوە ستەمێکی گەورەتان لە خۆتان کرد کە خوداپەرستیتان لە بیرچووەو دەستتان.کرد بە گوێرەکە پەرستیی! بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەرو دروستکەری خۆتان، دەست بکەن بە کوشتنییەکتریو خوێن ڕشتنو یەکترکوشتن پاساوی ئەو تاوانە گەورەتان بدەنەوە، ئەوە باشەو پەسەندە لای خودای خۆتان! ﴿فتاب عليكم إنه هو التواب الرحيم﴾ ئەمجار پەروەردگار تۆبەی لێ قبوڵ کردنو لێتان خۆش بوو: بێگومان پەروەردگار زۆر لێخۆشبووەو بە رەحمو بەبەزەییە.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتێ موسا ڕۆیی بۆ سەر کێوی طورو مایەوە، دوای ئەو جولەکەکان دەستیان کرد بە گوێرەکە پەرستن، دوایی تۆبەیان لێ قبوڵ نەکرا هەتا بەچەک نەکەوتنە وێزەی یەکتریو دەستیان بە یەکتر کوشتن نەکرد! جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم یەکتر کوشتنەکارێکی زۆر ستەم بوو کەچی خودا منەتیان بەسەردا دەکا کەوا تۆبەی لێ قبوڵ کردون!! ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە تاوانەکەیان زۆر گەورەیەو بە خۆ کوشتن نەبێ پاساو نادرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەوان دوای خوداپەرستیو خودا ناسین وازیان لە پەرستنی پەروەردگاری زاناو داناو بەدیهێنەر هێناو روویان کردە گوێرەکە پەرستیی، کە ئەمە ئەوپەڕی نموونەی بێ عەقڵیو نەفامیو ستەمکاری دەگەیەنێ کەوابوو شایانی ئەو سزایە بوون.

ئەو یەکتری کوشتنە -وەکو لە تەفسیرەکاندا هاتووە- بریتی بووە لەوە کە ئەوانەی گوێرەکەیان نەپەرستو هەر لەسەر خواپەرستی مانەوە ئەوانە بکوژن کە بوونە گوێرەکە پەرست! یان بریتی بووە لەوە کە تێک بەربن هەر کەسە بۆی کرا ئەوی تر بکوژێ! هەرکەسە تووشی هەرکەسێک بوو بێ سێو دوو بیکوژێ! جا کوژراوەکە کوڕی بێ برای بێ خزمی بێ یان بێگانە بێ ، بێگومان جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە لەلایەن جولەکەکانەوە هەڵوێستێکی مێژوویی زۆر دەگمەنو گرنگە، حیکمەتو دانایی خودای تێدا دەردەکەوێ کە ئەو زێدە ڕێزەی داونێ.. لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿ذلكم خير لكم عند بارئكم﴾ واتە: تۆبەکردنو خۆکوشتنتان لەلای خودا باشترە لەبەردەوام بوونتان لەسەر گوناهو تاوان!

ئایەتەکە ئەوەش دەگەیەنێ کە هەرگیز تاوان بە بێ سزادانەوە نابێ، تاوانبار هەرچۆنێک بێ دەبێ سزای تاوانی خۆی وەربگرێ مەگەر خودا بەرەحمەتی خۆی بیبەخشێو عەفوی بکا. ئەوەش دەگەیەنێ کە پێویستە موسوڵمان لەپێناو ڕەزامەندیی خودادا لەدەست دانو کوشتنی خزمو کوڕو براو تەنانەت خۆشی بەلاوە گرنگ نەبێ!!

باقی ماندەو تەواکەری نیعمەتەکانی بەسەر نەتەوەی ئیسرائیل

وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ
ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ
تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ
كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ
يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ فَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ
رَغَدًا وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْ

وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى
قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟
يَفْسُقُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ
ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۖ
كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٦٠﴾

٦- **﴿وإذ قلتم يا موسى لن نؤمن لك حتى نرى ا لله جهرة﴾** بیربکەنەوە ئەو دەمەی کە گوتتان، ئەی موسا: هەتاکو بە ئاشکراو بەچاوی سەر خودامان چاو پێ نەکەوێو نەیبینین ئێمە بڕوا بە تۆ ناکەینو بە پێغەمبەرت نازانین! **﴿فأخذتكم الصاعقة وأنتم تنظرون﴾** ئاگرێک، هەورە تریشقەیەک لە ئاسمانەوە دەوریدانو ئەوانەی ئەو قسە زلەیان کردبوو هەڵی پڕوزاندنو لەناوی بردن، ئێوەش بەچاوی خۆتان ئەم رووداوەتان بینی **﴿ثم بعثناكم من بعد موتكم لعلكم تشكرون﴾** ئەمجارە پاش مردنتان سەر لەنوێ زیندوومان کردنەوە، بەڵکو ئێوە عار بنێنو شوکرو سوپاسی خودا بکەن!

راڤەکەرانی قورئان دەفەرموون: مەبەست لەم لەناوچوونو مردنە، جۆرە بێهۆش بوونێکیان بووە، کە کاتێ هەورە تریشقەکە لێی دان لەترسان بێ هۆش کەوتن وەکو لە سوورەتی ئەعرافدا دەفەرموێ: **﴿واختار موسى قومه سبعين رجلا لميقاتنا فلما أخذتهم الرجفة قال رب لو شئت اهلكتهم من قبل وإياي﴾** واتە: موسا حەفتا پیاوی لە گەلەکەی هەڵبژارد بۆ ئەو ماوەی بۆمان دیاریکردبوو، جا کاتێک لە ترسانا لەرزە گرتنیو بێ هۆش بوون! موسا وتی: خودایە! ئەگەر بتویستایە لەوەپێش منو ئەوانیشت لەناو ئەبرد، جا بەپێی کۆتایی ئایەتەکە کە دەفەرموێ: **﴿لعلكم تشكرون﴾** ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تا ئێستا رەوتی ئایەتەکان هەر

لەچوارچێوەی منەت ناندا هەنگاو دەنێن، ئەمجار ئەوانەی کە هەورەتریشقەکە لێی دان لەشیان هەڵپڕوزاو کە هۆش خۆ هاتنەوە پێویستیان بە سێبەرو فێنکایی هەبوو دەبوایە خواردنێکی خۆش بخۆنو ئاوێکی خۆشو شیرین بخۆنەوە بۆیە بە هەور سێبەری بۆ کردنو لە گەرمی خۆر پاراستنی ئەمەش بە نیعمەتی حەوتەم دەژمێردرێ!

٧- ﴿وظللنا عليكم الغمام﴾ هەورمان هێنایە ژوور سەرتانو سێبەرمان لێکردنو لەودەشتی سینایەدا بۆ هەر شوێنێ بچوونایە هەورەکە لەگەڵیان دەسوڕاو بەرگری تیشکی گەرمی خۆری لێ دەکردنو نەیدەهێشت هەتاو بیان سوتێنێ.

٨- ﴿وأنزلنا عليكم المن والسلوى﴾ ئەمجار گەزۆو پەلەوەری شێلاقەمان بۆ ناردنە خوارێ، واتە: گەزۆ بەسەر دارو درەختەکاندا دەباری ئەوانیش کۆیان دەکردەوە، شێلاقەش کە باڵندەیەکە لە (کەو) گەورەترە (هەندێ دەڵێن: لە چۆلەکە گەورەترە) بە زۆری خودا بۆی ناردن، ئەوانیش راویان دەکردنو گۆشتەکەیان دەخوارد، بۆ خۆشیان ئاژەڵی (ماڵی)یان هەبوو ماستو کەرەو پەنیرو لۆرکئو دۆیان بەرهەم دەهێنا، بەڵام پێویستیان بە بەروبوومو سەوزەی تر هەبوو، جا ئەم پێویسیانەمان بۆ دابین کردنو پێمان گوتن: ﴿كلوا من طيبات ما رزقناكم﴾ بخۆنو بخۆنەوە لەو خواردەمەنییە پاکئو خاوێنەی کە کردومانە بەرزقو رۆژیی ئێوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەرپێچیان کردو پاشگەزبوونەوەو ستەمیان لە خۆیان کرد، ئەو هەموو نازو نیعمەتو موعجیزەو یارمەتیدانە وای لێ نەکردن سوپاسی خودا بکەن ﴿وما ظلمونا﴾ نەیان توانی ستەم لە ئێمە بکەنو زیانمان پێ بگەیەنن ﴿ولكن كانوا أنفسهم يظلمون﴾ بەڵکو ئەوان ستەمیان لەخودی خۆیان کرد، چونکە زیانی تاوانەکانیان هەر روو بە رووی خۆیان دەبێتەوەو بۆ خۆیان تووشی سزای سەخت دەبن.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ چەند ورە بەرزو خۆڕاگرو پشوو درێژ بوون، لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتیو برسێتیو تینوویەتی یەی کە لەغەزاکانیاندا تووشیان هات، بە تایبەت لەغەزای تەبووکدا، کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا هەرگیزاو هەرگیز داوای شتێکی نائاساییان لە پێغەمبەر نەکرد! تەنانەت کاتێک برسییەتی تینی بۆ هێنان داوایان کرد کە ئەو ئەندازە خواردنەیکە ماویانە زۆر بکرێ بۆیان، جا هاتن ئەو خواردنەی لایان بوو هەموویان تێکەڵاو کردو پێغەمبەر ﷺ نزای کردو پاڕایەوە ئیتر هەورێک پەیدا بوو بارانی بۆ باراندن ئاویان خواردەوە حوشترەکانیان ئاودان کە دوایی سەیریان کرد باران بارینەکە لەدەوروبەری سەربازگەکە تێپەڕی نەکردبوو!

٩- ﴿وإذ قلنا ادخلوا هذه القرية فكلوا منها حيث شئتم رغدا وادخلوا الباب سجدا﴾ بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە دوای ئەوەی لە دەشتی سینا دەرچوونو حەزرەتی موسا لە دونیا دەرچوو یوشعی کوڕی نون بوو بە (جێگری موسا) پێمان گوتن: بچنە ناو ئەم شارەوە کە (بیت المقدس)ە یان (اریحا) بووە، لەوێدا هەموو جۆرە خواردنێکی خۆشو بەتام هەیە لەهەر شوێنێ حەز دەکەن بە تێرو تەسەلی بخۆنو بخۆنەوە، ئەمجار کاتێک گەیشتنە ئەودەرگایەی بۆتان دیاری کراوە کڕنووش بۆ خودا بەرنو بە مل کەچی یەوە بچنە ژوورەوە، بە دەم چوونە ژوورەوەتان لەسەر شێوەی کڕنووش بردن ﴿وقولوا حطة﴾ بڵێن: خودایە! لێت دەپاڕێینەوەو نزات لێ دەکەین کە گوناهەکانمان لێ هەڵوەرێنیو لێمان داڕنی ﴿نغفر لكم خطاياكم﴾ ئێمەش لە گوناهەکانتان خۆش دەبینو ﴿وسنزيد المحسنين﴾ بۆ چاکەکاری پاداشتی چاکەیان بۆ زیاتر دەکەین، ﴿فبدل الذين ظلموا قولا غير الذي قيل لهم﴾ کەچی ستەمکاران ئەو شێوە چوونە ژوورەوەیانو جۆری پاڕانەوەکەیان گۆڕی بە شتێکی تر واتە: نزاو پاڕانەوەیەک فێرکرابوون کەبیڵێن بریتیبوو لە داوای لێخۆشبوون

ئـەوان گۆڕییـان بـە وشـەیەکی تـر لـە جیـاتی ئـەوەی بلێـن: (حطـة) دەیـانگوت: (حنطـة) واتـە: گـەنم، پێیـان گوتـرا بـوو لـەکاتی چوونـە ژوورەوەدا لەشێوەی کڕنـووش بـردودا بچنـە ژوورەوە کـەچی ئـەوان بـە قنگەخشکێ چوونە ژوورەوە!

﴿فأنزلنا على الذين ظلموا رجزا من السماء بما كانوا يفسقون﴾ ئێمـەش ڕشـتمان بەسـەر ئەوانـەی سـتەمیان کـرد سزایەکی بـەئێش لـە ئاسمانەوە بـە هـۆی ئـەو سـەرپێچییەی کـە کردیـان لـە جێبـەجێکردنی فەرمانەکەمان دا.

دوو ئایەتەکانی پێشووتر ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـەن کـە نـازو نیعمـەت دەبێ شوکرو سوپاسی لەسەر بکرێ، شوکرو سوپاسیش دەبـێ بـەو تەوبـەو کردەوەبـێ ئـەوەش دەگەیـەنن کـە فەرمانەکـە چۆنـەو چـۆن داوای ئـەنجامدانیو تـەواوکردارەکان دەکـا دەبـێ ئـاوا جێبـەجێ بکرێـن گۆڕانکارییان تێدا نەکرێ، ئەوەشیان تێدایە کە هەرگیز تاوان بێ سزادان نابێ، جا زوو بێ یا درەنگ، ئەمجار پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکـا کـە نیعمەتێکی تری خودا وەبیر خۆیان بێننـەوە ئـەویش دابـین کردنـی ئـاوی سافو گەوارایە لە کاتی پێویستی کە دەفەرموێ:

١٠- ﴿وإذ استسقى موسى لقومه فقلنا اضرب بعصاك الحجر فانفجرت منه اثنتا عشرة عينا﴾ بیربکەنەوەو سوپاسـم بکـەن لەسـەر ئـەو نیعمەتەی بەسەر ئێوەدا ڕشت کە بریتی بوو لـە وەڵامدانـەوەی ئێمـە بـۆ پێغەمبەرەکـەمان کـاتێ داوای ئـاوی کـرد بـۆ خواردنـەوەو پێداویسـتی هۆزەکـەی، ئێمـەش پێمـان گـوت: عەسـاکەت لـەو بـەردە بـدە! -جـا یـا بەردێکی تایبەتی بووە یان مەبەست جینسی بەردە- ئەویش بە فـەرمانی خودا عەساکەی لە بەردەکەدا، ئیتر لە هەر چوار لاوە ئاوی لێ هـەڵقوڵا، هەر لایەی سێ سەرچاوە واتـە: دوانـزە سـەرچاوەی ئـاو بەئـەندازەی هـەر دوانزە هۆزەکەی نەوەی یەعقوب بۆ هەر هۆزێک کانیاوێک هەڵقوڵا ﴿قد

علم كل أناس مشربهم﴾ هەرگرۆهێک لەوان دەیزانی کامە سەرچاوەوکانیاوی خۆیانە.. ئا بەو جۆرە لەودەشتە کاکی بە کاکی یەدا خواردەمەنی گەزۆو گۆشتی پەلەوەریان بۆ دابین کرا، ئاوی سافو سازگارو رەوانمان لە بەردی رەقو تەق بۆ هەڵقوڵاندن هەمووشیان لە خوداوە بوون ماندوبوونی ئەوانی تێدا نەبوو پێمان گوتن ﴿كلوا واشربوا﴾ بخۆنو بخۆنەوە لەو خۆراکو ئاوو شیرو شلەمەنییە خۆشانە ﴿ولا تعثوا في الأرض مفسدين﴾ سەرباری ئەو هەموو نیعمەتانەمان بۆ ئێوە، درێژە بە لاساریو ئاشووب گێڕی خۆتان مەدەن وەلەزەویداچی دی خراپە بەرپا مەکەن!

خوێنەری هێژا ! بە کۆتایی ئەم ئایەتە وێنەی حاڵو چۆنیەتی ئەو نیعمەتانەی کە لەدەشتەکەدا پێیان درابوو تەواو بوو، ئەمجار دوا بەدوای ئەم ئایەتە ئایەتێکی تر دێتە پێشەوە کە جۆرە سروشتێکی تری جولەکەکانمان نیشان دەدا: ئەویش چلێسیو هەتیومچەییانە، شتی باشو حەڵاڵیان دراوەتێ کەچی داوای شتی خراپ دەکەن، گەزۆو گۆشتی پەلەوەریان بۆ دابین کراوە چاویان لە پیوازو نیسکو نۆکە.

چاوچنۆکی جولەکەکانو برێ لە تاوانەکانیان

وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ ۚ ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّۦنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾

﴿وإذ قلتم یاموسی لن نصبر علی طعام واحد﴾ ئەوە بیری خۆتان بهێننەوە کە رەخنەتان لەو خواردنە خۆشانە گرتو وتتان: ئەی موسا! ئێمە لە ئێستا بەوەلاوە بەم جۆرە خواردەمەنی‌یە رازی نابین چیدی پێی مەدار ناکەین! جا هەرچەندە خواردەمەنی‌یەکەی ئەوان گەزۆو گۆشتی شێلاقە بوو بەڵام چونکە هەموو رۆژێ دووبارە بوەتەوەبەیەکێ خواردەمەنییان حیساب کردووە ﴿فادع لنا ربك﴾ داوامان بۆ لە خودا بکە ﴿یخرج لنا مما تنبت الأرض﴾ ئەوەمان بۆ دابین کا کە زەوی دەیروێنێ ﴿من بقلها﴾ لە سەوزاواتی‌و ﴿وقثائها﴾ خەیارو ﴿وفومها﴾ گەنم، یان سیر، ﴿وعدسها﴾ نیسکی، ﴿وبصلها﴾ پیازی.. ﴿قال أتستبدلون الذي هو أدنی بالذي هو خیر﴾ موسا فەرمووی: ئایا ئێوە داوای ئەو شتە خراپانە دەکەن کە لە شوێنی گەزۆو گۆشتی بەلەززەتی شێلاقە داوای کەرەوزو نەعناو خەیارو سیرو پیازو ئەو جۆرە شتانە دەکەن؟! ئەگەر حەزتان لەو جۆرە شتانەیە؟ دە ئازابن خۆتان لەم دەشتی سینایە دەرباز بکەن ﴿اهبطوا مصرا فإن لکم ماسألتم﴾ داگەرێنە ناو شارێکێ لەم شارە نزیکانەی وڵاتی فەلەستین، هەر شارێکێ بچنە ناوی ئەو جۆرە شتانەی تێدا دەست دەکەوێ، چیتان بوێ لەم جۆرە شتانە زۆرو زەبەندەیەو پێویست ناکا دوعا لە خودا بکەم!! یان مانای وایە موسا بە شێوەیەکی گلەیی ئامێزو سەرکۆنەکردن پێیان دەڵێ: ئەگەر ئێوە بەم نازو نیعمەتو پلەو مەقامە رازی نین بگەرێنەوە بۆ شاری میصر ئەو شارەی کە لێی وەدەرنران! بگەرێنەوە بۆ ئەو ژیانە کولە مەرگی‌یە ژێردەستەیی‌یەی کە بارتان پێوە گرتبوو، لەوێ نیسکو پیازو سیرو خەیارو کەرەوزو گەنمتان دەس دەکەوێ.. ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە بۆ ئێوە دانراوە وازی لێ بێنن، چونکە وا دیارە ئێوە ئەو پیاوە نین کە ئیشی پیاوانە ئەنجام بدەن!! [1] ﴿وضربت علیهم الذلة والمسکنة﴾ زەلیلی‌و

[1] مامۆستا سعید حەواو سید قطب ئەم مانایەیان بەلاوە پەسندە . ﴿ الاساس ج١/١٥٣ ، فت خلال

ریسوایی‌یان بەسەردا دراو مۆری خوێڕیەتی‌و چاوچنۆکی‌و پڕوپوچی‌یان پێوە نرا ﴿وباءوا بغضب من الله﴾ نارەزامەندی خودایان بۆ خۆیان هێنایەوە، بێگومان ئەم زەلیلی‌و ریسواکردنەیان‌و خەشم‌و نارەزامەندی خودا لێتان لەرووی مێژوویی‌یەوە لەسەردەمی حەزرەتی موسادا نەبوو بەڵکو ئەمە بەچەند چینێک دوای لە دونیا دەرچوونی موسا بووە، دەی بۆ لێرەدا دەست پێشکەری کردو ئەم چۆنیەتەی کە ریسوابوون‌و بێ‌نەوایی‌یانەی دوا بە دوای وتەکەی موسا هێنا؟! بۆ ئەوەی گونجاو بێ لەگەڵ هەڵویستی جولەکەکان کە لەجیاتی گەزۆو گۆشتی شێلاقە، داوای کەرەوزو پیازو سیرو خەیاریان کرد ﴿ذلك﴾ ئەم ریسوایی‌و سوکایەتی پێ‌کردنە کە بەبالاّیان برا. ﴿بأنهم كانوا يكفرون بآيات الله ويقتلون النبيين بغير الحق ذلك بما عصوا وكانوا يعتدون﴾ بە هۆی ئەوەوە بوو کە بڕوایان بە موعجیزاتی پێغەمبەران نەدەکردو پێغەمبەرانیان بە نارەوا دەکوشتن، ئەم سەرپێچی کردنەو پڕکێشی کردنەیان بۆ تاوان؛ بە هۆی ئەوە بوو کە لە خودا عاسی بوون‌و دەست درێژییان دەکردو سنووریان دەبەزاند! بەڵێ سەرباری ئەو هەموو نیعمەت‌و ریزەی کە پێیان درابوو بڕوانەکردنیان بە نیشانەکانی خوایەتی خوا، بە موعجیزاتی پێغەمبەران هەروەها بەرەنگاری کردنی پێغەمبەران‌و یاخی‌بوونیان لە خوداو دەست درێژی کردن‌و سنوور بەزاندنیان بوو بە هۆی زەلیل بوون‌و ریسوا بوونیان‌و بارینی بەلاّو موصیبەت بۆ سەریان، بەجۆرێک کە ریسوایی‌و بێ‌نەوایی لە هەموو لایەکەوە دایگرتن‌و وەکو خێمە داپۆشین. بێگومان مێژووی هیچ گەلێک بە ئەندازەی مێژووی نەوەی ئیسرائیل دڵ رەقی‌و سەرسەختی‌و دەستدرێژی‌کردنی تێدا نیە! کەس ئەوەندە لەگەڵ پێغەمبەران ناکەس بەچەو خوارو خێچ نەبوون، پێغەمبەرانیان کوشتن، سەریان بڕین لەناودارا بەمشار دایان هێنان کە ئەمە گەورەترین تاوان‌و پیسترین هەڵویست‌و

٩٤/١.

خیانەتکاری‌یە کە بەرامبەر بانگەوازی‌کەرانی حەق‌و راستیتی کراوە. دەرحەق بە پێغەمبەرانی خودا ئەنجام دراوە، لە کوفرو سەرپێچی‌کردندا گەیشتنە ئەوپەڕو بە قێزەونترین شێوە دەستدرێژییان کرد، بەناشیرینترین شێوە لە خودا یاخی بوون، مێژوویان پڕە لە پۆخلاواتو خیانەتکاری‌و سنووربەزاندن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا داوای سەیرو سەمەرەیان هەبوە، زمان درێژو چەقە چەناوو بێ شەرم‌و حەیاو بێ ئابڕوو، هەموو کاتێ پێیان وا بووە هەر ئەوان لەسەر حەقن، هەر ئەوان گەلی هەڵبژێراوی خودان، پاداشی خودا هەر بۆ ئەوانەو بەس، نازونیعمەتی خودا هەر شایانی ئەوانەو نابێ بۆ کەسی تر بێ..

لێرەدا قورئانی پیرۆز ئەم داوایەیان رەت دەکاتەوە بەم ئایەتەی دوایی یاسایەکی گشتی دادەنێ ئەویش یاسای بڕوابوون بە خودایە هەرکاتێ هەرکەسێ خۆی تەسلیم بە خودا کردو کرداری باش بوو، ئەوە ئەو کەسە لای خودا بەندەی راستاڵ‌و باشە، فەضل‌و نیعمەتی خودا هەر بۆ ئەوجولەکانە پاوان نەکراوە، بەڵکو بۆ موسوڵمانانە بۆ خوداپەرستانە لەهەموو کات‌و شوێنێکا هەر کەسە بەپێی ئەو ئایینەی کە لەسەری بووەو لای خودا پەسەند بووە تا ئەو رۆژەی ئایینێکی گشتی دێ کە ئایینی ئیسلامە.

دوارۆژ هەر بۆ موسوڵمانانە

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار کردەوەوهەڵویستی جولەکە پێشینەکانی بۆ جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ هێنایەوە ئاکام‌و سەرەنجامیانی

روون کردەوە، ئەمجار یاسایەکی گشتی خۆی باس دەکا کە بریتیە لەوەی هەرکەسێکێ ئیمانی بە خودا هەبووبێ کردەوەی چاکێ بووبێو بە مراد گەیشتووە دەفەرموێ: ﴿إن الذين آمنوا﴾ بێگومان ئەوانەی شوێن پێغەمبەر کەوتونو بەڕاستی بڕوایان پێ هێناوە ﴿والذين هادوا﴾ ئەوانەی بڕوایان بەتەورات هەیە، یان ئەوانەی لە پەرستنی گوێرەکە ژێوان بوونەوە ﴿والنصارى﴾ ئەوانەی بڕوایان بەحەزرەتی عیسا کردو شوێن پەیامەکەی کەوتن ﴿والصابئين﴾ زانایان دەربارەیان سێ رایان هەیە: یەکەمیان دەڵێن: ئەوانە گەلێکن ئەستێرەو فریشتەیان پەرستووەو ئێستاش پاشماوەیان لە عێراقدا ماوە، دووەمیان دەڵێن: بەوانە دەگوترێ (صابئة) کەوازیان لە ئایینی بەتاڵ هێنابێو بۆ لای خودا گەڕابنەوەو نەزانن ئایینی راست کامەیە.

سێیەم دەڵێن: ئەوانە ئەو ئادەمیزادانەن کە پەیامی هیچ پێغەمبەریکیان پێ نەگەیشتبێ جگە لە خودا کەسی تریان نەپەرستبێ:

﴿من آمن با لله واليوم الآخر وعمل صالحا﴾ ئەوانەی بڕوایان بە خوداو بە رۆژی قیامەت هەبوەو لەهەمان کاتیشا کرداری باشیان کردووە ﴿فلهم أجرهم عند ربهم ولا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ ئەم چوار کۆمەڵە لای خودای خۆیان پاداشیان دەدرێتەوە، هیچ ترسو نارەحەتیەکیان لەسەر نیەو خەمو خەفەتیان تووش نابێ. ترسی داهاتوویان نیەو دڵنیان لە سەرەنجامی خۆیانو پەرۆشی رابوردووی خۆیان نیەو لەکرداری خۆیان پەشیمان نین.

جا بۆ ئەوەی باسەکە روون بکەینەوە، دەڵێین: دوای هاتنی ئاینی ئیسلام ریگە نەماوە بۆ جولەکەو فەلەو صابیئەو ئاگرپەرست (مجوسی) کە جگە لە ئاییینی ئیسلامو شوێن کەوتنی پێغەمبەری ئیسلام هیچ ئاییینێکی تر پەیڕەوبکەن، مەگەر بانگەوازی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێ ئەوە ئەو کاتە موکەلەف نابن. لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا کە ئیمامی

موسلیم گێڕاویەتیەوە دەفەرموێ: ﴿**والذي نفسي بيده لايسمع بي أحد من هذه الامة يهودي ولا نصراني ثم لم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار**﴾ واتە: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هەرکەسێک لەم کۆمەڵی ئادەمیزادە جولەکە بێ، فەلە بێ، هەر کەسێکی تر بێ بانگەوازی منی پێ گەیشتبێو ئیمان بە پەیامەکەم نەهێنێ ئەوە کافرەو ئەهلی دۆزەخەو ڕۆژی قیامەت دەخرێتە ناو دۆزەخەوە) کەوابێ مەبەست بە (یەهود) ئەو جولەکانەن کە پێش هاتنی حەزرەتی عیسا هەبوونو بڕوایان بە عیسا نەکردووە، ئەوە گومڕاو کافرن. مەبەست بە (نصاری) ئەو فەلانەن کە پێش هاتنی حەزرەتی محمد ﷺ هەبوون کە بەڕاستی لەسەر ئایینی مەسیح ماونەوە، بەڵام دوای هاتنی پێغەمبەری ئیسلام هەر مەسیحیەک ئیمانی پێ نەهێنابێ ئەوە گومڕاو کافرە هەروەها (صابیئە)کانیش تا هاتنی پێغەمبەر بە هانەدارن (مەعذورن)، بەڵام دوای هاتنی پێغەمبەر هەرکەسێک لە (صابئة) ئیمان بە پێغەمبەر نەهێنێ گومڕایە، دەمێنێتەوە پرسیارێک هەیە بکرێ بۆچی لەسەرەتای ئایەتەکەدا فەرمووی: ﴿إن الذين آمنوا﴾ ئەوانەی بڕوایان هەیە دیارە مەبەست بەوانە ئۆمەتی حەزرەتی موحەممەدە ﷺ خۆ ئەمانە لەرووی مێژووییەوە دوا ئۆمەتن بۆچی پێشی خستن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە موسوڵمانان چونکە بڕوایان بە هەموو پێغەمبەرانی رابوردوو هەیە لەبەر ئەوە ئیمانداری بوەتە ناو بۆ ئەوان. هەروا قورئان درێژە بە ریزکردنی سەرپێچی کردنەکانی جولەکەکان دەدا ئەوەیان بەسەردا دەچەسپێنێ کە ئەوانە هەرگیز لەسەر وادەو پەیمانی خۆیان بەردەوام نەبوون هەرزوو ژێوان بوونەوەو پشتیان هەڵکردووە.

بڕێ لە تاوانی جولەکەو سزادانیان لەسەر تاوانەکانیان

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ
وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۖ فَلَوْلَا
فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ
ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾
فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾

ئایەتەکانی پێشوو وەبیرخستنەوەی نیعمەتەکانی خودابوو بەسەر جولەکەکاندا ئەم ئایەتانە هەڕەشەلێکردنو سەرزەنشت کردنیانە بەهۆی سەرپێچیکردنو تاوان ئەنجامدانیانەوەو دەفەرموێ: ﴿وإذ أخذنا میثاقكم﴾ بیربکەنەوە کاتێ پەیمانمان لێ وەرگرتن کە پەیڕەوی فەرمانەکانی تەورات بکەنو چۆن دەفەرموێ ئاوا پەیڕەوی بکەن، کەچی دوایی بەلاتانەوە قورس بوو، وتتان: ئێمە ناتوانین ئەم ئەرکانە ئەنجام بدەینو بۆمان قبوڵ ناکرێ: ﴿ورفعنا فوقكم الطور﴾ کێوی (طور)مان وەکو هەور هێنایە ژوور سەرتانو موسا پێی گوتن: ئەگەر گەردنکەچ نەبن! ئەم کێوەتان بەسەردا دەڕووخێ، ئەمجار بە ناچاریو لەترساندا قبوڵتان کردو هاتنە سەر ڕێگا، ئەمجار پێمان گوتن: ﴿خذوا ما آتیناكم بقوة﴾ ئەم تەوراتەی بۆمان ناردون بە ڕێکو پێکی وەری بگرنو بە ڕاستو دروستی کاری پێ بکەن، بە دڵسۆزیو لێبوردوییی فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، ﴿واذكروا ما فیه لعلكم تتقون﴾ بیربکەنەوە لەو فەرمانو فەرموودانەی تێیدان بە وردی تێیان بفکرن، بەڵکو خۆتان لە سەرپێچی فەرمانی بپارێزنو لە سزای خودا ڕزگارتان بێ، بەڵام کوا ئێوە وادەو پەیمانتان هەیە؟!

کەی پابەندی وادەو بەڵێنی خۆتان بوون؟! کوا تا سەر لەسەر ڕێگای ڕاستو دروست ماونەوە: ﴿ثم وليتم من بعد ذلك﴾ پاشان پشتتان هەڵکردو هیچ گوێتان بەوادەو پەیمانەکانتان نەداو هەڵتان وەشاندنەوە، ﴿فلولا فضل الله عليكم ورحمته﴾ ئەگەر میهرەبانیو بەخششو بەزەیی خودا نەبوایە کە دەس بەجێ سزای نەدانو ڕێنومایی کردن بۆ تۆبەکردنو بەردەوام بوون لەسەر ناردنی پێغەمبەران بۆ سەرتان ﴿لكنتم من الخاسرين﴾ لە کۆمەڵی خەسارەت مەندان دەبوونو لە دونیاو قیامەتدا تووشی سزای سەخت دەبوون!!

جارێکیتر پەروەردگار فرتو فێڵی جولەکەکان دەردەخا، لاساریو بێورەییو خۆڕانەگرییان لەبەرامبەر حەزو ئارەزووبازییاندا دەخاتە ڕوو ﴿ولقد علمتم الذين اعتدوا منكم في السبت﴾ بێگومان خۆتان باش دەزانن ئاگاتان لێیە چۆن ئەو جولەکانە ستەمیان کردو لە ڕۆژی شەممەدا سنووری بۆ دانراویان بەزاند، ئەوەبوو داوایان لە خودا کرد کە ڕۆژێکیان بۆ بکاتە ڕۆژی حەسانەوەو ئیشی تێدا نەکەن، پەروەردگاریش ڕۆژی شەممەی بۆ کردن بە ڕۆژێکی پیرۆزی وەها کە نابێ هیچ کارێکی تێدا بکەن، ئەمجار خودا تاقیکردنەوە، بەوە کە لەشەممەدا ماسی زۆر دەبوونو ئەوانیش ڕێگایان نەبوو ڕاویان بکەن، لە ڕۆژەکانی تریشدا ماسی نەبوو ڕاوی بکەن، ئیتر ئەوان لەو ڕۆژەدا کە ڕاوکردنی تێدا قەدەغە بوو لە دەوروبەری دەریاکەدا گۆماویان دروست دەکردنو ئاویان بۆ هەڵدەبەستنو ماسی دەهاتنە ناو گۆماوەکانەوە، ئەمجار ئاوەکەیان لێ دەبڕینو ڕۆژی دوایی دەهاتنو ماسییەکانیان دەگرتن، ئیتر لە سزای ئەم بەد ڕەفتارییەیاندا لەسەر ئەو چاوچنۆکیو چڵێسییەیان ﴿فقلنا لهم كونوا قردة خاسئين﴾ پێمان گوتن : دە ببن بە مەیموونی هیچو پووچی بێ نرخو ناشیرین، لە پایەو پلەی ئادەمی دابەزنو ئێوە شیاوی ڕێزو پلەو پایەی ئادەمیزاد نین، بچنە ڕیزی جانەوەرانەوە، کە هەر هەوڵو تەقەلای

گەدەو گیپاڵیانەو خواردنەوە نەبێ هیچ مەبەستێکی تریان نیە ﴿فجعلنها نكالا﴾ ئێمە ئەو بە مەیمون کردنەی ئەوانمان کردە سزاو عیبرەت ﴿لما بين يديها وما خلفها﴾ بۆ دانیشتوانی شارو دیهاتەکانی دەوروبەریان ﴿وموعظة للمتقين﴾ هەروەها پەندو ئامۆژگارییە بۆ خواپەرستانی دوا خۆیان تا رۆژی قیامەت!

لەم سێ ئایەتەدا پەروەردگار چەند رەوشتێکی ناشیرینو ناجوامێرانەی جولەکەکانی بۆ دیاری کردین.

١- روو وەرگێڕانو پشت هەڵکردنیان لە نێگای خوداو فەرمانەکانی لەگەڵ ئەو نیشانەو بەڵگانەی کە راستی ئەو پەیامانەی خودایان دەچەسپاند کەچی ئەوان هەر سەرپێچییان تێدا کردنو بڕوایان پێ نەکردن..

٢- فرتو فێڵ کردن بۆ خۆ رزگارکردن لە فەرمانو نەهییەکانی پەروەردگار بەدیمەو رواڵەت پەیڕەویان دەکردو لەناو دڵیاندا بڕوایان پێ نەبوو؟!

چیرۆکی سەربڕینی مانگاکە

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا
هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ
يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ
بَيْنَ ذَٰلِكَ ۖ فَٱفْعَلُوا۟ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا
لَوْنُهَا ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾

قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ
ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُواْ ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ
بِٱلْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَْٰٔتُمْ
فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ
كَذَٰلِكَ يُحْىِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾

ئەمجار پەروەردگار رەوشتێكی تری جولەكەكان باس دەكا ئەویش رەوشتی دەم درێژیو چەقەچەناویو رارایی‌و دڵەڕاوكێ‌و بڕوا نەكردنو زۆر قوڵبونەوەو شیكردنەوەی نابەجێیە، بەهیچ شتێك بڕواناكەنو دڵیان ناو ناخواتەوە..

﴿وإذ قال موسى لقومه إن الله يأمركم أن تذبحوا بقرة قالوا أتتخذنا هزوا﴾ بیربكەنەوە ئەو كاتەی -كە بۆ دۆزینەوەی بكوژی كوژراوێك، چوونەلای موساو- ئەویش پێی گوتن خودا فەرمانتان پێ دەكا كە مانگایەك سەرببڕن، وتیان ئایا تۆ گاڵتەمان پێ دەكەی؟ ئێمە بۆچی هاتوینە لاتو تۆ چیمان پێ دەڵێی؟ موسا وەڵامی دانەوە بەشێوەیەكی نەرمو نیان ﴿قال أعوذ بالله أن أكون من الجاهلين﴾ وتی: پەنا دەگرم بە خودا كە من لەكاتی راگەیاندنی فەرمانی خودادا گاڵتەبازیی بكەمو نەزانانە هەڵسو كەوت بنوێنم، كەی گاڵتەچێتی لەگەڵ پلەو پایەی پێغەمبەرییدا لەگەڵ بەرپرسیاریەتی مندا دەگونجێ؟! ئەمجار ﴿قالوا ادع لنا ربك يبين لنا ماهي﴾ وتیان: داوا لە خودات بكە پێمان بڵێو بۆمان روون بكاتەوە شێوەو چۆنیەتی ئەو مانگایە چۆن بێ ﴿قال إنه يقول إنها بقرة لا فارض ولا بكر عوان بين ذلك﴾ دەفەرموێ: ئەو مانگایەی كە سەری دەبڕن دەبێ مانگایەكی نە پیر نە گەنجی مام

ناوەندی بێ، ﴿فافعلوا ما تؤمرون﴾ ئیتر چیدی لێی مەکۆڵنەوە ئەوەی پێتان گوترا بچن ئەنجامی بدەن، ئیتر لە جیاتی ئەوەی گوێڕادیری ئامۆژگاریەکانی حەزرەتی موسا بکەن ﴿قالوا ادع لنا ربك يبين لنا ما لونها؟﴾ ووتیان: داوا لە خودا بکە پێمان بڵێ رەنگی مانگاکە چۆن بێ؟! ﴿قال إنه يقول إنها بقرة صفراء فاقع لونها تسر الناظرين﴾ فەرمووی: خودا دەفەرموێ ئەو مانگایە مانگایەکی زەردی زۆر زەرد بە جۆرێک کە هیچ جۆرە رەنگێکی تری تێکەڵاو نەبووبێ، جا پێویست بوو بەمەندە کۆڵیان بدایەو بەو وەصفانە مانگایەکیان دیاریبکردایە، بەڵام بەمەش وازیان نەهێنا ﴿قالوا ادع لنا ربك يبين لنا ماهي﴾ ئەمجارەش پرسیاری پێشوویان دووبارە کردەوە، وتیان: داوا لە خودات بکە بە تەواوی شێوەو روخساری مانگاکەمان بۆ روون بکاتەوە ﴿إن البقر تشابه علينا﴾ بێگومان مانگای تەمەن ناونجی رەنگ زەرد زۆرن، نازانین کامەیان هەڵبژێرینو سەری ببڕین ﴿وإنا إنشاء الله لمهتدون﴾ ئێمە پشت بە خودا ئەمجارە دەگەینە ئامانجو ئەو مانگایەمان دەست دەکەوێ، یان بکوژی کوژراوەکە دەدۆزینەوە ﴿قال إنه يقول إنها بقرة لا ذلول تثير الأرض﴾ وتی: خودا دەفەرموێ: ئەو مانگایە مانگایەکە جوتی پێ نەکراوە نیشانەی ئیش پێکردنو ماندووبوونی پێوە دیار نیە ﴿ولا تسقي الحرث﴾ بەکارنەهێنراوە بۆ ئاو هەڵێنجانو ئاودانی زەویوزار، ﴿مسلمة﴾ هیچ عەیبو شوێنەواری کارپێکردنی پێوە دیار نییە ﴿لاشية فيها﴾ زەردیکی پەتییە، پەڵەو خاڵی لە رەنگی تری پێوە نیە ﴿قالوا الآن جئت بالحق﴾ وتیان: ئێستا بە تەواوی شێوەو نیشانەی مانگاکەمان لا ئاشکرا بوو هیچ لێڵییەکی تێدا نابینین... ئەمجار هەوڵیان داو گەڕان مانگایەکیان دۆزییەوە هەموو سیفەتەکانی تێدا بوون ﴿فذبحوها﴾ سەریان بڕی ﴿وما كادوا يفعلون﴾ خەریک بوون کارەکە ئەنجام نەدەن جا یان لەبەر گرانی نرخی مانگاکە، یان لە ترسی ئاشکرابوونی تاوانی کوشتنی کوژراوەکە.

راڤەکـەرانی قورئـــان دەفـەرموون: سـەرەتای سەرگوروشـتەکە لـە خوێندنەوەدا دواخراوە ئەم ئایەتەیە کـە دەفـەرموێ: ﴿وإذ قتلتم نفسا﴾ بیربکەنەوە کاتێک پیاوێک -خزمێکی خۆتـان کوشـت ﴿فادارأتم فیها﴾ کەوتنە کێشەو نیزاعەوە، هەریەکەتان تاوانی کوشتنەکەیان دەخستە سـەر یـەکێکیتر ﴿وا الله مخرج ماکنتم تکتمون﴾ خـوداش ئــەو مەبەسـتەی لەدڵتاندا بوو دەریدەخاو ناهێڵێ ئاوا بە شاردراوەیی بمێنێتـەوە ﴿فقلنا اضربوه ببعضها﴾ وتمان: بەشێک لە لاشەی مانگا سەربڕاوەکە بکێشن بە جەستەی کوژراوەکـەداو، کـوژراو زیندووبـووەو دەسـت نیشـانیبکوژەکەی خۆی کرد ﴿کذلك یحي ا الله الموتـی﴾ بەوێنـەی ئەوکوژراوەکـە زیندوومـان کردەوە هەر ئاواش ڕۆژی قیامـەت مـردوان زیندوودەکەینـەوە ﴿ویریکم آیاته لعلکم تعقلون﴾ نیشانەی خودایەتی خۆیو بەڵگـە لەسـەر توانـاییو بەدەسـەڵاتی خـۆی پیشـانی ئێـوە دەدا بـەڵکو ئێـوە بـیرێک لـەخۆتان بکەنـەوەو بــەراوردی ئــەوە بکــەن کــە کەسـێک بتوانـێ مردوویـەک زیندووبکاتەوە دەتوانێ هەموو مردوویەک زیندووبکاتەوە کەچی لەجیاتی پـەند وەرگرتـنو تـەمێ بـوونو گەڕانـەوە بـۆ لای خـودا زیـاتر پێتـــان لێ هەڵبڕیو دڵڕەق تر بوون.

دڵڕەقی جولەکەکان

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾

﴿ثـم قسـت قلوبکـم مـن بعـد ذلـك﴾ دوای زیندووکردنـــەوەی کوژراوەکە، یان دوای پیشـاندانی ئـەو هـەموو نیشـانانەی کـە خودایـەتی

خودا دەچەسپێنن دڵتان رەق بوو، دڵتان رەش بوو هیچ ئامۆژگاریو بەراوردییەکی قبووڵ نەکرد ﴿فهي كالحجارة أو أشد قسوة﴾ دڵتان وا رەش بووە دەق دەڵێی بەردی رەقو تەقە، پەندو ئامۆژگاری خێر هیچ کاریان تێ ناکا، بگرە لە هەندێ رووەوە دڵتان لەبەردیش رەقترە چونکە ﴿وإن من الحجارة لما يتفجر منه الأنهار وإن منها لما يشقق فيخرج منه الماء﴾ بەردی واهەیە درزو قەڵشتی زۆری تێدان، چۆماوی لێ هەڵدەقوڵێ، بەردی وا هەیە لەباری درێژی یان باری پانی درزێکی تێ دەبێ ئاوی لێ دەردێ، بەڵام دڵی ئەوان هەرگیز نەرم نابێو دڵۆپێکی خێری لێ پەیدا نابێ ﴿وإن منها لما يهبط من خشية ا لله﴾ بەردی واهەیە لەترسیخودا لەسەر کێوێک ڕا گلۆر دەبێتەوە، بەڵام دڵی ئەوان هەر تۆزقاڵێک ترسی خودای تێدا نیە. ﴿ وما ا لله بغافل عما تعملون﴾ باش بزانن خودا بێئاگا نیە لەو کردارو گوفتارەی دەیکەنو لەو هەڵویستانەی دەیان نوێنن.

چاوەڕوان ناکرێ جولەکە بڕوا بە پێغەمبەری ئیسلام بکەن

﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ
ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ قَالُوٓاْ أَتُحَدِّثُونَهُم
بِمَا فَتَحَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمْ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٧٦﴾
أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾ وَمِنْهُمْ
أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّآ أَمَانِىَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَـٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴿٧٩﴾

ئەمجار کە لە ئایەتی پێشوودا بەو جۆرە دڵڕەقی جولەکەکانی بەیان کردو ئەوەی چەسپاند کە هەرگیزاو هەرگیز چاوەڕوانی چاکەیان لێ ناکرێ، روودەکاتە موسوڵمانەکانو پێیان دەفەرموێ: ﴿أفتطمعون أن يؤمنوا لكم؟﴾ بۆچی موسوڵمانینە! بە تەمای ئەوەن کە ئەو جولەکە فێڵبازو دڵڕەقانە بڕوا بە ئایینەکەتان بکەنو موسوڵمان بین؟! ﴿وقد كان فريق منهم﴾ لە کاتێکا کە کۆمەڵێک لە پێشینەکانیانو مالمەکانیان ﴿يسمعون كلام الله﴾ فەرموودەی خودا -کە تەوراتە- دەیان بیستو فێری دەبوون ﴿ثم يحرفونه من بعد ما عقلوه﴾ پاش تێگەیشتن ئەمجار دەستکارییان دەکرد بەپێی ئارەزووی خۆیان گۆڕانکارییان تێدا دەکرد ﴿وهم يعلمون﴾ ئەوانە دەشیان زانی کە ئەو گۆڕانکارییە شتێکی ناڕەوایە، جا کە ئەمە هەڵوێستی ناپاکانەیان بێ لەگەڵ پێغەمبەرو تەوراتەکەی خۆیاندا! دەبێ لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامو قورئان، هەڵوێستیان چۆن بێ؟ بێگومان ئەوەی لە ئەوانە چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە هەرچی هێزو توانایان هەیە چی فرتو فێڵو تەڵەکەبازییان هەیە دەیخەنەکار بۆ بەرەنگاری کردنی ئایینەکەتان، سەیر ئەوەیە جولەکە لەگەڵ ئەو هەموو خراپییەی کە هەیانە ریابازو دووڕوو ناپاکیشن ﴿وإذا لقوا الذين آمنوا قالوا آمنا﴾ کاتێ جولەکەکان تووشی کۆمەڵێک موسوڵمان دەبوون دەیانگوت: بڕوامان هەیە کە ئێوە لەسەر حەقن (محمد) ئەو پێغەمبەرەیە کە تەورات مزگێنی پێداوە ﴿وإذا خلا بعضهم إلى بعض﴾ ئەگەر بڕێکیان لەگەڵ هەندێکیان بەیەک بگەیشتنایەو

کۆبونەوەیان لەگەڵ یەکتر بکردایە ﴿قالوا﴾ خوێندەوارو مالمەکانیان بە نەخوێندەوارەکانیان دەگوت: ﴿أتحدثونهم بما فتح ا لله عليكم﴾ ئەوە بۆچی ئەو شتانەی کە خوا لە تەوراتا بەئێوەی گوتووە دەچن بە موسوڵمانەکانی دەڵێن؟! ئەو دەرگا زانینەی خودا بۆ ئێوەی کردۆتەوە موسوڵمانەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە، واتە: مەچن ئەو شتانەی کە خودا لە تەوراتدا بەئێوەی گوتووە هاوەڵانی (محمد)ی لێ ئاگادار بکەن ئەو ناونیشانەی کە لە تەوراتدا دەربارەی دوا پێغەمبەر هەیە بە موسوڵمانەکانی مەڵێن ﴿ليحاجوكم به عند ربكم﴾ بۆ ئەوەی نەتوانن دەمەدەمێتان لەگەڵ بکەنو بە تەوراتەکەی خۆتان بۆڕتان بدەن، ئەو تەوراتەی کە لەلای خوداوە بۆتان هاتووە ﴿أفلا تعقلون﴾ ئەرێ بۆچی تێناگەنو عاقڵ نابن؟! ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە سروشتی جولەکە وەهایە کە هەموو کات ئەو شتەی بە رواڵەت دەیڵێن، جیابێ لەوەی کە دەیشێرنەوە.. ئەوان بە خەڵک قسەیەک دەڵێن، لەناو خۆشیاندا قسەیەکی تر دەڵێن: ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەمانە بە تەواوی خودا نەناسن ئەگینا ئەگەر بییان زانیبایە کە خودا هەموو نهێنیو ئاشکراییەک دەزانێ دەگەیشتنە ئەو بڕوایە کە ئەوان بۆڕ دراونو بەڵگەیان لەسەر راست کراوەتەوە، بۆیە خودا دەفەرموێ: ﴿أولا يعلمون ان ا لله يعلم ما يسرون وما يعلنون﴾ بۆچی ئەوان ئەوە نازانن کە خودا هەموو نهێنیو ئاشکراییەکیان دەزانێ؟ چی پەنهان ئەکەن چی ئاشکرا دەکەن خودا ئاگای لێیە، هەموو دوو ڕووییو فرتو فێڵو ناپاکییەکی لەگەڵ موسوڵمانەکانی دەکەن لای خودا هون نابێ، جاکە ئەمە حاڵی خوێندەوارەکانیان بێو وا بیربکەنەوە ئەدی دەبێ بیرو بۆچوونی رەشە خەڵکەکەیان چۆن بێ؟!

ئەمجار دوای ئەم شیکردنەوە، پەروەردگار باسی ئەوە دەکات کە جولەکە دوو تاقمن دەستەیێکیان نەخوێندەوارو نا تێگەیشتوو هیچ نازانن‌و هیچ ئاگادارییەکیان دەربارەی ناوەرۆکی تەورات نیە جگە لە

هەندێ بیروڕای پڕوپووچ وەکو ئەوە گوایە جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خودانو هەرچی بیکەن خوا لێیان خۆش دەبێ؟

دەستەیەکی تریان مالمو خوێندەوارەکانیانن کە هەموو زۆرزانو فێلبازو زمان لووسن، سود لە نەخوێندنەواریو گێلی دەستەی یەکەم وەردەگرن، بەدەم تەوراتەوە درۆ دەکەن، فەرموودەکانی دەگۆڕن، هەندێکی ماناکەی هەڵ دەگێڕنەوە هەندێکی لێ ون دەکەن، هەندێ جار دێن لە خۆیانەوە بۆ مەبەستی تایبەتی شت دەنووسنەوەو بەناوی تەوراتەوە بلاوی دەکەنەوە!! بە ئارەزووی خۆیان گۆڕانکاریی لە بەندەکانی تەوراتدا دەکەن، ئەوەتا لەم ئایەتەی دوایی‌دا وێنەی دەستەی یەکەمان بەم جۆرە بۆ دەکێشێو دەفەرموێ: ﴿ومنهم أميون لايعلمون الكتاب إلا أماني وإن هم إلا يظنون﴾ واتە: دەستەیەک لەو جولەکانە بۆرە پیاوو نەخوێندەوارن، نە نووسین دەزانن نە خوێندنەوە، ئەوانە تەماشای تەورات ناکەن، ئەگەر تەماشاشی بکەن تێی ناگەن تا بزانن چی تێدایە، ئەوانە هیچ نازانن جگە لە هەندێ هیوای پڕوپووچ، وەکو ئەوە: کە گوایە خودا خۆشی دەوێن، لەهەموو گوناهێکیان خۆش دەبێ، چی گوناهێ بکەن خودا لێیان دەبورێ، لەم بیرو بۆچوونەش‌دا هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە جگە لە گومانێ بێ جێو وێ نەچوو.

ئێستاش برێ زڕە سەییدو کۆلکە شێخ هەن، پێیان وایە: ئەوانەی وەچەی پێغەمبەرن لەبەر خاتری پێغەمبەر ﷺ ئەگەر تاوانیش بکەن خودا لێیان خۆش دەبێ، تەنانەت ئەم بیروڕا نادروستانە ئەوەندەیان بانگەشە بۆ کراوە کەڵە پیاوی وەکو (سەیید ئەحمەدی نەقیب)یشی پێ کەوتۆتە هەڵەوە لە چامەیەکی دیوانەکەی‌دا ئەم رایەی درکاندووەو دەڵێ:

موحیبی فەخری عالەم ئالو بەیتی چۆن دەبوغزێنێ ؟
وەرە (قل لا) بخوێنە لادە لەم تەسویلی شەیتانی
فەقەط وەک بولەهەب بێ کافری موطلەق ئەگەر نەتویست

نەبێ باکت لە باس‌و خواسی ڕۆژی حەشری جیسمانی
دەڵێی فیعلی دەبوغزێنم درۆیە چونکە قەط نابێ
خراپترین هەموو سەیید بە کوردی جافی چۆچانی

بیگومان گومڕاییو سەر لێ شێوانی تەواو ئەوەیە کە کتێبی خودا هەڵەوگێڕ بە ڕەشەخەڵکەکە ڕابگەیەندرێ! دەقەکانی بە جۆرێک ڕاڤەبکرێن کە هەڵیەگرن.. گرۆهە گومڕاکانی مێژوو دەستەو تاقمە سەر لێشێواوەکانی ڕابوردوو، هەموویان بە هۆی ئەم مانا شێواندنە سەریان هەڵداوە، زوربەی کات هۆی گومڕابوونی جەماوەر دەست تێوەردانو مانا گۆڕینی فەرمانەکانی پەروەردگارە، وەکو ئەوە زانا ئاینییەکان بێن بە هەوەسی خۆیان مانای دەقە ئایینییەکان بگۆڕن، یان شتێک بە دەم خوداوە هەڵبەستن کە نەیفەرموبێ، حوکمێک بدەن خودا پێی ڕازی نەبێ، خۆیان شەرع دابنێن، دەی مالمەکانی جولەکە قەشەکانی مەسیحی هەموو ئەم شتانەیان ئەنجام داوە، ئەم ئایەتەی کە دێ کردەوەیەکی ئەو مالمانە ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**فويل للذين يكتبون الكتاب بأيديهم ثم يقولون هذا من عند ا لله**﴾ سزای بەئێش یان شیوی (وەیل) کە شیوێکە لەناو دۆزەخدا بۆ ئەو زانا جولەکانەیە کە تەورات دەگۆڕنو بەدەستی خۆیان ئەو تەوراتە گۆڕدراوە دەنووسنەوە، ئەمجار دەڵێن: ئەمە لەلای خوداوە هاتووە، بۆچی؟ ﴿**ليشتروا به ثمنا قليلا**﴾ بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی کەمو بێ بایەخ، کە لەو نەخوێندەوارو بۆرە پیاوانە بە چاوو ڕاو وەریدەگرن، ئەمجارەش ﴿**فويل لهم مما كتبت أيديهم**﴾ شیوی (وەیل) کەشیوێکی ناخۆشی ناو دۆزەخە مالّی ئەوانە، یان هاوار بۆیان لەو سزا سەختەی بۆیان ئامادەکراوە، لەسەر کردەوەی ناپەسەندیان کە نووسینەوەی شتی نابەجێو ناڕاستەو، دەشڵێن ئەمە فەرموودەی خوایە ﴿**وويل لهم مما يكسبون**﴾ جارێکی تریش سزای سەخت بۆیان لەسەر ئەو

دەستکەوتە کەمە بێ بایەخەی لەم ڕێگایەوە بەدەستی دێنن: کە بریتی‌یە لە بەرتیل وەرگرتن‌و دەست بڕینی ڕەشە خەڵکەکەو لەخشتەبردنیان.

گۆڕینی دەقەکانی تەورات لەلایەن مالمە جولەکەکانەوە بوختان‌و درۆو دەلەسەیان

وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾

ئەمجار پەروەردگار بڕێ لەو بۆچوونە پڕوپووچانەی کە زاناکانی نەتەوەی ئیسرائیل دەیانووسییەوە بە ناوی تەوراتەوە بڵاویان دەکردەوە ڕیزدەکاو دەفەرموێ:

﴿وقالوا لن تمسنا النار إلا أياما معدودة﴾ دەیانگوت: بەس تەنیا چەند ڕۆژێک بە ئاگر سزا دەدرێین، دوایی ڕزگارمان دەبێ ﴿قل أتخذتم عند الله عهدا فلن يخلف الله عهده﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئایا ئێوە وادەو پەیمانتان لە خودا وەرگرتووە؟! خۆ ئەگەر ڕاست بکەن بەڵێنتان وەرگرتبێ ئەوە بێگومان خودا پەیمانی خۆی ناشکێنێ: بەڵام شتی وا نەبوەو بەڵێنی واتان وەرنەگرتووە، ﴿أم تقولون على الله ما لا تعلمون﴾ بەڵکو ئێوە بەدەم خوداوە شتی‌وا هەڵدەبەستن کە نازانن چەند زیان بەخشەو چەند تاوانێکی گەورەیە!؟ بێگومان جولەکەکان زۆر ئازاو دەست بەکارن بۆ گۆڕانکاری کردن لە تەورات داو هەڵگێڕانەوەی

ماناکانی: بەمەبەستی تایبەتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی تاوانکاریو فرتو فێڵو دڵ پیسیو چاوو ڕاوو ، بۆ بەربەرەکانی کردنی پێغەمبەران کەم وێنەن، هەر ئەم رەوشتە ناشیرینانەشیانە کە بوەتە هۆی دروستبوونی ئەو بیرو باوەڕە پڕوپووچانەیان.

ئەمجار پەروەردگار چۆنیەتیو راستی‌یەکە بەم دوو ئایەتە روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿بلى من كسب سيئة وأحاطت به خطيئته فأولئك أصحاب النار هم فيها خالدون﴾ واتە: وەکو ئێوە دەڵێن: وا نیە بەڵکو هەرکەسێک گوناهێکی گەورە بکاو تۆبەی لێ نەکاو کرداری چاکی نەبێ وە لە هەموو لایەکەوە گوناه دەوری دابێ هەرچی کردوویەتی تاوانبێ ئەوە دۆزەخی‌یەو رۆژی قیامەت دەخرێتە ناو جەهەننەمەوەو هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە، ﴿والذين آمنوا وعملوا الصالحات أولئك أصحاب الجنة هم فيها خالدون﴾ ئەوانەی بڕوایان بە خودا هەیە، ئیمانیان بە پێغەمبەر هێناوەو پەیڕەوی فەرمانەکانی کتێبی خودا دەکەن، لەهەمان کاتیشا کرداریان باشە ئەوانە بەهەشتینو لەبەهەشتا هەتاهەتایە دەمێننەوە.

لەم شەش ئایەتەی رابووردوودا ئەوەمان بۆ روون بووەوە کە ئەم جولەکانە بەگشتی بیرو باوەڕێکیان هەیە پێیان وایە چەند رۆژێکی کەم نەبێ ناخرێنە ناو دۆزەخەوە، جا بە هۆی ئەم بیرو باوەڕەیانەوە زوربەیان هیوای پڕوپووچ سواری دڵو دەروونیان بووە، ئەوانە شوێن زانا ئایینی‌یەکانیان کەوتوون، زاناکانیشیان درۆزنو دووڕوون: قسە گۆڕو سەر لێشێواون، تەورات دەگۆڕن، لێی زیاد دەکەن، لێی ون دەکەن، مانای نەشیاوو نەگونجاو لەتەورات دەدەنەوە، جا خەڵکێک ئەمە هەڵسو کەوتی بێ ئێوە بەهیوای ئیمان هێنانیان مەبن.

ژیوان بوونەوەی جولەکەکان لە وادەو بەڵێنەکانیان

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾

ئەمجار پاش ئەوەی هەڵویستی جولەکەکانی دەربارەی ئیمان روون کردەوە، سیاقی ئایەتەکان روو دەکەنە ئەوە، کە بەڵگەیان لەسەر بێننەوەو بۆڕیان بداو ئەو بیرو بۆچوونەیان کە گوایە بڕواهێنانیان بە تەورات بەسیانەو لە سزا رزگاریان دەبێ پوچەڵ بکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وإذ أخذنا ميثاق بني إسرائيل﴾ ئەوە بیری خۆتان بێننەوە کە وادەو بەڵێنمان لەنەوەی ئیسرائیل وەرگرتو پێمان گوتن: ﴿لا تعبدوا إلا الله﴾ جگە لە خودا کەسیتر مەپەرستن بەندایەتیو گەردن کەچیەتی بەس بۆ ئەو بکەن ﴿وبالوالدين إحسانا﴾ لەگەڵ باوکو دایکی خۆتاندا چاکەکاربن ﴿وذي القربى﴾ یارمەتیو هاریکاری خزمو کەسو کارتان بدەن ﴿واليتامى﴾ بەزەییتان بە هەتیواندا بێتەوەو، دەستی یارمەتیو سۆزیان بۆ درێژ بکەن ﴿والمساكين﴾ چاوتان لە فەقیرو هەژاران بێو داڵدەیان بدەن، ئەوجا ﴿وقولوا للناس حسنا﴾ قسەی جوانو شیرین بە خەڵک بڵێنو بەباشی لە گەڵیاندا بجوڵێنەوە.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا ئەوە دینێتەوە یادی نەوەی ئیسرائیل کە فەرمانی پێکردن بەو فەرمانانەی کە لەوەپێش باسکران، عەهدو پەیمانی جەخت لەسەر کراوی لێ وەرگرتن، کەچی ئەوان پشتیان لێ هەڵکردو ئەو

هـەموو فـەرمانو پەیمانانـەیان پـاش گـوێ خسـتنو بەئەنقەسـت روویـان لێوەرگێڕان: بۆ خۆشیان باش دەزانن کە سەرپێچی دەکەن..
لـە ئایەتەکـەدا پـەروەردگار ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە کـە فـەرمانی پێکردوون هەر خودا بپەرستنو کەس نەکەن بـە هاوشـانو هاوبەشـی، ئـەم فەرمانە فەرمانێکی گشتیيەو بە هەموو کەسی فـەرمووەو هـەر بـۆ ئـەو عیبادەتو خوداپەرستیيەش دروستی کردوون، پێویستە هـەموو کەسـێک پابەندی بێ، واتـە: لـە ئایەتەکـەدا ئـەوە روون کراوەتـەوە کـە ئـادەمیزاد حەقی خودای بەسەرەوەیە کە یەکتاپەرستی بکاو کەس نەکا بە هاوبەشـی یەزدان، ئەمیش حەقێکە لـە ژوور هـەموو حەقێکەوەیـە، ئـەمجار مـافی ئادەمیزادانیشی لەسەرە، لەپێش هەموو حـەقێک حـەقی بـاوکو دایکـە، ئەمجار خزمو کەسو کارە، مافی هەتیوو هەژارە، ئەوانە هەموو پێویستە چاکەیان لەگـەڵدا بکرێ، ئـەمجار پێویستە لەگـەڵ خـەڵکیدا بەگشتی هەڵسو کـەوتی مرۆڤانـە بـێو نـەرمو نیـانو قسـە خـۆش بـێ، هاریکـارو خۆنەویست بێ.
شێخ حەسەنی بەصری دەفەرموێ: قسەی جوان بریتییـە لـە فـەرمان کردن بە چاکەو نەیکردن لە خراپە، بار قـوڵو لەسـەرەخۆ بـێ، لێبـوردوو بێ، ئامۆژگاری خەڵکی بکا بۆ چاکە کردن. شتێکی گونجاو بـوو کـە دوا بە دوای فەرمان کردن بە کردرچاکی فەرمان بکا بە گوفتار چاکی، هەتاکو هەردوو لایەنی چاکە -بە کردارو گوفتارەوە- یەک بگرنەوە ئەمجار پـاش فەرمان کردن بە خوداپەرستيو چاکەکردن لەگـەڵ ئـادەمیزادا، بـە کورتـی برێ لایـەنی خواپەرستيو چاکـەکردنی تـری بـۆ روون کردنـەوەو پـێی فەرموون ﴿وأقيموا الصلاة﴾ نوێژ بکـەنو پێویسـتیاتی جێبـەجێ بکـەن، چونکە نوێژ دڵو دەروون پاک دەکاتەوە، رەوشتی ناشـیرینو پەسـتی تێـدا ناهێڵێ، بەڕەوشتی جوانو ئەخلاقی بەرز ئارایشی دەدا، پوختەی نوێژیـش بریتیە لە ئیخلاص بۆ خوداو گەردن کـەچی بـۆ گـەورەیی ئـەو، هـەرکاتێ

نوێژ ئەم لایەنە روحی‌یەی تێدا نەبوو دەبێتە رێو رەسمێکی روالەتکاریو تۆزقالێک سوودی نابێ!! ﴿وآتوا الزكاة﴾ زەکات لە ماڵو دارایی خۆتان دەربکەنو مافی فەقیرو هەژاران پێشێل مەکەن: کەچی لە جیاتی ئەوەی پابەندی ئامۆژگاری‌یەکان بن ﴿ثم توليتم﴾ پاش ئەم هەموو فەرمانو ئامۆژگاری کردنە ئێوە پشتتان هەڵکردو گوێتان بەو هەموو عەهدو پەیمانانە نەداو هەمووتان هەڵوەشاندنەوە ﴿إلا قليلا منكم﴾ چەند کەسێکی کەمتان نەبێ وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو هاوڕێکانی ئەوان پابەندی ئەو پەیمانانە بوونو پەیڕەوی تەوراتیان کردو کاتێکیش ئایینی ئیسلام هات یەکسەر ئیمانیان بەپێغەمبەری ئیسلام هێنا ﴿وأنتم معرضون﴾ ئێوە ئەی نەوەی ئیسرائیل! کە پشتتان هەڵکردو ئەو هەموو پەیمانو بەڵێنانەتان پێشێل کردن لە ناخەوە بڕیاری ئەوەشتاندا هەتا هەتایە لەبیر خۆتانی بەرنەوەو جارێکی‌تر لەم هەڵوێستەی خۆتان ژێوان نەبنەوە! بێگومان برێ لەو پشت هەڵکردنو لاساریی‌و سەرپێچی‌کردنەیان ئەوەبوو کە مالمەکانیان کردبوون بە خاوەن دەسەڵاتی تەشریعی: ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان یاسای ژیانیان بۆ دادەنان، شتیان بۆ حەڵاڵو حەرام دەکردن، زیادو کەمیان لە نوێژو رۆژوو خواپەرستی‌دا بۆ دیاری دەکردن، خۆیان لێ کردبوون بە هاوشانی خوداو شەریعەتیان بۆ دادەنان:

سەریان لە گەلەکەیان شێواندو ماڵوێرانی دنیاو قیامەتیان کردن: لەلایەکی ترەوە رژدیو بەخیلی‌یان دەکرد لە بەخشینی ماڵو دارایی‌دا دەست قوچاوو چاوبرسی‌و دڵو دەروون هەژاربوون بژێوی خزمو کەسو کاریان نەدەدا، زەکاتی شەرعی ماڵو دارایی خۆیان دەرنەدەکردو نەیان دەدا بە هەژارانو ئەوانەی شیاوی زەکات پێدانن، وازیان لە فەرمان بە چاکەو نەی کردن لە خراپە هێناوە، بە هەموو جۆرێک سوکایەتیان بەرێو رەسمی ئایینی دەکرد.

بڕێ دیاردەی پابەندنەبوونی جولەکەکان بە وادەو بەڵێنەکانیان

وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَكُمۡ لَا تَسۡفِكُونَ دِمَآءَكُمۡ وَلَا تُخۡرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن
دِيَٰرِكُمۡ ثُمَّ أَقۡرَرۡتُمۡ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ ﴿٨٤﴾ ثُمَّ أَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تَقۡتُلُونَ
أَنفُسَكُمۡ وَتُخۡرِجُونَ فَرِيقٗا مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمۡ تَظَٰهَرُونَ عَلَيۡهِم بِٱلۡإِثۡمِ
وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَإِن يَأۡتُوكُمۡ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمۡ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيۡكُمۡ إِخۡرَاجُهُمۡۚ
أَفَتُؤۡمِنُونَ بِبَعۡضِ ٱلۡكِتَٰبِ وَتَكۡفُرُونَ بِبَعۡضٖۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفۡعَلُ ذَٰلِكَ
مِنكُمۡ إِلَّا خِزۡيٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلۡعَذَابِۗ
وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٨٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا
بِٱلۡأٓخِرَةِۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾

جولەکەکان هەمیشە شەڕەنگێزو خوێن ڕێژبوون ئەم دیاردەیە تایبەتمەندی‌یەکە بەوانەوە هەرگیز لێیان نابێتەوە بۆیە پەروەردگار خیطابیان ئاراستە دەکاو دەفەرموێ:

﴿**وإذ أخذنا ميثاقكم لاتسفكون دماءكم**﴾ بیر لەوە بکەنەوە ئەو کاتەی کە وەعدو پەیمانمان لێوەرگرتن کە خوێنی یەکتری نەرێژن ﴿**ولا تخرجون أنفسكم من ديارکم**﴾ **کەس کەس لە ماڵی خۆی وەدەرنەنێ،** کەس بەسەر کەسدا خۆی بانەدا ﴿**ثم أقررتم وأنتم تشهدون**﴾ ئەمجار ئێوە بۆ خۆتان پێتان لێناو کەچی بەکردەوە سەرپێچی لێ دەکەنو پابەندی هیچ وەعدو پەیمانێک نابنو ددانتان بەو وەعدو پەیمانەدا ناو شایەتی لەخۆتان دەدەن:﴿**ثم أنتم هؤلاء تقتلون أنفسكم وتخرجون فريقا منكم من ديارهم**﴾ لەسەردەمی سەرەتای چوونی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە لەشاری

مەدینـەدا دوو تـاقم جولەکەهـەبوو بەشـێکیان (بنـو النضـیر) بـوون هاوپەیمانی هۆزی خەزرەج بوون.. بەشـی دووەمیـان بریتیبـوون لـە (بنـو قینقاع)و (بنو قریظة) ئەمانیش هاوپەیمانی هۆزی ئەوس بـوون. جـا کـە هۆزی ئەوسو خەزرەج شەڕیان دەبوو (بنو قینقاع)و (بنو قریظة) لەگـەڵ هۆزی خەزرەج خۆیـان ئامـادەدەکردو دەچوونـە شـەڕ (بنـو النضـیر)یـش لەگەڵ هۆزی ئەوس دەچوونە شەڕ، هەریەکێ لەم جولەکانـە شـەڕی لەگـەڵ براکـەی خـۆیو نەتەوەکـەی خـۆی دەکـردو خوێنـی یـەکتریان دەڕشـت، تەوراتیان ئاگالێبوو، دەیـانزانی چـی تێدایـەو چـی پێوسـتە بیکـەنو چـی نەکەن هـۆزی ئـەوس خـەزرەجیش کـافرو خوانـەناس بـوون نـەیان دەزانـی بەهەشتو دۆزەخ چیەو چی نییە، قەبرو قیامـەت هەیـە یـان نیـە، حـەرام چیـەو حـەڵاڵ چیـە: جولەکـە جولەکـەی دەکوشـت مـاڵی یـەکتریان داگیردەکرد، یەکتریان وەدەردەنان، ماڵی یەکتریان تاڵان دەکرد، خـانووی یەکتریان دەڕووخاندن، ئەمەش بەپێی یاسای تەورات حەرام بوو، ئـەمجار کە شەڕ دەوەستا بارتەقای دیلە جولەکەکانیان دەدا، هەر ئەو جولەکانـەی کە لەگەڵ لایەنە سەرکەوتوەکە بوونو هاوپەیمان بوون دەهـاتن بـە پـارەی خۆیان ئەو جولەکە دیلانـەیان رزگـار دەکـردن، عەرەبـەکان گاڵتـەیان پـێ دەکـردنو پێیـان دەگوتـن: چـۆن شـەڕیان لەگـەڵ دەکـەنو کـەچی دوایـی فیدیـەیان بـۆ دەدەن؟! دەیـانگوت: تـەورات فـەرمانمان پـێ دەکـا کـە فیدیەیان بۆ بدەین، ئەمە یاسای ئایینی خۆمانە، پێویسـتە فیدیـە بدەیـن بۆ رزگارکردنی دیل، نەهێڵین بەدیلی بمێننەوە، شەڕکردنیشـمان لێ حەرامـە، بـەڵام بەلامانـەوە عەیبـە هاوپەیمانـەکانمان تێبشـکێن: ﴿تظاهرون علیهم بالإثم والعدوان﴾ یارمـەتی هاوپەیمانـەکانتان دەدەن دژی یـەکتری بـۆ ئـەنجام دانـی زولـمو سـتەم ﴿وإن یـأتوکم أسـاری تفادوهم﴾ ئەگەر یەکێ لەو جولەکانە بـەدیلی گـیرا پیتـاکی بۆ دەکـەنو پارەی بۆ کۆدەکەنەوەو فیدیەی بۆ دەدەن: تا لـە دیلیـەتی ڕزگـاری بکـەن

﴿وهو محرم عليكم إخراجهم﴾ لەکاتێکا حەرامە کە شەڕیان لەگەڵ بکەنو دەریان بکەن؛ واتە: چۆن ئێوە شەڕ لەگەڵ کردنو ماڵ وێران کردنو دەرکردنتان بەلاوە ڕەوایە. کەچی بەلاتانەوە ڕەوا نیە کە ئەو جولەکەیە بەدیلی لای دوژمنەکەی بمێنێتەوە؟! ﴿ أفتؤمنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعض﴾ ئێوە چۆن بڕواتان بە بڕێ حوکمی تەورات هەیەو بڕواتان بە بڕێکی تری نیە! چۆن پێتان وایە کە دەبێ فیدیە بۆ جولەکەی دیل بدەن، پێشتان وایە کە شەڕکردن لەگەڵ هەمان ئەو جولەکانەدا کارێکی ڕەوایەو ماڵ وێران کردنیانو دەربەدەرکردنیان کارێکی ئاساییە! ئەمە چەندی بەچەندە؟ ﴿ فما جزاء من يفعل ذلك منكم إلا خزي في الحياة الدنيا﴾ هەرکەسێک لەئێوە ئاوا بڕوای بە بڕێک ئەحکامی تەورات هەبێو بڕێ ئەحکامیشی فەرامۆش بکاو بڕوای پێ نەبێ، ئەوە لە ژیانی دونیادا ڕیسوایییو سەرشۆڕی بەسەردا دێ، هەمیشە ژێر دەستەو چەوساوە دەبێ ﴿ويوم القيامة يردون إلى أشد العذاب﴾ ڕۆژی قیامەتیش دەخرێتە کوشندەترین سزای دۆزەخەوە. مێژووش شاهیدە هەر گەلو هۆزێک لە فەرمانی خودا هەڵگەڕێتەوەو سەرپێچی بکا ئەرکەکانی ئاین پاش گوێ بخا بناغەی کۆمەڵایەتییان شەق دەبێو یەکیەتییان نامێنێو پەڕاگەندە دەبن ڕەوشتو ئەخلاقیان دەشێوێو تووشی زەلیلیو ڕیسوایی دەبنو دەبنە پەندی زەمانە ﴿وما الله بغافل عما تعملون﴾ هیچ کاتێ خودا بێ ئاگا نییەو نابێ لەو کردارانەی دەیانکەنو لەو هەڵوێستانەی دەیان نوێنن: زۆر دادوەرانە سزاتان دەداتەوە هیچی لێ گوم نابێ! ﴿أولئك الذين اشتروا الحياة الدنيا بالآخرة﴾ ئەوانەی باس کرانو ئەو هەموو سەرپێچیو تاوانەیان هەیە، ئەو جولەکانەن کە لەجیاتی ژیانی قیامەت ژیانی دونیایان هەڵبژاردووەو وازیان لەخۆشبەختی قیامەت هێناوە، بۆ ژیانێکی کورتی دونیای پڕوپووچ، بۆیە ئەوانە بەتوندی سزا دەدرێن ﴿فلا يخفف عنهم العذاب﴾ ئێشو ئازاریان لێ سوک ناکرێ ساتەوەختێکیش سزایان

لـە کـۆڵ ناکـەوێ لـە دونیـاشدا سـوکایەتییان پێدەکرێو سـەرانەیان لێ دەسێنرێ ﴿ولا هم ینصرون﴾ کەس نیە یارمەتیان بداو لەو سـزا سـەختە رزگاریان بکا، یان سوکایەتیو ریسواییان لێ دووربخاتەوە، سەرانەکەیان بۆ بدا.

هەڵوێستی جولەکەکان بەرامبەر بە پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ ۖ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ ۗ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ ۚ

فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾

جولەکە هەمیشە دڵڕەقو پارەپەرست بـوون، ئارەزۆبـازو خۆپەرسـتن، بۆیـە پـەروەردگار پێغەمبـەرانی یـەک لـە دوای یـەک بـۆ سـەر نـاردوونو هەڕەشەی لێ کردوون، کـەچی لەگـەڵ ئـەوەشدا زوو زوو لـە ئـایین لایـان داوەو شەریعەتی خودایان گۆڕیوە، شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون.

﴿ولقد آتینا موسی الکتاب﴾ بێگومان موسـامان کـردە پێغەمبـەری نەوەی ئیسرائیلو تەوراتمان بـۆ نـارد، هـەموو یاسـاو نیظـامێکی ژیـانی دونیـایی خوداویسـتی تێـدا بـوو بەرنامـەی خۆشـبەختی قیامـەتی لـەخۆ گرتبوو ﴿وقفینا من بعده بالرسل﴾ هەر لەدوای لەدونیا دەرچوونـی موسـا

چەند پێغەمبەری ترمان بە شوێن موساداناردن، زۆر پێغەمبەرمان ناردنە سەر نەوەی ئیسرائیل لەوانە یوشعو حەسقیلو ئیلیاسو ئەلیەسەعو یونوسو زەکەریاو یەحیاو هی تریش ﴿وآتینا عیسی ابن مریم البینات﴾ بەتایبەتی عیسای کوڕی مەریەم کە کردمانە پێغەمبەرو نیشانەی پێغەمبەرایەتی ئاشکرامان دایە، زۆر موعجیزەی سەرسووڕهێنەرمان لەسەر دەستی ئاشکرا کرد تا ببنە بەڵگە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی وەکو: زیندووکردنەوەی مردوو چاك کردنەوەی لاڵو بەڵەکئو نەخۆشی تریش.. هەروەها هەواڵ دانی نهێنی داهاتوو زۆر هەواڵی رووداوی غەیبی بە گەلەکەی گەیاندو راست دەرچوون ﴿وأیدناه بروح القدس﴾ نیشانەی پێغەمبەرایەتیو راستی بانگەوازی‌یەکەیمان بە فریشتەی خۆمان کە (جوبرائیل)ە بەهێزکرد، بەتەواوی پاڵپشتیمان کرد. ئەی نەوەی ئیسرائیل ئەوە ئێمە ئەو هەموو پێغەمبەرانەمان بۆ ناردونو ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگەیەمان لەسەر دەستی ئەوان دەرخست؛؛ کەچی ئێوە نایەنە سەر رێگای راست!!

بێگومان جولەکەکان هۆی موسوڵمان نەبوونی خۆیانیان بەوە پاساو دەدایەوە کە تەعلیماتی پێغەمبەرەکانیان جێبەجێ دەکەن، ئەوان پەیڕەوی ئەو پێغەمبەرانە دەکەن، جا لێرەدا قورئان پەردە لەسەر رووی رەشو بەد روخساریان لادەداو هەڵوێستو چۆنیەتیان دەردەخا، ئەوەیان لێ ئاشکرا دەکا کە هەرکاتێ پێغەمبەرێك نێردرابێتە سەریانو پەیامەکەی بەهەوەسی ئەوان نەبووبێ ئەوە بەئەوپەڕی درندەییو ناپیاوی‌یەوە بەرەنگاری بوونەوە دەفەرموێ: ﴿أفکلما جاءکم رسول بما لا تهوی أنفسکم﴾ ئەی نەوەی ئیسرائیل ئێوە خووتان وا پێوە گرتووە هەرکاتێ پێغەمبەرێك هاتە سەرتانو هاتنەکەی بە گوێرەی ویستو ئارەزۆی ئێوە نەبوو ﴿استکبرتم﴾ لووت بەرزیی دەنوێننو پشت هەڵدەکەنو دژیان دەوەستن ﴿ففریقا کذبتم﴾ کۆمەڵێکیان بە درۆ

دەخەنـەوە، بڕوایـان پـێ ناکـەن ﴿وفریقا تقتلون﴾ تاقمێکیـان دەکـوژنو قـەڵاچۆیان دەکـەنو بەوپـەڕی دڕندەیی‌یـەوە شـەهیدیان دەکـەن، تەنانـەت ئێستا هـەوڵی ئەوەتانـە حـەزرەتی (محمـد) شـەهید بکـەن، خۆ ئەگـەر پارێزگاریو چاودێریی ئێمە نەبێ فرسەتی لێ دێنو لەناوی دەبـەن، وەکـو چۆن سیحرتان لێکردو گۆشـتی بەرخەکـەتان بـۆ ژەهـراوی کـرد! ئـەمجار پەروەردگار هەواڵی جولەکەکانی سەردەمی ئیسلام بە حەزرەتی (محمد) ﷺ دەگەیەنێو چۆنیەتی گۆمڕایی‌یەکەیان ئاشکرا دەکا، لـەوەدا کـە هـەر لەسەر دابو نـەریتی رابوردوانیـان دەڕۆنو هـەمان سـەر رەقـیو لاساریی ئـەوان پـەیڕەو دەکـەن، بـەهیچ جۆرێـک نایەنـە سـەر رێگـای راسـتو دەرکـەوتووە کـە جولەکـە بـە سروشـت جـێی متمانـە نـینو پشـتیان پـێ نابەستریو هەرگیز بەڵێنو پەیمانیان نیە ﴿وقالوا قلوبنا غلف﴾ دەڵێـن: دڵمان لەناو پەردەدایەو داپۆشراوە، هیچ شتێ لەو قسـانەی کـە (محمـد) دەیانڵێ تێی ناچێو هیچ حاڵی نابین، با چی تر خۆی لەگەڵ ئێمە ماندوو نەکاو وازمان لێ بێنێ، مەبەستیان ئەوەیە پێغەمبەر نائومێد بکەن لـەوە کـە چاوەڕوانی ئیمـان هێنـانی وان بـێ، واتـە: دڵـەکانیان بەشـێوەیەکی سروشتی وا دروست بوون کە ئەو جۆرە قسـانەی پێغەمبـەر وەرنـەگرن بـە پەردەیـەکی ئەستوور مڵـەمایان لێ بڕاوە ﴿بل لعنهم الله بکفرهم﴾ پەروەردگار بە درۆیان دەخاتەوە دەفەرموێ: راسـت ناکـەن دڵـەکانیان وا دروست نەکراون کە حەق وەرنەگرن، بەڵکو کە نەرم نـابنو حـەق نابیسـتن بەهۆی ئەوەوەیە کـە کـافربوونو بـە ئەنقەسـت لـە رێبـازی راسـتو رەوان لادەدەن، رێگـای گومڕاییـان گرتۆتەبـەرو بـە ویسـتی خۆیـان لـە ئاسـتی راستیو حەقدا خۆیان کەڕ کردووە وازیان لە تێفکرینو گوێڕاگرتن هێناوە بەئەنقەسـت دڵـی خۆیـان لەکارخسـتووە ﴿فقلیلا مایؤمنون﴾ بڕوایـەکی کەمیان هەیە بڕوا بەهەندێ ئەحکامو ئامۆژگاری تەورات دەکەن، بـڕوا بـە هەندێکی ناکەن، یان ئەو جولەکانە کەمیان بڕوا بە پێغەمبەر دەکەن.

برێ راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: وشەی (غلف) سوکێ کردنی وشەکەیە لە (غُلُفَ)ەوە وەرگیراوە، کە کۆی (غلاف)ە واتە: دڵمان بوەتە کەشکۆڵو تورەکەی زانین، پڕە لە گەوهەری عیلمو زانست، ئیتر پێویستیمان بە زانیاری تر نیە. ئیتر چ پێویست دەکا (محمد) خۆمان پێوە ماندوو بکا؟؟

پێش هاتنی ئیسلام جولەکەکان ژێردەستەی عەرەبەکان بوون، بە تایبەتی جولەکەکانی مەدینە، جا هەموو کاتێ خۆیان بەوە هەڵدەنایەوە دەیانگوت: پێغەمبەری ئاخرزەمان دێ، ئێمە نیشانەکانی دەزانینو لە کتێبی ئێمەدا باسیکراوە، هەر کە هات، پێش هەموو کەس ئیمانی پێ دێنین، کەچی ﴿ولما جاءهم كتاب من عند الله مصدق لما معهم﴾ کاتێ ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوە هاتو قورئانیان لەلایەن خواوە بۆهاتو بڕواکەریش بوو بۆ ئەو کتێبەی کە بەدەستیانەوە بوو ﴿وكانوا من قبل يستفتحون على الذين كفروا﴾ لەپێش هاتنی پێغەمبەرو قورئان هەمیشە داوای سەرکەوتنو زاڵبونیان دەکرد بەسەر کافرەکاندا دەیانگوت: خودایە سەرمان بخە بە ناردنی ئەو پێغەمبەرەی کە باش دەیناسین، کە (محمد)ە ﴿فلما جاءهم ما عرفوا﴾ کەچی کە (محمد) هات بۆ سەریانو بانگەوازی کردن بۆ موسوڵمان بوون ﴿كفروا به﴾ پێی کافر بوونو بڕوایان پێ نەکرد لەبەر ملهوڕیو حەسوودیو تەماعی سەرکردەیی، بەڵێنەکانی پێشوویان لەبیر خۆیان بردەوە سەرپێچی فەرمانی خودایان کردو ئیمانیان بە پێغەمبەری ئیسلامو پەیامەکەی نەهێنا ﴿فلعنة الله على الكافرين﴾ نەفرینی خودا لەسەر بێبڕوایان بێ، لەسەر ئەو جولەکانە بێ کە بڕوایان بە پێغەمبەری ئیسلام نەکرد.

بڕوانەکردنی جولەکەکان بە قورئان و پێغەمبەرکوژیان لە مێژوودا

بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ
اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَىٰ
غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٩٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنزَلَ
اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا
لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٩١)

جولەکەکانی هاوچەرخی پێغەمبەر ﷺ دەیانزانی کە حەزرەتی (محمد) ئەو پێغەمبەرەیە کە لەتەوراتدا موژدە بە هاتنی دراوە، بەلاّم لەبەر حەسودیو سەرڕەقی خۆیان ئیمانیان پێ نەهێنا، بۆیە پەروەردگار سەرزەنشتیان دەکاو دەفەرموێ:

﴿بئسما اشتروا به أنفسهم أن يكفروا بما أنزل الله﴾ بەڕاستی شتێکی خراپو بەد بوو ئەوە کە نەفسی خۆیانیان پێ فرۆشت کە بڕوایان نەکرد بەو قورئانەی خودا بۆ پێغەمبەری ناردبوو ﴿بغيا﴾ لەبەر حەسودیو هەڵپەکردن بۆ وەدەستهێنانی سەرکردایەتی کە ناگونجێ پیاندرێتیو شیاوی نین: حەسودی ئەوەیان دەبردو داخی ئەوەیان دەخوارد ﴿أن ينزل الله من فضله على من يشاء من عباده﴾ ئەوەیان پێ ناخۆش بوو کە پەروەردگار بەندەی خۆی (محمد)ی هەڵبژاردوە بۆ پێغەمبەرایەتی، رقیان لەوە بوو کە خودابەندەیەکی ناجولەکەی هەڵبژاردوە بۆ ئەرکی گەیاندنی پەیامەکەی، چونکە ئەوان پێیان وابوو ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوە دەبێ لە نەوەی ئیسحاق بێ، وە خیلی جولەکە بێ، کە وا دەرنەچوو، ئیتر پشتیان هەڵکردو بڕوایان پێ نەکرد،

﴿فباءوا بغضب على غضب﴾ گەڕانەوە بە خەشمی خوداوە ئەوەی لە ئەم سەرپێچیکردنە دەستیان کەوت غەزەبی یەکێ لەسەر یەکی خودابوو بۆیان غەزەبێکێ لەبەر بەگوێ نەکردنی فەرمانەکانی تەورات، غەزەبێکێ لەبەر ئەوەی بڕوایان بە عیسا نەکرد، غەزەبێکێ لەبەر ئەوە کە بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ نەکردو موسوڵمان نەبوون ﴿وللكافرين عذاب مهين﴾ ڕۆژی قیامەت بۆ ئەو کافرانە سزای بەئێش هەیە، لەگەڵ سوکایەتی پێکردندا چونکە سەرپێچیکردنەکەیان لەبەر لووت بەرزیو حەسودیو ملهوڕی بوو دەبێ سزاکەیان سوکایەتی پێکردنیشی تێدابێ!

﴿وإذا قيل لهم آمنوا بما أنزل الله﴾ ئەگەر پێیان بگوترێ: بڕوابکەن بەوەی کە خودا ناردویەتی بۆ پێغەمبەر کە قورئانەو شوێنی بکەونو پابەندی بن لەوەڵامدا ﴿قالوا : نؤمن بما أنزل الله﴾ دەڵێن: ئێمە بڕوا بەو کتێبە دەکەین کە بۆ سەر خۆمان نێردراوە کە تەوراتەو، هەموو پێداویستییەکی ئێمەی تێدایە، هەر ئەو ڕاستە ﴿ويكفرون بما وراءه﴾ ئەمجار کافر دەبن بە هەر کتێبێکێ کە لە تەورات بەدەربێ جا ئەو پەیامە عیسا هێنابیەتی یان (محمد) -کە دوا پێغەمبەرە- هێنابیەتی ﴿وهو الحق مصدقا لما معهم﴾ واتە: بڕوا بە قورئان ناکەن، لە حاڵێکا کە ئەم قورئانە ڕاستەو دەق پشتگیری لەو پەیامە دەکا کە تەورات گەیاندویەتی ﴿قل فلم تقتلون أنبياء الله من قبل إن كنتم مؤمنين﴾، ئەی محمد پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن بڕواتان بە تەورات هەیە ئەی بۆچی لەوەپێش ڕابوردوانتان پێغەمبەرانی خودایان شەهید دەکرد، خۆ ئەو پێغەمبەرانە پەیامێکیان هێنابوو کە ئێستا ئێوە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بڕواتان پێیەتی: نەکێ هەر ئەوە، بەڵکو ئێوە بڕواتان بە پەیامی (موسا)ش نەکرد کە ڕزگارکەری گەلی جولەکە بوو.

جولەکەکان ڕاست ناکەن دەڵێن ئیمانمان بە تەورات هەیە

﴿وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ
وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ
خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟ ۖ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُوا۟
فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ ۚ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمْ
إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی گوێرەکە پەرستنی جولەکەکان کرا، وەکو لە ئایەتی (٥١)ی ئەم سوورەتەدا فەرمووی: ﴿وإذ واعدنا موسى أربعين ليلة...﴾ ئەمجار لێرەدا هەمان مەبەستی دووبارەکردەوە بۆ ئەوە بیچەسپێنێ کە ئەو جولەکانە لەبەر دڵڕەقیو سەرسەختییان بەهیچ شتێک نایەنە سەر ڕێبازی حەقو ڕاستیو فەرمووی: ﴿ولقد جاءكم موسى بالبينات ثم اتخذتم العجل من بعده وأنتم ظالمون﴾ بێگومان کاتی خۆی موسا هاتە سەرتان بە نیشانەی پێغەمبەرایەتی ئاشکراو بەهێزەوە، کەچی لەجیاتی ئەوەی بڕوای پێ بکەن پەیڕەوی فەرمانەکانی بکەن، کە موسا چوو بۆ سەر کێوی طور ئێوە دوا ئەو دەستتان کرد بە گوێرەکە پەرستن، بە ڕاستی ئێوە لەم کارە خراپەتاندا ستەمکار بوون، ﴿وإذ أخذنا ميثاقكم ورفعنا فوقكم الطور خذوا ما آتينكم بقوة واسمعوا﴾ ئەی نەوەی ئیسرائیل ئەو کاتە بێننەوە یادی خۆتان کە وەعدو پەیمانمان لێوەرگرتن کە پەیڕەوی فەرمانەکانی تەورات بکەن، چی تێدایە بە ڕێکو پێکی ئەنجامی بدەن، کێوی طورمان بەرزکردەوە لەژوور سەرتانەوە ڕامان گرتو پێمان گوتن: ﴿خذوا ما آتيناكم بقوة واسمعوا﴾ ئەوەی کە فەرمانمان پێ کردوون وەری بگرنو ئەنجامی بدەنو بەدڵ پابەندی بنو

گوێ ڕادێرین ﴿قالوا سمعنا﴾ وتیان: بەڵێ فەرمانەکەتمان بیست بەڵام ﴿وعصينا﴾ بە گوێت ناکەین واتە: بەقسە وتیان باشە بەکردەوە سەرپێچیان کرد ﴿وأشربوا في قلوبهم العجل بكفرهم﴾ گوێرەکە پەرستیان لەلا خۆشەویست بوو، بە تەواوی لەگەڵ خوێنیان تێکەڵاو بوو بوو، بە هۆی کافربوونیانەوە لە ناخەوە گوێرەکە پەرستی دەیهەژاندن چۆن ئاو بە ناو لقو پۆپی داری تەڕدا بڵاودەبێتەوە ئاوا خۆشەویستی گوێرەکە بەناو دڵیاندا بڵاوبوبوەوە ﴿قل بئسما يأمركم ايمانكم إن كنتم مؤمنين﴾ ئەی محمد! بە گاڵتەپێکردنەوە بڵێ: بەڕاستی ئەوە باوەڕێکی بەدو خراپە کە داواتان لێ دەکا گوێرەکە بپەرستن؟! ئەگەر ئێوە ڕاست بکەن ئیمانتان هەبێ ئەوە ئیمانێکی گەلێ خراپە واتە: درۆ دەکەن، ئیمانتان نیە، چونکە ئیمان فەرمانتان پێ ناکا گوێرەکە بپەرستن.

دونیا ویستن و ژیان خۆشەویستی جولەکەکان

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٥﴾ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾

بێگومان جولەکەکان زمان درێژبوونو پڕوپاگەندەچی بوون جۆرەها بانگەشەیان بۆ خۆیان بڵاودەکردەوە، دەیانگوت ئێمە گەلی هەڵبژێراوی خوداین، تەنها ئێمە لەسەر ڕێبازی ڕاستیو حەقین، هەر ئێمە لە قیامەتا بە مراد دەگەینو لە ئاگر ڕزگارمان دەبێو دەچینە ناو بەهەشتەوە، لە

ڕۆژی قیامەتا خۆشیو سەرفرازیو ڕەحمەتی خودا هەر بۆ ئێمەیەو کەسی ترو هیچ گەلو هۆزێک لای خودا بەشو باری نیە مەبەستیان ئەوەبوو موسوڵمانەکان ژێوان بکەنەوە، دڵیان کرمیّ بیّ، پەروەردگار فەرمان دەکا بە پێغەمبەر کە (مویاهەلە) لەگەڵ ئەو جولەکانە بکا، بەم جۆرە هەردوو تاقم: موسوڵمانو جولەکە بەرامبەر بەیەک ڕاوەستێن، ئەمجار داوابکەن خودای پەروەردگار درۆزن لەناو بەریّ ﴿قل إن كانت لكم الدار الآخرة عندا الله خالصة من دون الناس فتمنوا الموت إن كنتم صادقين﴾ پێیان بڵیّ: ئەگەر ڕاست دەکەن خانووی قیامەت هەر بۆ ئێوەیە بەهەشت زیدە لە هەموو کەس دەدریّ بە ئێوە دە ئاواتە خوازی مردن بنو داوای مردنو چوونە بەهەشت بکەن، جا ئەم داوا کردنە بە گوفتار بیّ، یان بە کردار بیّ وەکو ئەوە لەڕیی خودادا شەڕ بکەن، شەهید ببن، چونکە کەسێک دڵنیابیّ لەوە کە مرد دەچێتە ناو بەهەشتەوە پێویستە هەوڵ بدا زوو بیگاتیّ وەکو چۆن هاوڕییانی پێغەمبەر لەڕیی خودادا گیانی خۆیان بەخت دەکردو خۆیان دەفرۆشت بە بەهەشت ﴿ولن يتمنونه أبدا بما قدمت أيديهم﴾ بەڵام ئەوان هەرگیز داوای مردن ناکەن چونکە بۆ خۆیان دەزانن چەند تاوانبارو ستەمکارن، دەزانن چییان کردووەو چەند گوناهیان هەیە، دەترسێن لەوە کە خودا نزاکەیان گیرابکاو خێرا بمرن ئەو کاتە خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت ببن، دونیایان لەکیس بچیّ بەهۆی ئەو کردارە ناپەسەندانەیان کە ئەنجامیان داوە، لەبەرئەوە ئەوان حازرنین (مباهلة) بکەنو داوای مردن بکەن: ﴿وا الله عليم بالظالمين﴾ پەروەردگار زانایە بە ستەمکاران، دەزانیّ چی دەکەنو چی ناکەن. ﴿ولتجدنهم أحرص الناس على حياة ومن الذين أشركوا﴾ تۆ دەبینی جولەکە لەهەموو کەس زیاتر حەزیان لە ژیانەو دژی مردنن، چونکە دەزانن کە مردن ڕاپێچی سزای بەئێش دەکرین! ﴿يود أحدهم لو يعمر ألف سنة﴾ هەریەکیّ لەو جولەکانە ئاواتەخوازی ئەوەیە کە هەزار ساڵ لەژیاندا بیّ

﴿وما هو بمزحزحه من العذاب أن يعمر﴾ خۆ ئەو تەمەن درێژیيە لە سزا رزگاری ناکاو سزای لێ دوور ناخاتەوە ﴿وا الله بصير بما يعملون﴾ خودا زاناو بینایە بەو کردارانەی دەیانکەن سزای دادوەرانەی خۆیان دەداتەوە.

هەڵوێستی جولەکەکان بەرامبەر جوبرائیلو فریشتەو پێغەمبەران

قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا

بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٩٧﴾ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ

وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾

تا ئێستا چەند جارێک قورئان بڕو بیانووی جولەکەکانی بڕی، هەر ئیددیعایەکی کردیان رەتی کردەوە لە هەموو هەڵوێستو بۆچوونێکیاندا بۆڕی دان، لێرەشدا جارێکیتر قورئان بیرو بۆچونێکی تری ئەو گێل کەذابانە دەردەخا بۆچوونێکی سەیرو سەمەرەیان دەخاتە روو، ئەویش ئەوەیە؛ کە دەیانگوت: ئێمە بۆیە ئیمان بە (محمد) ناهێنین چونکە جبرائیل نیگای بۆ دێنێ، جبرائیل وێرانکاریو بەڵاو ئافات دێنێتە خوارێ، ئەگەر نیگاکە حەزرەتی میکائیل بیهێنایە ئەوە یەکسەر موسوڵمان دەبووین چونکە میکائیل فریشتەی خێروبێرە، فریشتەی رزقو رۆزییە، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قل من كان عدوا لجبريل فإنه نزله على قلبك بإذن الله﴾ پێیان بڵێ: هەرکەسێکە دوژمنی جوبرائیل بێ دیارە دوژمنی خودایە، چونکە جوبرائیل فریشتەی خودایەو خودا کردویەتی بەفریشتەی هاتووچۆو هێنان وبردنی نیگا لە نێوان خۆیو پێغەمبەرانیدا هەرکەسێک دژایەتی ئەو بکا دژایەتی خودا دەکا، بێگومان جوبرائیل بەفەرمانی خودا ئەو قورئانەی بۆ تۆ هێناوەو بۆی خوێندویەوەو تێی گەیاندوی ﴿مصدقا لما بين يديه وهدى وبشرى

للمؤمنین﴾ حاڵی ئەو قورئانە وایە، پشتگیری ناوەرۆکی کتێبە ئاسمانییەکانی پێش خۆی دەکا، ڕێگای سەرفرازی نیشانی موسوڵمانان دەداو مژدەی بەهەشتیان پێ دەدا ﴿من کان عدوا لله وملائکته ورسله وجبریل ومیکال فإن الله عدو للکافرین﴾ هەرکەسێک دوژمنی خودابێ، دژایەتی فریشتەکانی بکا دوژمنایەتی لەگەڵ پێغەمبەرانیدا بکا، بەتایبەتی دژایەتی جوبرائیلو میکائیل بکا، ئەوە دیارە کافرو خودانەناسەو خوداش دوژمنی کافرانەو بە سزای دۆزەخ تۆڵەیان لێ دەستێنێ!

بڕوانەکردنی جولەکە بەقورئانو پابەندنەبوونیان بە پەیمانەکانیان

وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۖ وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ

﴿٩٩﴾ أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا

يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ

فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ

كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار باسی دەروون پیسیو هەڵوێستی نامەردانەی جولەکەکانی کرد، جارێکیتر بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر ئەوە رادەگەیەنێ کەسروشتی جولەکە وایە ئایەتەکانی خودا بە درۆ بزانن‌و پابەندی وادەو بەڵێن نەبن‌و پێغەمبەران بە درۆ بخەنەوەو گوێ بۆ قورئان نەگرن‌و دەفەرموێ: ﴿ ولقد أنزلنا إلیك آیات بینات﴾ بێگومان ئێمە چەند بەڵگەیەکی ئاشکرامان بۆ ناردویتە خوارێ گەواهی راستیی

پێغەمبەرایەتی تۆن ﴿وما یكفر بها إلا الفاسقون﴾ بێبڕوا نابێ بەم ئایاتو بەڵگانە مەگەر سەرپێچیکەرو هەڵگەڕاوە! ئەگینا هەموو کەس بڕوایان پێ دەکا؟!

چونکە راستی قورئان ئاشکراو نمایانە، بەهیچ شتێک ناشاردرێتەوە، بەڵام جولەکە بڕوای پێناکەن، ئیمان ناهێنن لەبەر بەدڕەفتاریو بەد رەوشتیو خیانەتکاریو لوتبەرزیو سەرڕەقیو ملهوڕییانە! ئەمجار پەروەردگار سەرنجی موسوڵمانان رادەکێشێ بەوە کە هەڕەشەی توندو تیژ لە جولەکەکان دەکاو پەردە لەسەر دووڕووییو بەد رەفتارییان لادەدات، ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەوانە کۆمەڵێکی بێ سەرو بەرەن هەریەکە لەئاشێک لێ دەکاو رایەکی هەیە، هەرچەندە رەگەزپەرستن؛ بەڵام هەرگیز هەموویان لەسەر عەهدو پەیمان نامێننەوە رەگەزپەرستن بۆ نەژادی خۆیان کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر پەیمانێک ببەستن کۆمەڵێکیان پشتی لێ هەڵدەکەنو پابەندی نابن. وەکو دەفەرموێ: ﴿أو كلما عاهدوا عهدا نبذه فريق منهم؟! بل أكثرهم لايؤمنون﴾ ئایا ئەو جولەکانە رەوشتیان وایەو وا خوویان پێوە گرتووە هەرکاتێ پەیمانێک ببەستن کۆمەڵێکیان هەڵیوەشێننەوەو پابەندی نەبن؟ بەڵکو زوربەیان ئیمان ناهێننو لەسەر گومڕایی خۆیان دەمێننەوە، چونکە هیچ وەعدو پەیمانێکیان بڕوای پێ ناکرێ چی بەڵێنێک بدەن نایبەنە سەر؛ بە کورتی لەم ئایەتەدا پەروەردگار دوو رەوشتی جولەکەی ئاشکراکرد، یەکێکیان ئەوەیە کە بڕوا بە بەڵێنو پەیمانیان ناکرێ، دووەمیان؛ ئەوەیە کەزۆربەیان ئیمان ناهێننو بە سەرلێشێواوی دەمێننەوە، ئەوەش هەواڵێکی غەیبی بووە ئەو کاتە قورئان داویەتیو هەرواش دەرچوو! ئەوەتا بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە راستییانەی کە گەواهی دەدەن لەسەر راستی ئایینی ئیسلامو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو هەوڵو تێکۆشانی قوتابیانی فێرگەی پێغەمبەر بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی

ئیسلامو موسوڵمان بوونی ئەو هەموو گەلو نەتەوانە کەچی کۆمەڵێکی کەم نەبێ لە جولەکەکان موسوڵمان نەبوون ﴿ولما جاءهم رسول من عند الله مصدق لما معهم﴾ کاتێک پێغەمبەری ئیسلام هات بۆ سەریان قورئانێکی هێنابوو کە تەصدیقی تەوراتی ئەوانی دەکردو چی لە کتێبەکەی ئەواندا هەبوو لە یەکتاپەرستیو یاسای شەرعو ئامۆژگاریو سەرگوزەشتەی پێشینان لە قورئاندا هەبوو، کەچی لەجیاتی ئەوەی ئەو جولەکانە بڕوا بە قورئان بکەن تەوراتیشیان پاش گوێ خستو وازیان لێهێنا.. چونکە ئەوان کە پێغەمبەریان بەدرۆ خستەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تەوراتدا باسی خواناسی تەواوی ئەوی تێدا بوو، مانای وایە: بە گوێی تەوراتیان نەکردووەو پاش گوێیان خستووە، تەنانەت وایان ئیهمال کرد وەکو بلێی شتی وایان نەزانیبێو نەیان بیستبێ!!

فاڵچییەتیو سیحرو جادوبازی جولەکە

وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْۚ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْۚ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌۖ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٣﴾

کاتێک کۆمەڵێک لە زاناو مالمەکانی جولەکە تەوراتیان پاشگوێخستو روویان لێوەرگێڕا چونکە راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ دەچەسپێنێ! رویان کردە فاڵچییەتیو سیحرو جادووبازیو چاوبەستو کولەوە نانی، وەکو دەفەرموێ: ﴿واتبعوا ما تتلوا الشياطين على ملك سليمان﴾ کۆمەڵێک لە خوێندەوارو مالمەکانیان، ئەوانەی تەوراتیان فەرامۆش کردبوو، بەئەنقەست خۆیان لێ گێل کردبوو، شوێن ئەو سیحرو جادووبازییەی جندۆکەکان کەوتبوون کە لەسەردەمی حەزرەتی سولەیماندا کاریان پێدەکرد، بەڕاستی ئەوە ئەوپەڕی سەرلێشێواوییە بۆ ئەوانەی کە پەیڕەوی دەکەن، دەیانگوت: کاتی خۆی حەزرەتی سولەیمان هەرچی کتێبی سیحرو جادووبازیی هەیە هەمووی کۆکردۆتەوە لەژێر کورسییەکەیدا ژێر خاکی کردوون، لە دوای لە دونیا دەرچوونی سولەیمان ئەو نووسراوانەیان دەرهێناوەتەوە بەناو خەڵکدا بڵاویان کردۆتەوە، بێگومان ئەمەش درۆیەکی شاخداری هەڵبەستراویان بوو، ﴿وما كفر سليمان﴾ حەزرەتی سولەیمان جادوگەریی نەکردووەو سیحرباز نەبوە، ئەو پێغەمبەر بووەو پێغەمبەرایەتی دژی جادوگەریەتییە! چونکە سیحرو جادو روکەشیو فێڵو چاوبەستەکی تێدایەو پێغەمبەرانیش لە شتی وا دوورن : ﴿ولكن الشياطين كفروا﴾ بەڵکو شەیاتینی ئادەمیو جندۆکە سیحربازییان پاڵ حەزرەتی سولەیمان داوە. ئەوان سیحرو جادویان داهێناو نوسیانەوەو فێری خەڵکیان کرد.

﴿يعلمون الناس السحر﴾ خەڵکیان فێری سیحرو جادوو کرد بۆ ئەوەی سەریان لێبشێوێنن ﴿وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت﴾ هەروەها شوێن ئەوە کەوتبوون کە لە (بابل)دا نێردرابوو بۆ هاروتو ماروت کە دوو فریشتەبوون ئەوەی کە بۆ سەر ئەو دوو فریشتە نازڵ کرابوو زانیاری سیحر بوو مەبەستەکەشی تاقیکردنەوەی خەڵکەکە

بوو ئەوەی فێری دەبوو کاری پێ دەکرد کافر دەبوو، ئەوەی خۆی لێ دەپاراست، یان فێری دەبوو بەڵام کاری پێ نەدەکرد ئەوە موسوڵمان بوو..

حەسەن: وشەی (الملكين) وا خوێندۆتەوە لامەکەی ژێردار کردووە واتە: (الملكين) دوو پاشاکە لە بابل بوون. ﴿وما يعلمان من أحد حتى يقولا إنما نحن فتنة فلا تكفر﴾ هەرکەسێکیان فێری سیحر بکردایە جارێ لەپێشدا بە تەواوی ئامۆژگارییان دەکردو پێیان دەگوت: ئێمە بۆ تاقیکردنەوە دانراوین، ئەوەی کە ئێمە فێری تۆی دەکەین تاقیکردنەوەی خوداییە بۆ ئێوە کە فێری بوون بۆ زەرەرو زیان بەکاری مەهێنن، مەیکەنە هۆی کافربوونتان هەرکەسێک فێری ببێ بۆ ئەوەی زیانەکانی سیحر لە ئادەمیزاد دووربخاتەوە، ئەوە کارێکی باشە، کەسێکیش بۆیە فێری ببێ تا دەردو زیان بەخەڵک بگەیەنێ ئەوە گومڕاو تێداچووە ﴿فيتعلمون منهما﴾ خەڵک لەو دوو فریشتە فێری جادوبازیی‌و سیاسەتمەداری وا دەبوون ﴿ما يفرقون به بين المرء وزوجه﴾ کە ژن‌و مێردیان لێک جیا دەکردنەوە ئاژاوەو پشێوییان دەخستە نێوانیانەوە ﴿وما هم بضارين به من أحد إلا بإذن الله﴾ خۆ ئەگەر ویستی خودای لەسەر نەبێ ئەو سیحربازانە ناتوانن زیان بەکەس بگەیەنن ﴿ويتعلمون مايضرهم ولا ينفعهم﴾ ئەمە لەکاتێکدا ئەوانە بە فێربوونی سیحر زیانیان پێدەگا نەک سوودو قازانج ﴿ولقد علموا لمن اشتراه ما له في الآخرة من خلاق﴾ بێگومان ئەو جولەکانەی کە تەوراتیان پاشگوێ خستو لەجیاتی کارپێکردنی، سیحرو جادوبازییان هەڵبژاردو هێنایانە کایەوە، بۆ خۆیان باش دەزانن کە لەرەحمەتی خودا بێبەرین‌و بۆنی بەهەشت ناکەن، چونکە ئەوان لەجیاتی تەورات سیحرو جادوبازییان هەڵبژاردووە؟ ﴿ولبئس ما شروا به أنفسهم لو كانوا يعلمون﴾ شتێکی خراپ‌و ناپەسەندە ئەو شتەی کە ئەوان خۆیانیان پێ فرۆشتووە، ئەگەر بزانن‌و هەست بە هەڵەکەیان بکەن! ﴿ولو أنهم آمنوا واتقوا﴾ خۆ ئەگەر

ئەوانەی خوویان داوەتە سیحربازیو خۆیان پێوە هەڵەوگیر کردووە لەجیاتی ئەو کردەوە ناپەسەندە کە فێربوونی سیحرە، ئیمانیان بەپێغەمبەر بهێنایەو خوداپەرستیان بکردایە ﴿لمثوبة من عند الله خير لو كانوا يعلمون﴾ پەروەردگار پاداشتی ئەدانەوە، ئەو پاداشتەی کە خودا دەیدانەوە زۆر باشتربوو لە ئاکامی ئەو کارە ناپەسەندە کە فێربوونی سیحرو جادوگەرییەو جگە لە خەسارەتمەندیو ماڵ ویرانی هیچی لێ پەیدا نابێ! ئەگەر ئەوان بیانزانیایە هەستیان بە چاکەو خراپەی خۆیان بکردایە گوێبیستی فەرمانی خودا دەبوون.

تێبینی : دەڵێن : حیکمەت لەوەدا کە پەروەردگار ئەو دوو فریشتەی تەرخان کردبوون خەڵکی فێری سیحربازیی بکەن، ئەوەیە: کە لەو رۆژگارەدا سیحربازو جادوگەر زۆربوون، چەند جۆرە شێوەی سیحربازیان داهێنا؛ بەڵکو وا گومان دەبرا کە ئەو ساحیرانە پێغەمبەر بن؛ ئیتر پەروەردگار ئەو دوو فریشتەیەی ناردن بۆ ئەوەی شێوەو چۆنیەتی سیحر بۆ خەڵک روون بکەنەوە، تا بتوانن جیاوازیی نێوان سیحربازیو پێغەمبەرایەتی بکەن، بزانن ئەوانەی بەدرۆ لافی پێغەمبەرایەتی لێدەدەن، سیحربازن نەک پێغەمبەر!

هەندێ لە راڤەکەرانی قورئان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەدەی بیستەمدا تەفسیریان لە قورئان کردوە کاریگەری قوتابخانەی مامۆستا (شیخ محمد عبدة)یان پێوە دیارە لەوانەش خوالێخۆشبوو مامۆستا (سيد قطب) پێیان وایە وشەی (ما) لە ﴿وما أنزل على الملكين ...﴾دا (ما)ی (موصولة) نییە بەڵکو (ما)ی نافیەیە ئەو کاتە تەفسیرەکە بەم جۆرە دەبێ ﴿وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت﴾ هیچ جۆرە جادوگەریو سیحربازییەک نەنێردراوەتە خوارێ بۆ سەر هاروتو ماروت کە گوایا دوو فریشتە بوون هاتوونە ناوچەی بابل -کە شارێکەلە عێراق- تا خەڵکی فێری سیحر بکەنو ﴿وما يعلمان من أحد﴾ ئەم دوو فریشتە

هیچ کەسیان فێری جادووگەریی نـەکردووە ﴿حتى يقولا إنما نحن فتنة﴾ هەتا ئامۆژگارییان نەکردنایە بەوە کە پێیان بڵێن ئێمە بۆ تاقیکردنـەوەی ئادەمیزاد نێردراوین ﴿فلا تكفر﴾ کەواتە: بێ بڕوا مەبە، هەرکەسێك فێری سیحربازیی ببێو پـەیڕەوی بکـات کـافر دەبـێ، هەرکەسێك فـێری جادوگـەریی ببـێو کـاری پـێ نـەکات لەسـەر بڕوای خـۆی دەمێنێتـەوە ﴿فيتعلمون منهما﴾ تا لێیانەوە فێر ببن ﴿ما يفرقون به بين المرء وزوجه﴾ سیحرو جادوی وایان لێ فێرببن کە ژنو مێردی پێ لەیەك جیابکەنەوە بـە کورتی ئەم باسە هەر نەبوەو ئەفسانەیەو جولەکە هەڵیان بەستووە!

ئەدەبی ئاخاوتن لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرۡنَا وَٱسۡمَعُواْۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٠٤﴾ مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَلَا ٱلۡمُشۡرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ خَيۡرٖ مِّن رَّبِّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾

ئەمە خیطابی پەروەردگارە، ئاراستەی موسوڵمانان کراوە دەربـارەی کارێك کە پـەیوەندی بـە جولەکەکانـەوە هەیـە، ڕێنومـایی موسـوڵمانان دەکا کە چۆن ئاخاوتن لەگـەڵ پێغەمبـەردا بکـەنو وشـەی ناسـكو جوان هەڵبژێرن، خۆ لە وشەی وا بپارێزن کە جولەکەکان بۆ مەبەستی تر بەکاری دێننو دەفەرموێ:

﴿يا أيها الذين أمنوا لا تقولوا راعنا﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان بە پێغەمبەر هێناوە، لە ڕووی ئـەو پێغەمبـەرەدا وشـەی (راعنـا) بـەکار مەهێنن، ئەم وشەیە بە تۆزێك دەم بۆ خوارکردنـەوە دەبێتـە (راعینـو)ی عیبری کە جنێوێکی ناشیرینە، هەرچەندە لە زمانی عەرەبیدا بـە مانـای چاودێری کـردنو گـوێ بـۆ ڕاگرتـن دێو لەسـەرخۆیی دەگەیـەنێ واتـە:

گوێبگرە بۆمان تا بتوانین ئەوەی دەمانەوێ لێت بپرسینو ئەنجامی بدەینو لێت حاڵی ببین.. جاکە جولەکەکان گوێیان لێبوو موسوڵمانەکان لەگەڵ پێغەمبەردا وشەی (راعنا) بەکاردێنن بەهەلیان زانی ئەوانیش ئەم وشەیەی لەگەڵ بەکار بێنن بەڕواڵەت دەیانگوت: مەبەستمان مانا عەرەبیەکەیەتی بەڵام لەڕاستیدا مانا عیبرییەکەیان مەبەست بوو ئیتر ئەوە بوو پەروەردگار ئەو وشەیەی لە موسوڵمانان قەدەغەکرد کە لەڕووی پێغەمبەردا بیکەن، بەڵکو فەرمانی پێکردن کە لەشوێن ئەو وشەیە وشەیەکیتر بڵێن، پێیانی فەرموو: ﴿وقولوا انظرنا﴾ بڵێن: رووماان تێبکەو سەیرمان بکە سەرنجمان لێبکە، بزانە ئاخۆ فەرمایشتەکانت حاڵی بووین یا نا ﴿واسمعوا﴾ فەرمانبەرداری خودابنو گوێڕابگرن پێغەمبەر چیتان پێ دەڵێ: دەربارەی شەرعی خودا بیقۆزنەوە، جا لەبەر ئەوەی جولەکەکان بێئەدەبییان لە خزمەت پێغەمبەردا کرد، وشەی (راعنا)یان بە مانا مەبەستەکەی خۆیان -کە شەڕانیو نەگبەتیو شووم دەگەیەنێ- لێداوەتەوە، ئەمەش کوفرێکی ئاشکرایە، چونکە کەسێک رەوشتی شەڕانیو نەگبەتی وەپاڵ پێغەمبەر بدا؛ دیارە بڕوای بە پێغەمبەرێتی ئەو نیە، کەواتە لەریزی خوانەناسانە، بۆیە پەروەدگار لە کۆتایی ئایەتەکەدا بە توندی هەڕەشەی ترسناکیان لێ دەکاو دەفەرموێ ﴿وللكافرين عذاب أليم﴾ سزای توندو بەئێشمان بۆ ئەو جولەکە کافرانە ئامادە کردووەو شایانی ئەو سزا بەئێشەن:

﴿ما يود الذين كفروا من أهل الكتاب ولا المشركين أن ينزل عليكم من خير من ربكم﴾ ئەو جولەکەو گومڕایانەی کە دەرحەق بە پێغەمبەرانی خۆیان ئەو هەموو سەرپێچیو فرۆفێڵو تەڵەکەبازیەیان کردووە، ئەوانە هەرگیز نایانەوێ ئێوە خۆشبەخت بن؟ ئەو جولەکانە پێیان خۆش نیە کە پێغەمبەر لە خۆتانەو قورئانتان بۆ نێردراوەتە خوارێ، بیروباوەڕی پڕوپووچی بتپەرستیو نەزانیتان لێ ڕەویوەتەوە، بەشێکتان لە

خێرو بەرەکەتی پەروەردگارتان بۆ نێردراوەتە خوارێ؛ هەروەها کافرەکانیش ئەمەیان پێناخۆشە، چونکە دەزانن کە نەپچڕانی نیگاو نازڵبوونی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئیسلامو بڵاوبوونەوەیو جێگیربوونی لەدڵی خەڵکدا ئەوان پێیان خۆشە زوو چەرخی چەپگەردتان بەسەردا بسوڕێ، نگینتان نەمێنێو لە گۆڕەپانی ژیانا وەدەرنرێن، بەڵام ئەوە شتێکە عائید بە خودایەو ﴿وا الله یختص برحمته من یشاء وا الله ذو الفضل العظیم﴾ خودا بە ویستی خۆی کەسێک هەڵدەبژێرێو رەحمەتی خۆی بەسەردا دەرێژێو دەیکاتە فروستادەی خۆی، کەس نیە بتوانێ نەهێڵێ خودا ئەم ویستەی خۆی ئەنجام بدا.. خودا خاوەنی فەزڵو گەورەییە بەسەر هەموو کەس داو بەتایبەتی بەسەر ئەو کەسەدا کە دەیکاتە پێغەمبەری خۆیو نیگای بۆ دەنێرێ، کەوابوو کەس مافی ئەوەی نیە حەسوودی بەو خوداپێداوانە بەرێ، چونکە خودا بۆ خۆی دەزانێ کێ شیاوی نیگا بۆ ناردنو پێغەمبەرایەتییە.

نەسخ لە حوکمە شەرعییەکاندا هەیە

﴿مَا نَنسَخۡ مِنۡ ءَايَةٍ أَوۡ نُنسِهَا نَأۡتِ بِخَيۡرٖ مِّنۡهَآ أَوۡ مِثۡلِهَآۗ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ
عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ
وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٠٧﴾ أَمۡ تُرِيدُونَ أَن تَسۡـَٔلُواْ
رَسُولَكُمۡ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبۡلُۗ وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ ضَلَّ
سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار چۆنیەتی نیگا (وەحی)ی باس کردو راو بۆچوونی ناحەزانی رەت کردەوە، ئەمجار حیکمەتو نهێنی هەبوونی نەسخ لە حوکمە شەرعییەکاندا روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ما ننسخ

من آية أو ننسـها نـأت بخير منهـا﴾ حوكمـی هـەر ئایـەتێک بگۆڕیـن بـە حوکمی ئایەتێکی ترو حوکمەکـەی رەش بکەینـەوە، یـان هـەر لەڕوپـەڕی دڵتدا لەبیرت بەرینەوە، نە لەفظو نە مانا هیچیـان لات نـەمێنن، ئـەوە دڵنیابە باشترو گونجاوتر دەخەینە شوێنی ئـەو ئایەتـە رەش کـراوە، یـان لەبیرکراوە ﴿أو مثلها﴾ یان وەکو ئـەو دینـن.. یـان مانـای ئایەتەکـە بـەم جۆرەیـە: هـەر موعـجیزەیـەک کـە دەیدەیـن بـە پێغەمبـەرێک دوایـی نایشۆرینەوە، بەم رەنگە نەیدەین بـە یـەکێکیتر ﴿أو ننسـها﴾ یـان هـەر لەبیری بەرینەوە بەهۆی کۆن بوونی، ئیللا موعـجیزەیەکی باشتر یان وەک ئەوی دەدەینێ.. ئەمـەش بۆ خودا کارێکی ئاساییو رەسـایە ﴿ألم تعلـم أن الله على كل شيء قدير﴾ بۆ تۆ نازانی؟ کە خودا بەسەر هـەموو شتێکی گونجاودا بەدەسەڵاتەو هەرشتێ مومکین بێ بێتە وجـوود، ئـەو دەتوانـێ بیهێنێتـە گۆڕەپـانی بوونـەوە ﴿ألم تعلـم أن الله لـه ملـك السـموات والأرض﴾ بـۆ تـۆ نـازانی کـە پـەروەردگار خـۆی فـەرمانداروەو هـەرچی دەسەڵاتو خاوەنیەتیو شکۆداری ئاسمانەکانو زەوی هەیە، هەمووی هەر ئی ئەوە. چـی بـۆی دەیکـا، چ فـەرمانێ بگـۆڕێ دەیگـۆڕێ، چ فـەرمانێ هەڵوەشێنێتەوە هەڵیدەوەشێنێتەوە ﴿وما لكم من دون الله مـن ولي ولا نصير﴾ نیە بۆ ئێوە جگە لە خودا کەسێکی تر چاودێری کاروبارتـان بکـا، یاسای رەساتان بۆ بنێرێ، جگە لەخودا کەسێک نییە بتوانێ یارمـەتیتان بداتو پشتیوانیتان بکـا،، دیـارە تـۆ ئەمـە دەزانـیو زانیوتـە دەی بـەناو خەڵکدا بڵاوی بکەرەوەو تێیان بگەیەنە، با لە هەموو کارێکدا پشت بـە خودا ببەستنو داوای یارمەتی لەو بکەن؟! بەهیچ جۆرێک گوێڕایەڵی ئـەو کۆمەڵە ناپاکانە مەکەن کە پڕوپاگەندە بڵاودەکەنـەوە، دژی ئایینەکـەتان دەدوێن، چونکە ئەوان دەیانەوێ لەڕێی راست لاتان بدەنو تووشی هەڵدێرو ئاستەنگتان بکەن، ئەوانـە هیـچ شتێکیان بەدەسـت نیـە، نـاتوانن زیـانو

قازانجتان پێبگەیەنن! ئەوە هەر بەدەست پەروەردگارەو هیچ شتێک بێ ڕەزامەندی ئەو نابێ!

﴿ أم تريدون أن تسألوا رسولكم كما سئل موسى من قبل﴾ یان ئێوە ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان دەتانەوێ داوای موعجیزەی ناقۆڵاو ناماقوڵ لە پێغەمبەرەکەتان بکەن، وەکو چۆن لەوەپێش نەوەی ئیسرائیل ئاوا داوای موعجیزەی ناقوڵاو نالەباریان لە موسا کرد؟ کە داوایان لە موسا کرد وتیان ﴿أرنا الله جهرة﴾ بە ئاشکرا خودامان نیشان بدە، نەکەن ئەو ڕێبازە پەیڕەو بکەن؛ ئەوە ڕێگایەکی سامناکئو خەتەرناکە، لادانە لەئایینو سەرپێچیکردنی فەرمانی پەروەردگارە، هەڵبژاردنی ڕێبازی چەوتو خوارە، لەباتی ڕێگای راستو ڕەوان ﴿ومن يتبدل الكفر بالإيمان فقد ضل سواء السبيل﴾ هەر کەسێکیش لە شوێنی ئیمانو باوەڕ کوفر هەڵبژێرێ، بێگومان ڕێگای ڕاستی لێ گوم بووە؟!

ئەمەش ئەوپەڕی بەخت ڕەشیو چارەڕەشییە کە مرۆڤ ڕێگای ڕاستی بۆ ئاشکرا ببێو کەچی خۆی لێ گێل بکاو لێی لادا.

هەڵوێستی ئەهلی کیتاب بەرامبەر موسوڵمانانو چۆنیەتی ڕەتدانەوەیان

وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٠﴾

لەوەپێش پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد کە گوێ بۆ ئامۆژگاریی جولەکەکان نەگرنو بیروبۆچوونەکانیان ڕەت بکەنەوە، لێرەش هۆی دژایەتیکردنی ئەوان بۆ موسوڵمانان روون دەکاتەوە کە بریتییە لە حەسوودیو پێیان ناخۆشە کەخودا نیعمەتی ئیسلامی پێداونو ئاواتەخوازنو کە موسوڵمانان لە ئایینەکەیان پاشگەزببنەوەو دەفەرموێ: ﴿ود كثير من أهل الكتاب لو يردونكم من بعد إيمانكم كفارا﴾ زۆربەی زۆری جولەکەو فەلەکان ئارەزووی ئەوەیانە کە ئێوە لە ئایین ژێوان بکەنەوە، دوای ئەوەی راستیو حەقتان بۆ دەرکەوتووە دەیانەوێ پاشگەز ببنەوەو بچنەوە ناو تاریکایی گومڕایی پێشووتان ﴿حسدا من عند أنفسهم﴾ چونکە حەسودیتان پێ دەبەنو پێیان ناخۆشە ئێوە موسوڵمان بوونو بە موسوڵمانی بمێننەوە ﴿من بعد ما تبين لهم الحق﴾ دوای ئەوەی بۆیان ئاشکرا بووە کە ئایینی ئێوە ئاینێکی حەقەو بەڵگە لەسەر راستیو دروستی زۆرو زەبەندەن: جا ئێوە ئەی کۆمەڵی موسوڵمان ﴿فاعفوا واصفحوا﴾ چاو پۆشییان لێ بکەنو گوێیان مەدەنێو چیتان بەسەرەوە نەبن ﴿حتى يأتي الله بأمره﴾ هەتا ئەو کاتەی پەروەردگار ڕێگاتان دەدا کە شەڕیان لەگەڵدا بکەنو دەستی خۆتانیان لێ بوەشێنن ﴿إن الله على كل شيء قدير﴾ بێگومان خودا بەسەر هەموو شتێکدا تواناو دەسەڵاتی هەیەو کە کاتی خۆی هات تۆڵەیان لێ دەستێنێ، ئێوەش ئەی گرۆهی موسوڵمانان بڕواتان بە خودا هەبێو بزانن چی وادە پێداون دیتەجێو چاوەڕوان بن ﴿وأقيموا الصلاة وآتوا الزكاة﴾ بەردەوام بن لەسەر جێبەجێکردنی دوو کۆڵەکەی ئایین کە نوێژکردنو زەکات دانە، ئەوەش بزانن ﴿وما تقدموا لأنفسكم من خير تجدوه عند الله﴾ هەر کردارو گوفتارو هەڵویستێک ئەنجام بدەن - جا فەرز بێ یا سوننەت بێ پاداشەکەی لای خودایەو دەستتان دەکەویتەوە ﴿إن الله بما تعملون

بصیر﴾ بێگومان خودا ئاگادارو بینایە بەسەر هەموو کارو کردەوەیەکتان ورۆژی دوایی بە گوێرەی پێویست پاداشتتان دەداتەوە.

رای جولەکەو گاور بەرامبەر بەیەکتری

وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١١٢﴾ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾

ئایەتی (۱۱۳) دەربارەی جولەکەکانی مەدینەو وەفدی نەصرانییەکانی نەجران هاتۆتە خوارێ: کە نەصرانییەکانی نەجران هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ مالمەکانی جولەکەش هاتن لەوێ بوو بە دەمەقالێو دەنگیان لێک هەڵبەزییەوە؛ جولەکەکان وتیان: ئێوە لەسەر هیچ ئایینێک نین! بڕوامان بە عیساو ئینجیل نیە! نەصرانییەکان وتیان: نەخەیر ئێوە لەسەر هیچ ئایینێک نین؛ ئێمە بڕوامان بە موساو تەوراتەکەی نیە.

ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنەخوارێ کە بیروبۆچوونی جولەکەو گاورەکان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وقالوا لن یدخل الجنة إلا من كان هودا أو نصارى﴾ وتیان: کەسێک جولەکەو گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، واتە: جولەکەکان دەیانگوت: هەرکەسێک جولەکە نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە، گاورەکانیش دەیانگوت: بەهەشت هەر بۆ گاورەکانەو کەسێک گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە..

﴿تلك أمانيهم﴾ ئەم بیرو بۆچوونانە زادەی خەیاڵی پڕوپووچی ئەوانەیەو بنچینەیەکی زانستی نیەو هەر بە هەوانتە ئەم جۆرە قسانە فڕێ دەدەن ﴿قل هاتوا برهانكم إن كنتم صادقين﴾ ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: ئەگەر راست دەکەن بەهەشت هەر بۆ ئەوانەو کەسی تر ناچێتە ناوی، دە بەڵگەی چەسپێنەر بخەنە روو! دیارە بەڵگەیان بەدەستەوە نیەو ناتوانن هیچ جۆرێک لەم بۆچوونانە بچەسپێنن ﴿بلى من أسلم وجهه لله وهو محسن فله أجره عند ربه﴾ نەخەیر وا نیە؟! بۆچونەکەتان هەڵەیە، وا نیە، کە هەرکەسێک جولەکە نەبێ یا گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە! بەڵکو هەرکەسێک خواپەرست بێو بۆ خودا لێبڕێ خۆی بداتە دەست خوداو چاکەکار بێ ئەوە پاداشی باشی لای خودای خۆیەتیو بێ کەمو زیاد پاداشەکەی وەردەگرێتەوە ﴿ولا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ نە ترسیان لەبەرەو نە خەم دەخۆن چونکە ئەوان پشتیان بە خودا قایمە دڵنیان لە دادوەری خوداو هیچ دڵەڕاوکێیەکیان تووش نابێ!

دوای رەتکردنەوەی بۆچوونەکەی گاورو جولەکەکان ئەمجار هەڵویستی هەریەکەیان بەرامبەر ئەوی تریان ئاشکرا دەکاو دەفەرموێ ﴿وقالت اليهود ليست النصارى على شيء﴾ جولەکەکان دەڵێن: گاورەکان لەسەر هیچ ئایینێک نینو ئەو دینەی خۆیان پێ هەڵەو گیرکردوە بێ بناغەو بێ سەرچاوەیە ﴿وقالت النصارى ليست اليهود على شيء﴾ لەهەمان کاتدا گاورەکانیش دەیانگوت: جولەکەکان لەسەر هیچ ئاینێک نینو دینەکەیان بەتاڵە، ئەمە لەکاتێکدا ﴿وهم يتلون الكتاب﴾ ئەوانە کتێب دەخوێننەوە، جولەکە تەورات دەخوێننو لەوێدا موژدەی هاتنی حەزرەتی عیسای تێدایە، هەروەها گاورەکانیش ئینجیل دەخوێننەوە کە لەوێدا باسی ئایینی جولەکەی تێدایە.. کەوابوو ئەوان کافر بوونەکەیان لە نەزانییەوە نیە، بەڵکو بەئەنقەست خۆیان کافر دەکەن ﴿كذلك قال الذين لايعلمون مثل قولهم﴾ عەرەبە خوانەناسەکانو

هاوبەش پەیداکەرەکانیش هەر ئاوایان دەگوت: (محمد) دینەکەی هیچ نیەو بێ بنەماو بێسەرچاوەیە دەی ئێوە ئەی مالهو قەشەکان! لای خۆی خوێندەوارنو تەوراتو ئینجیل دەخوێننەوە، دەزانن ئایینی موساو ئایینی عیسا لەرۆژگاری خۆیاندا ئایینێکی حەق بوونو هەر ئەوانیش موژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامیان داوە!! کەچی ئێوە هەر قسە پڕوپوچەکانی عەرەبە نەخوێندەوارەکان دەجوونەوە؟!

﴿فا لله یحکم بینهم یوم القیامة فیما کانوا فیه یختلفون﴾ پەروەردگار رۆژی قیامەت موحاکەمەی نێوانی جولەکەو گاورەکان دەکا، بیرو بۆچوونەکانیان دەربارەی ئایین یەکالا دەکاتەوە سزای گونجاوو شیاویان دەداتەوە.

ستەمکاری ئەوانەی ناهێڵن نوێژ لە مزگەوتەکاندا بکرێ، نوێژکردن لە هەموو جێگایەکی خاوێن دروستە

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١٤﴾ وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾

زۆر ریوایەت هەن دەربارەی هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانە: بەهەر حاڵ عیبرەت بەگشتی وشەکەیە نەک بەتایبەتمەندی هۆکاری هاتنەخوارەوە کە،، بۆیە دەتوانین بڵێین : هەرکەسێ مزگەوت بڕوخێنێ دەرگای دابخا، هەوڵ بدا خواپەرستان رووی تێنەکەن، هەرکەسێ ببێتە لەمپەرو بەربەست ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ ومن أظلم ممن منع مساجد ا لله أن یذکر فیها اسمه﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترو تاوانبارترە کە نەهێڵێ لە مزگەوتەکانی ماڵی خوادا یادو ذیکری خودای

تێدا بکرێو شکئو گومانو دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی موسوڵمانانەوە هەروەها ﴿وسعى في خرابها﴾ هەوڵ بدا وێرانیان بکا بەم جۆرە نەهێڵێ یادی خودایان تێدا بکرێ، دیوارو کۆڵەکەو دراو بەردیان بڕوخێنێ. ﴿أولئك ماكان لهم أن يدخلوها إلا خائفين﴾ ئەوانە شایانی ئەوەن کە راوەدو بنرێن وە بترسێندرێنو بخرێنە بەر فشارو سەرکوت کردن، مەگەر پەنا بەرنە بەر مزگەوتەکانو داوای ئاشتی بکەنو خۆ بخەنە ماڵی خوداوە -وەکو ئەوەی کە لەساڵی رزگارکردنی مەککەدا رووی‌دا کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (من دخل المسجد الحرام فهو آمن) هەرکەسێک خۆ بخاتە ماڵی خودا (کەعبە)وە ئەوە دەستدرێژی ناکرێتە سەرێو لێی ناپێچرێتەوە،، ئیتر هەموو ملهوڕەکانی قوڕەیش خۆیان خستە ناو کەعبەوە، دوای ئەوەی کەنەیان دەهێشت پێغەمبەر خوداپەرستی تێدا بکا، نەیان دەهێشت هاوەڵەکانی بچنە ناوی.. یان مانای وایە ئەوانە نابێ بچنە ناو مزگەوتەکانی خوداوە مەگەر بە ترسو خوشوعو گەردنکەچی‌یەوە بچنە ناو ماڵی خوداوە! نابێ بەهیچ کلۆجێک رێگەیان پێ بدرێ کە بە لوتبەرزیو کەشو فشەوە بچنە ناو مزگەوتەکانەوە ﴿لهم في الدنيا خزي﴾ ئەوانە لەجیهاندا ریسواو سەر شۆڕنو ﴿ولهم في الآخرة عذاب عظيم﴾ لە رۆژی دوایشدا سزایەکی کوشندەو گەورەیان هەیەو دەخرێنە ناوی!!

﴿و لله المشرق والمغرب فأينما تولوا فثم وجه الله﴾ خۆرهەڵاتو خۆرئاواو هەموو زەوی موڵکی خودایە، لەکاتی نوێژکردندا رووبکەنە هەر لایەک رووکردنە خودایەو لەپێش دەمتانەو خوداپەرستی‌یەکەتان گیرایە ﴿إن الله واسع عليم﴾ بێگومان خودا شوێنێکی تایبەتی دیاریکراوی نیە، لەهەموو شوێنێکە، لەهەر شوێنێک رووی تێ بکەن ئاگاداری رووتێکردنەکەیە. دەڵێن: ئەم ئایەتە پیش فەرمانکردن بە رووکردنە کەعبە لەنوێژدا نازڵ بووە بەوەش ئەو بیرو بۆچوونانەی ئایینە کۆنەکانی پوچەڵ کردەوە کە دەیانگوت خوداپەرستی هەر دەبێ لەناو دێرو

کەنیشتەو لای پەیکەرەکان بکرێ، واتە: ئەگەر نەیان هێشتن نوێژ لەناو کەعبەدا بکەن، یا لەناو بەیتول مەقدیسدا نوێژ بکەن ئەوە هەموو سەرزەوی بۆ ئێوە کراوە بە مزگەوت، لەکوێ نوێژ دەکەن بیکەن، لە هەموو شوێنێک رووکردنە خودا بەیدەست دەکرێو تایبەت نیە بە شوێنێکەوە!

درۆو بوختانی ئەهلی کیتابو موشریکەکان کە کوڕ بۆ خودا دادەنێن

وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۖ بَل لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلّٞ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿١١٦﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿١١٧﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ لَوۡلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوۡ تَأۡتِينَآ ءَايَةٞۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّثۡلَ قَوۡلِهِمۡۘ تَشَٰبَهَتۡ قُلُوبُهُمۡۗ قَدۡ بَيَّنَّا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾

ئەم ئایەتانە دەربارەی جولەکە کەدەیانگوت عوزەیر کوڕی خودایە، هەروەها دەربارەی گاورەکان کە پێیان وابوو عیسا کوڕی خودایە، هەروەها دەربارەی کافرەکانی مەککە دەیانگوت فریشتە کچی خودان هاتوونەتە خوارێ پەروەردگار هەمووی بە درۆخستنەوەو فەرمووی:

﴿وقالوا اتخذ الله ولدا﴾ دەڵێن: خودا کوڕی بۆ خۆی بڕیارداوەو کوڕی هەیە، جولەکەکان دەیانگوت: عوزەیر کوڕی خودایە، گاورەکانیش دەیانگوت: عیسا کوڕی خودایە، هاوبەش پەیداکەرانیش دەیانگوت فریشتەکان کچی خودان ﴿سبحانه﴾ پاکو بێخەوشی بۆ خودایە، پەروەردگار دوورە لەوە منداڵی هەبێ چونکە منداڵ بۆ کەسێک پێویستە یارمەتیبدا، دوای مردنی شوێنی بگرێتەوە، کەپێویستی بە یارمەتیدان

بێ، لە کاروباری ژیانی رۆژانەی‌دا، دەی خۆ خودا پێویستی بەوە نیە ﴿بل لە ما في السموات والأرض کل لە قانتون﴾ بەڵکو هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەوی‌دا هەیە هەمووی موڵکی خۆیەتی چی تێدایە گەردن کەچ‌و فەرمانبەرداری ئەون‌و بە ویستو ئیرادەی ئەو لەگەڕدان‌و هەڵدەسوڕێن! ئیتر بە چ ئەقڵێک ئەو نەفامانە کوڕو کچی بۆ دیاری دەکەن ﴿بدیع السموات والأرض﴾ پەروەردگار خۆی بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ئەوەی تیاندایە، جا کەسێک بەدیهێنەری ئەو شتانە بێ چۆن دەبێ بڕێ لەو شتانە بکرێنە کوڕو کچی‌و هاوبەشی!؟ خودا خۆی خاوەن دەسەڵاتی رەهایەو هیچ سنورێکی بۆ نیەو هیچ لەمپەرێک نایەتە پێشی! ﴿وإذا قضی أمرا فإنما یقول لە کن فیکون﴾ هەرکارێک هەر شتێک ویستی ببێ یەکسەر دەبێ‌و بێ چەندو چوون لەخانەی بوون‌دا خۆی دەنوێنێ، رووتێکردنی ئەو ئیرادەیە بۆ ئەو شتەو پەیوەندی کردنی پێوە بەچۆنیەتێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێ‌و عەقڵی ئادەمیزاد پەی پێ نابات. چونکە دەرک کردنی ئەو چۆنیەتە لەزوور توانای عەقڵی ئادەمی‌دایەو هەر هەوڵ‌و لێکۆڵینەوەیەک بکرێ بۆ دەرک کردنی ئەو نهێنی‌یە بێ هودەیەو خۆ ماندووکردنێکی بێ‌ئەنجامە ﴿وقال الذین لایعلمون لولا یکلمنا اللە أوتأتینا آیة﴾ نەفام‌و نەزان‌و هاوبەش پەیداکەرەکانی عەرەب، یان نەخوێندەوارەکانی جولەکەو گاور زۆرجار تەحەددای پێغەمبەریان دەکرد. دەیانگوت کە راست دەکەی تۆ نیگات بۆ دێ‌و ئەو نیگایە لەخوداوەیە ئەدی بۆچی خودا بۆ خۆی قسەمان لەگەڵ ناکا؟! پێمان نالێ: (محمد) ﷺ راست دەکاو پێغەمبەری منە؟ وەکو چۆن لەگەڵ فریشتەدا ئاخاوتن دەکا، یان بۆ نیشانەیەکی راستەو دروستمان نیشان نادا لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی تۆ؟ چونکە بڕوایان بە نیشانەکانی پێغەمبەر نەبوو ئینکاری بەڵگەو موعجیزەکانی پێغەمبەریان دەکرد ﴿کذلك قال الذین من قبلهم مثل قولهم﴾ دەی خوانەناس‌و گومڕاکانی پێووش هەر ئەم

قسەیەی ئەمانیان دەکردو داخوازی ئاوایان دەخستەڕوو؟! ﴿تشابهت قلوبهم﴾ دڵو بیرو بۆچوونی کافرەکانی قورەیشو جولەکەو گاورەکان وەکو یەک دەچن لە سروشتو بیرو بۆچووندا لە گومڕایی سەرکێشیدا وەک یەکتر وان، هیچ زیدە ریزیک نیە بۆ جولەکە بەسەر کافرە قورەیشی یەکان دا هەموویان لەبیرو بۆچوندا وەکو یەک دەچن. لە سەرکێشیو گومڕایی دا هیچ جیاوازی یەکیان نیە، ﴿قد بیننا الآیات لقوم یوقنون﴾ بێگومان ئێمە نیشانەکانی راستی پێغەمبەرایەتی (محمد)مان روون کردۆتەوە بۆ ئەوانەی کە لەدڵی خۆیاندا هەست بە ئارامیی یەقین دەکەن.

ترساندنو نارەزایی دەربڕین لەشوێن کەوتنی جولەکەو گاور

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۖ وَلَا تُسۡـَٔلُ عَنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٩﴾ وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَ ٱلَّذِي جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٢١﴾

دوای ئەوە کە پەروەدگار هەمو بیروبۆچوونیجولەکەو گاورەکانی پوچەڵ کردەوە، مەبەستەکانی ئاشکراکردنو ئاکامو سەرەنجامەکانی روون کردنەوە، ئەمجار روو دەکاتە پێغەمبەرو ئەرکو لێپرسراویتی دیاری دەکاو پەردە لەسەر حەقیقەتی جەنگی نێوان پێغەمبەرو جولەکەو گاورەکان لادەباو سروشتو چۆنیەتی دژایەتیەکە رادەنوێنیو خیطاب ئاراستەی پێغەمبەر دەکاو تێی دەگەیەنێ کە ئەو خاوەنی موعجیزەو

ئایاتـە، دوا بـەدوای چەسـپاندنی تـاکێو تـەنیایی خـودا راسـتیی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەچەسپێنێو دەفەرموێ: ﴿إنا أرسلناك بالحق بشيرا ونذيرا﴾ ئێمە تۆمان کردوە بە پێغەمبەرو ناردومانی بۆ سەر ئادەمیزاد بەشێوەیەکی راستو دروست، ئەرکی سەر شانیشت گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەتە، مژدە بدە بەوانەی پابەندی فەرمانەکانی پەروەردگارن، سەرپێچیکەرانیش بترسێنە، ئەمە رۆڵی سەرەکی تۆیە، مژدەدەرو ترسێنەری، ﴿ولا تسأل عن أصحاب الجحيم﴾، تۆ بەرپرسیار نیت لەوانەی کە ئیمان ناهێننو بەهۆی کرداری نارەوایانەوە دەچنە ناو دۆزەخەوە، بەتایبەتی کە تۆ ئەرکی سەرشانی خۆتت ئەنجام داو بانگەوازی ئیسلامت پێگەیاندن!! ئەوەش بزانە کە ﴿ولن ترضى عنك اليهود ولا النصارى حتى تتبع ملتهم﴾ جولەکەو گاورو هاوپەیمانانیان لە تۆ رازی نابنو بەردەوام دژایەتی توندت دەکەن فێڵت لێ دەکەن، پیلانت لێ دەگێرن، گێرەوکێشەت بۆ بەرپادەکەن، مەگەر واز لەو بانگهێشتنە بێنیو بانگەوازی ئیسلامی فەرامۆش بکەیو بچیتە سەر ئایینی ئەوان، ئەو کاتەش ماڵوێرانی دونیاو قیامەت دەبێ!!

وە نەبێ ئەوان کە ئیمانت پێ ناهێنن، لەبەر بێ بەڵگەیی بێ، ئەوان خۆیان باش دەزانن کە پەیامەکەت حەقو راستە، بەڵام کە ئیمانت پێ ناهێنن لەبەر لووتبەرزیو حەسوودییە، تۆ هەرچی بکەی ئەوان لێت رازی نابن مەگەر بچیە سەر ئایینەکانیان، ئەمەیە تەوەرەی کێشەکە، هەر ئەمەیە ئەو هەموو دژایەتیەی کە دژی ئیسلامو بانگەوازکەرانی بەدرێژایی مێژوو ئەنجامی دەدەن، ئەمە شەری بیروباوەرە لەژێر دروشمێکی ئاڵو والادا، بێگومان ئەو دوژمنانە هەر رۆژە بەجۆرێک خۆ دەگۆرنو ئالایەکی تر بەرزدەکەنەوە، چونکە ئەوان دەزانن کە موسوڵمانان چەند سرکن بەشتێک کە دەربارەی بیرو باوەریان ئەنجام بدرێ، لەوەپێش جەنگی دژ بە بیروباوەریان تاقیکردۆتەوە، بۆیە ئالای شەرەکەیان گۆریو

لەژێرناوێکی ترداو هەر جارەی بە بیانووی شتێکەوە، جارێکێ بە بیانووی پاراستنی زەویو خاکو نیشتمانەوە یان بە بیانووی ئابوریو جارێکی‌تر بە بیانووی رامیاریو پایگای سەربازی‌یەوە...... هتد بەڵام لەڕاستی‌دا دژایەتیەکە هەر بۆ بێ‌هێزکردنی ئایینی ئیسلامە، بۆ لەڕیشەکێشانی ئەو گیانە پەیوەستەیە بە پەروەردگارەوە هەموو ئامانجێکیان بۆ لێدانی ئیسلامە، بۆ رووخاندنی ئەو بەربەستە قایمو قۆڵەیە کە جارەهای جار لەبەر دەمیا کۆڵەوار بوونو بە سەر شکاویو قونددڕاوی گەڕاونەوە، بەڵێ ئەمە شەڕی بیروباوەڕە، شەڕی ئەرزو بەربوومو پایگاو ئابوریو رامیاری نیە.

﴿قل إن هدى ا لله هو الهدى﴾ ئەی محمد! پێیان بڵێ: بێگومان رێبازی راستی ئیسلامو بەرنامەی خودا بۆ ئادەمیزاد کە بریتیە لەپەیامی قورئان، هەر ئەوە شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێ: رێبازی ڕاستو شیاوی ئەوەیە مرۆڤ بیکاتە رێبازی ژیانیو پێیدا بڕوا، هەموو ئەو رێبازو بەرنامەو بۆچوونانەی ئێوە بانگەوازی بۆ دەکەن دوای هاتنی ئیسلام پوچەڵ بوونەوە متمانەیان پێ ناکرێ، چاکێ وایە چی‌تر ئێوە خۆتان بەوە هەڵەوگیر نەکەن، ئەی رەهبەر! ئاگات لە خۆت بێ بەهیچ جۆرێکێ لەم هەڵوێستە نەیەیتە خوارێ؛ بە موو لەم بەرنامە لانەدەی ﴿ولئن اتبعت أهواءهم بعد الذي جاءك من العلم مالك من ا لله من ولي ولا نصير﴾ ئەگەر شوێن هەواو هەوەسی ئەوان بکەوێ بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ئەو ئایینە راستو دروستەت بۆ نێردراوەو لێت روونە کە ئایینێکی هەقەو وەکو رۆژی رووناکێ دەدرەوشێتەوە ئەوە خودات لێ دەڕەنجێو کەس نیە یارمەتیت بدات، لە خوداوە پشتو پەناو یارمەتیدەرت نامێنێ: خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت دەبێ! ﴿الذين آتيناهم الكتاب﴾ ئەو موسوڵمانانەی کەلەوەوپێش لەسەر ئاینی جولەکە، یان ئایینی عیسا بوون، ئێستا موسوڵمان بوون ﴿يتلونه حق تلاوته﴾ ئەو نامە ئاسمانی‌یەی

کە هەیانە دەیخوێننەوە، هیچ گۆڕانکاری تێدا ناکەنو نیشانەکانی پێغەمبەر چۆن لایان نووسراوە، دەری دەخەنو هیچی لیّ ناشارنەوە ﴿أولئك يؤمنون به﴾ ئەوانە بڕوایان بە نامەی خۆیان هەیەو دەزانن راستەو هەر بە گوێرەی ئەویش ئیمانیان بە تۆ هێناوە. ﴿ومن يكفر به﴾ کەسێک بڕوا بە نامەی خودا نەکاو پابەندی فەرمانو نەهییەکانی نەبێ بڕوا بە قورئانو بە پێغەمبەریەتی تۆش ناکا!! ﴿فأولئك هم الخاسرون﴾ ئەوانە خەسارەتمەندی دونیاو قیامەتنو بەدبەختو چارەڕەشن!

بیرخستنەوەی نیعمەتەکانی خودا بۆ نەتەوەی ئیسرائیلو ترساندنیان لە دوارۆژ

يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٢٢﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَـٰعَةٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾

ئەمجار دوای ئەم روونکردنەوەو ئەم پەیامە گرنگە کوتبڕە جارێکیتر سیاقی ئایەتەکە روودەکاتەوە نەوەی ئیسرائیل وەکو بڵێی: بانگەوازی کۆتاییو دوا بانگهێشتنیان ئاراستە دەکا..

دوای ئەم هەموو کێشەو بەرامبەریو رانواندنی هەڵوێستی جۆراو جۆریان لەگەڵ پەروەردگاری خۆیانو لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان جارێکیتر بانگەوازیان لیّ دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿يا بني إسرائيل اذكروا نعمتي التي أنعمت عليكم وأني فضلتكم على العالمين﴾ ئەی نەوەی ئیسرائیل! یادی ئەو هەموو رێزو نازو نیعمەتانە بکەنەوە کە داومە بە ئێوە، ئەو خۆشبەختییەم پیّ رەوا بینین، بە تایبەتی کە زێدە رێزم دابوونیّ بەسەر ئادەمیزادانی رۆژگاری خۆتاندا بەرزم کردبوونەوە، پلەو پایەی تایبەتیتان درابوویە! ئەمجار پێمان گوتبوون: ﴿واتقو يوما لاتجزي نفس عن نفس

شیئا ولا یقبل منها عدل ولا تنفعها شفاعة﴾ خۆتان بپارێزن لە سزاو تۆڵەی رۆژێک کە کەس لەبری کەس سزا نادرێو کەس ناتوانێ ئێشو ئازاری کەس هەڵبگرێ کەس فیدیەی لێ وەرناگیرێو شەفاعەتو تکاکاری کەس جێی بۆ ناگرێ، چونکە ئەوان بڕوایان بە خودایەتی خودا نەبووەو کافربوونو کافریش ئەگەر شەفاعەتیشی بۆ بکرێ جێ ناگرێ ﴿ولا هم ینصرون﴾ کەس ناتوانێ بەرگرییان لێ بکاو عەزابی خودایان لێ دووربخاتەوە:

بە تاقیکردنەوەی ئیبراهیم عليه السلام و تایبەتمەندی کابەو شاری مەککە

۞وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ
قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِيۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾ وَإِذۡ جَعَلۡنَا ٱلۡبَيۡتَ
مَثَابَةٗ لِّلنَّاسِ وَأَمۡنٗا وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗىۖ وَعَهِدۡنَآ
إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلۡعَٰكِفِينَ
وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا بَلَدًا
ءَامِنٗا وَٱرۡزُقۡ أَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ
قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلٗا ثُمَّ أَضۡطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِۖ وَبِئۡسَ
ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٢٦﴾

پاش ئەوەی یەزدان نیعمەتەکانی خۆی وەبیر نەتەوەی ئیسرائیل هێنایەوەو، ئەوەی دەرخست کە ئەوان چۆن لەجیاتی سوپاسو شوکرانە ژمێری، کوفرانی نیعمەتەکانیان کردو لەخودا یاخی بوون! ئەمجار چیرۆکی حەزرەتی (ئیبراهیم) دەگێڕێتەوە کە باوکی پێغەمبەرانەو

جولەکەو نەصارا خۆیان بە شوێنکەوتووی ئەو دەزانن‌و ئەگەر راست دەکەن دەبوایە شوێن (محمد) ﷺ بکەوتنایەو دەفەرموێ:
﴿وإذا ابتلي إبراهيم ربه بكلمات فأتمهن﴾ ئەی محمد: بیربکەرەوە لەو کاتەی پەروەردگار بەندەی خۆی ئیبراهیمی بەتاقی‌کردەوەو کۆمەڵێک ئەرک‌و فەرمانی شەرعی بەسەردا دا، ئەویش بە رێک‌و پێکی ئەنجامی دان، وەفای بە بەڵێن‌و پەیمانەکانی خۆی کرد -وەکو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وإبراهيم الذي وفى﴾ ئەمەش پلەو پایەیەکی پیرۆزە کە حەزرەتی ئیبراهیم پێی گەیشتووە، لەبەر ئەوە ئیبراهیم شیاوی ئەوە بوو کە پلەو پایەی زیاتری بدرێتێ ﴿قال إني جاعلك للناس إماما﴾ پەروەردگار پێی گوت: ئەمن دەتکەم بە پێشەوای ئادەمیزادو مەشخەڵێکی رەهنومایی بۆ خەڵک ﴿قال ومن ذريتي﴾ حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ فەرمووی: پەروەردگار ئەم پلەو پایە پیرۆزە بە هەندێ لە نەوەکانیشم ببەخشە ﴿قال لا ينال عهدي الظالمين﴾ پەروەردگار فەرمووی: ئەم پلەو پایە گەورەو پیرۆزە نادرێ بە هیچ کەسێکی خوانەناس. با لە نەوەی تۆش بن: هەرکەسێ زاڵم‌و ستەمکار بێ بە کەڵکی رابەری‌و پێشەوایەتی نایە.
ئەم هەڵویستەی حەزرەتی ئیبراهیم هەڵقوڵاوی هەستێکی سروشتی قووڵ بوو، ئەو هەستە سروشتی‌یەی کە خودا لە ئادەمیزادا داینـاوە بەردەوام بە رێک‌و پێکی هەنگاو هەڵدینێ، داهاتوو رابوردوو تەواو دەکا، چینەکان هاوکاری یەکترن‌و شریتی ژیان پێک دەهێنن‌و چین لە دوای چین شوێنی یەکتری دەگرنەوە، کەلەپوور لەیەکتری دەگرن‌و بەسەرهاتو رابوردوویان بە مێژوو دەخوێننەوە. ﴿وإذ جعلنا البيت مثابة للناس وأمنا﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ یادی ئەوە بکەرەوە ئەو کاتەی کە خانووی کەعبەمان کرد بە مەرجەع‌و لەهەموو لایەکەوە رووی تێبکەن‌و لێی کۆبنەوە، هەروەها ببێتە شوێنی ئاسایش‌و حەوانەوەی ئەوانەی کە پەنای بۆ دێنن،

چونکە پەروەردگار ڕێزی ئەم خانوەی خستۆتە دڵی عەرەبەکانەوە، بە پیرۆزیی سەیریان کردووە، هەرکەسێ پەنای بۆ بردبێ لەسەرو ماڵی دڵنیا بووە، بە ئادەمیزادی خواپەرستمان گوت: ﴿واتخذوا من مقام إبراهيم مصلى﴾ شوێنی ئەو بەردەی کە حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ کاتی دروست کردنی دیواری کەعبە دەچووە سەری بیکەنە شوێنی نوێژی سوننەتو خوداپەرستی لێ بکەن، یان مەبەست بە مەقامی ئیبراهیم ئەوەیە هەموو کەعبە بگرێتەوە، واتە کەعبە یەکەم قیبلەیە کە خوداپەرستان ڕوویان تێکردووە، نەوەکانی ئیبراهیم یەکتاپەرستیان تێدا ئەنجام داوە، جا لەبەر ئەوەی کەعبە ماڵی خودایە موڵکی کەسیتر نیە، بۆیە پەروەردگار ئەرکی پاکٔ کردنەوەیو چاکٔ کردنەوەیو ئامادەکردنی بۆ خوداپەرستی خستە ئەستۆی دوو بەندەی ڕاستاڵی خۆی کە حەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیلە ﷺ ﴿وعهدنا إلى إبراهيمو إسماعيل أن طهرا بيتي للطائفين والعاكفين والركع السجود﴾ فەرمانمان بە ئیبراهیمو ئیسماعیل کرد کە خانووی ئێمە پاکٔ بکەنەوە، هەرشتێ شیاوی پلەو پایەی یەکتاپەرستی نەبێ لێی دووربخەنەوە، ئامادەی بکەن بۆ ئەوانەی دێنە حەج بە دەوریدا هەڵدەسوڕێن، یان لەناویدا دەمێننەوە نوێژی تێدا دەکەن، ڕوکوعو سوجدەی تێدا دەبەن، ﴿وإذ قال إبراهيم: رب اجعل هذا بلدا آمنا﴾ باسی ئەوە بکە کە حەزرەتی ئیبراهیم نزای کردو لە خودا پاڕایەوە وتی: خودایا! ئەم شوێنەی کە من عیبادەتخانەی تێدا ئاوەدان دەکەمەوە بیکەی بە شارێکی هێمنو ئاسایشو خۆشگوزەرانیو لە هەموو ئازارو ناخۆشییەکٔ پارێزراوبێ ﴿وارزق أهله من الثمرات﴾ دانیشتوانی بە ڕزقو ڕۆزییو بەرو بووم خەنی بکە، هەموو کاتێ بازاڕی پڕ بێ لەمیوەجاتو خواردەمەنی ﴿من آمن منهم با لله واليوم الآخر﴾ ئەوانەی لەناو ئەو دانیشتوانەدا ئیمانیان بە خوداو ڕۆژی دوایی هەیە... ئەمجار پەروەردگار ﴿قال : ومن كفر فأمتعه قليلا﴾ فەرمووی: ئەوانەی کافرن لە

ژیانی دونیادا هەندێ خۆشییان دەدەمێ ﴿ثم أضطرهم إلى عذاب النار﴾ ئەمجار راپێچیان دەکەم بۆ ناو سزای دۆزەخ ﴿وبئس المصير﴾ ئاگری دۆزەخیش خراپترین شوێنێکە کە ئادەمیزاد تێی بچێ. ناخۆشترین شوێنی حەوانەوەیە.

بنیاتنانی کەعبەو نزاو پاڕانەوەی ئیبراهیمو ئیسماعیل

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَـٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾ رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾ رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار نیعمەتەکانی خۆی وەبیر عەرەبەکان هێنایەوە، ڕێزو شکۆمەندیی کابەی ڕاگەیاند، دوابەدوای ئەوە ئەوەی بیرهێنانەوە کە ئەو کەسەی ئەو خانوەی دروست کردووە، حەزرەتی ئیبراهیمو کوڕەکەی حەزرەتی ئیسماعیل بوون، بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێ بۆ ئەوەی چاو لەو باوکو باپیرە بەڕێزانەیان بکەن، ئاییني پەسەندکراوی وەربگرنو فەرمووی:

﴿وإذ يرفع إبراهيم القواعد من البيت وإسماعيل﴾ باسی ئەوە بکە ئەو کاتەی کە حەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕی بناغەی دیواری کەعبەیان دادەناو چینەکانی دیوارەکانیان بەرز دەکردەوەو سەرگەرمی کار لێکردنی بوون، بە ملکەچیو بەندایەتی کردنەوە روویان لە پەروەردگار دەکردو دەیانگوت: ﴿ربنا تقبل منا إنك أنت السميع العليم﴾ خودایە! لێمان قبووڵ بکەو رەنجمان بە زایە مەدەو کارەکەمان سوودبەخش بێ!! بێگومان تۆ هەموو دوعاو نزاو پاڕانەوەیەک دەبیسیو

ئاگادارو زانای بە سەر هەموو شتێکدا ﴿ربنا واجعلنا مسلمين لك﴾ خودایە! وامان لێ بکە بە تەواویو بەردەوامی گەردن کەچو پابەندی فەرمانەکانت بینو بتوانین خوداپەرستی خۆمان ئەنجام بدەین ﴿ومن ذريتنا أمة مسلمة لك﴾ هەروەها لە نەوەکانیشمان گەلێکی خواپەرست موسوڵمان بێنە ئاراوە چونکە دڵی ئادەمیزادان وا لەناو دوو پەنجەی قودرەتی خودادان چۆنی بوێ ئاوا ئاراستەیان دەکا. دوعاکەش ئەوە دەگەیەنێ کە سروشتی گەلی موسوڵمان هاوکاری کردنی یەکتری یە لە بیرو باوەڕدا درێژەپێدانی ئەم بیرو باوەڕەیە بۆ چینەکانی داهاتووش.
﴿وأرنا مناسكنا وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم﴾ خودایە! شوێنی خوداپەرستیو چۆنیەتی حەج کردنو شوێنەوارەکانمان پیشان بدەو تێمان بگەیەنە چۆن حەج بکەینو لە کوێڕا دەست پێ بکەینو لە کوێ کۆتایی پێ بهێنین... خودایە! لە کاتی ئەنجامدانی کاروباری حەجو خوداپەرستیدا ئەگەر هەڵەیەکمان بوو کەمو کورتیمان هەبوو، یان هەرکاتێ دوای کردنی تاوانێک پەشیمان بووینەوە، بۆ لای تۆ گەڕاینەوە؛ تۆبەمان لێ قبوڵ بکەو لێمان خۆش بە، بێگومان هەر زاتی پەروەردگارت میهرەبانو تۆبە وەرگرو بە بەزەییو دلۆڤانی!

پەروەردگارا! نەوەکانی ئێمە لە عەطاو بەخششی بێپایانی خۆت نائومێد نەکەی رەهنوماییان بکەو ئاگاداریان بە ﴿ربنا وابعث فيهم رسولا منهم يتلوا عليهم آياتك ويعلمهم الكتاب والحكمة ويزكيهم﴾ پەروەردگارا! لەکاتی پێویستدا پێغەمبەرێک بنێرە بۆ سەر ئەو نەوانەی ئێمە: نامەی تۆیان بۆ بخوێنێتەوە فێری ئادابو کەمالی نەفسییان بکا، ناوەرۆکی کتێبی تۆیان تێ بگەیەنێ، حیکمەتو ژیرییان فێربکا، ئەو پێغەمبەرە بە هۆی رەوشتو ئەخلاقی بەرزی دڵیان پاک بکاتەوە لە ئەخلاقی خراپو رەوشتی بەد رزگاریان بکا ﴿إنك أنت العزيز الحكيم﴾ بەڕاستی پەروەردگارا! تۆ خودایەکی وەهای دەسەڵاتت بەسەر هەموو

شتێکدا هەیەو هەموو کارێکت پڕ حیکمەتەو لە هەموو ئیشێکا داناو زانای، ئیتر پەروەردگار دوعاکەی ئیبراهیمی وەرگرت ئەوەبوو دوای چەند چەرخێک لە نەوەی ئیبراهیم پەروەردگار حەزرەتی (محمد)ی ﷺ کرد بە پێغەمبەرو قورئانی بە خەڵات دایە؛ ئەویش بەوپەڕی توانایەوە لێبڕا بۆ گەیاندنی پەیامەکەیو رزگارکردنی ئادەمیزاد لە گومڕاییو نەزانیو پاک کردنەوەی بیروباوەڕیان لە بتپەرستی هاوبەشی پەیداکردن.

نەفامی ئەو کەسانەی لە ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم لادەدەن

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ۚ
وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَـٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾
إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾
وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَـٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ
فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾

ئیبنو عویەینە دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی سەلامو برازاکانی -کە ناویان (سەلەمە)و (موهاجیر) بوو- بانگ کردن بۆ موسوڵمان بوونو پێی گوتن ئێوە دەزانن پەروەردگار لە تەوراتدا فەرموویەتی: من لە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەرێک دەنێرم ناوی (ئەحمەد)ە کەسێک بڕوای پێ بکا سەرفیرازو هیدایەتدراوە، کەسێک بڕوای پێ نەکا ئەوە نەفرین لێکراوە (سەلەمە) موسوڵمان بوو (موهاجیر) بە جولەکەیی مایەوە ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ :

﴿ومن يرغب عن ملة إبراهيم إلا من سفه نفسه﴾ کەس نیە لابدا لە ئایینی ئیبراهیم کە ئایینێکی پاکو بێ خەوشە، مەگەر کەسێ سوکایەتی

بە خۆی بکاو ریزی خۆی نەگریَ ﴿ولقد اصطفيناه في الدنيا وإنه في الآخرة لمن الصالحين﴾ بێگومان ئێمە لە دونیاداو لەسەردەمی خۆیا ئیبراهیممان هەڵبژارد لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئەو رۆژگارەدا پلەو پایەی پێغەمبەریمان پیَبەخشی، ئەویش بەعەزمێکی پۆلاییین‌و بە لێهاتوویی ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داو لەپاشەڕۆژیشا یەکێکە لە بەندە راستاڵەکانی خوداو بە کەڵەمەردی رۆژگاری خۆی حسێب دەکریَ، هەموو کەس دان بە پلەو پایەیدا دەنیَ، بناغەی ئەم هەڵبژاردن‌و پلەو پایە پێدانەش لەو کاتەوە بوو کە ﴿إذ قال له ربه أسلم﴾ ئەو کاتەی کە خودا فەرمانی پیَکردو پیَی فەرموو: -واتە: خستیە ناو دڵیەوەو فەرمووی- گەردن کەچ ببەو فەرمانبەرداری خودای خۆت بە ﴿قال أسلمت لرب العالمين﴾ ئەویش لەوەڵامدا یەکسەر وتی: ئەوا بە هەموو توانامەوە بەلێبڕاوی گەردنکەچی پەروەردگاری بوونەوەر بووم‌و فەرمانبەردارم.

جا وەنەبیَ ئیبراهیم بە ئەوەندە وازی هێنابیَ بەڵکو ئامۆژگاری نەوەکانی دوا خۆشی کرد وەصیەتی بۆ کردن کە خوداپەرستو موسوڵمان بن ﴿ ووصى بها إبراهيم بنيه ويعقوب يابني إن الله اصطفى لكم الدين فلا تموتن إلا وأنتم مسلمون﴾ ئیبراهیم وەصیەتی بۆ کوڕەکانی کرد هەروەها حەزرەتی یەعقوبیش هەر وەصیەتی بۆ نەوەکانی ئەوەبوو کە هەرگیز واز لە ئایینی ئیبراهیم نەهێنن، وتیان: ئەی رۆڵەکانمان! پەروەردگار ئایینی پاکو بیَخەوشی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە کە ئایینی ئیسلامە کەواتە: ئێوە بە ناموسوڵمانی لە دونیادا دەرمەچن. هەموتان لەسەر ئایینی ئیسلام بەردەوام بن‌و پاش گویَی مەخەن‌و ئەم پلەو پایەی رەهبەرییە کە داویەتی بە خانەدانی ئێوە بە فیڕۆی مەدەن!

ئەمە بوو وەصیەتی ئیبراهیم بۆ کوڕەکانی هەروەها وەصیەتی یەعقوب بۆ کوڕەکانی ئەو وەصیەتەی کە یەعقوب لە دوا دوا ساتەکانی ژیانیدا تەنانەت مۆتەکەی مردنیشی نەیتوانی ئەم وەصیەتەی لەبیر

بەرێتەوە! چونکە ئەم وەصیەتە، ئەم پەیامە ئەوەندە لە هەستو شعوری یەعقوبدا قووڵ بووبووەوە دیوەزمەی مردنیش نەیتوانی ئەو هەڵویستەی لەپێش چاو چەواشە بکا، ئا لەو کاتەشدا ئەم پەیامە پیرۆزەی لە هەموو شتێک زیاتر لەلای نومایان بوو، ویستی وەکو ئەرکێکی سەرشانی حەقیقەتێکی پێغەمبەرایەتی دوا ساتەکانی ژیانی ئەم پەیامە پیرۆزە بەسەر بەرێ.

پوچەڵکردنەوەی داوای جولەکە کە دەڵێن : ئێمە لەسەر ئایینی (ئیبراهیمو یەعقوب)ین

أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا
تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِۦمَ
وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٣﴾ تِلْكَ
أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا
تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾ وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ
تَهْتَدُوا۟ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِۦمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾

قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِۦمَ وَإِسْمَٰعِيلَ
وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ
وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ
مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾ فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ وَّإِن
تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣٧﴾

ئایەتی (۱۳۳) دەربارەی جولەکەکان هاتۆتە خوارێ کە بەپێغەمبەریان گوت: تۆ نازانی کە یەعقوب لەسەرەمەرگا وەسییەتی بۆ کوڕەکانی کرد کە ئاییني یەهود پەیڕەو بکەن، هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی (۱۳۵)یش قسەکەی (ابن صوريا)ی جولەکەیە کە بە پێغەمبەری گوت ڕێگای حەق ئەوەیە کە ئێمە لەسەری دەڕۆین، ئەی موحەممەد تۆش شوێن پێغەمبەری ئێمە بکەوە! گاورەکانیش هەمان قسەیان کرد!

پەروەردگار ڕەدی دانەوەو فەرمووی: ﴿أم كنتم شهداء إذ حضر يعقوب الموت إذ قال لبنيه ما تعبدون من بعدي﴾ ئایا ئێوە ئەی موسوڵمانەکان! یا ئەی جولەکەکان ئاگادارو شایەت بوون ئەو کاتەی کە یەعقوب پێش مردنی بە چەند چرکەیەك ڕووی کردە کوڕەکانی و پێی گوتن دوای من کێ دەپەرستن؟ ﴿قالوا نعبد إلهك وإله آبائك إبراهيم وإسحق إلها واحدا ونحن له مسلمون﴾، وتیان: ئەو خودایە دەپەرستین کە تۆ دەیپەرستی، خودای تۆو خودای باوکئو باپیرانی تۆ. ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاق خودایەکی تەنیاو بێ شەریکە، ئێمە گەردنکەچی فەرمانی ئەو ینو هەر واش دەمێنینەوە..

بەم وەڵامە جوانە کوڕەکانی یەعقوب باوکیان لە غەرغەرەی مردانداا دڵنیاکرد، ئابەم ئایەتە پیرۆزە بیروباوەڕێکی جولەکەکان ڕەت دەکاتەوە کە دەیانگوت: کاتی خۆی حەزرەتی یەعقوب وەسیەتی بۆ کوڕەکانی ئەوە بووە کە لەسەر ئاییني جولەکە بمێننەوە وە هیچ ئاینێکی تر قبوول نەکەن، ئەمە شایەتیدانی پەروەردگارە دەرخستنی ڕاستیەکی مێژوویییە کە جولەکەکان دەیانویست بیشارنەوەو بیشێوێنن، جا کە ئەوە هەڵوێستی ئیبراهیمو یەعقوب بووبێ ئەوە وەسیەتو ئامۆژگاریان بووبێ بۆ کوڕەکانیانو ئەوەش وەڵامی ڕاستەوخۆی ڕۆڵەکانیان بووبێ! ئەمەش هەڵوێستی ناڕەوای ئێستای جولەکەکان بێ بەرامبەر بە بانگهێشتنی

ئیسلامی، دیارە هەر کە سە بە گوێرەی کرداری خۆی پاداشو سزا وەردەگرێتەوە ﴿تلك أمة قد خلت﴾ حەزرەتی ئیبراهیمو پەیڕەوکارانی، یەعقوبو کوڕەکانی، ئەوانە پابەندی وەسیەتەکەی ئەو ڕەهبەرانە بوون ئەوانە کۆمەڵێکی بەختیاربوونو رابوردنو ﴿لها ماكسبت﴾ چی کردەوەی باشیان کردوە بۆ سودی خۆیانەو خۆیان پێی بەختەوەر دەبن ﴿ولكم ماكسبتم﴾ ئێوەش چی کرداری باشتان هەبێ بۆ سودی خۆتانە ﴿ولا تسئلون عما كانوا يعملون﴾ ئێوە بەرپرسیار نین لە کرداری ئەوان، بەڵکو هەموو کەس لە کرداری خۆی بەرپرسیارەو بەس ﴿وقالوا كونوا هودا أو نصارى تهتدوا﴾ جولەکەکان دەیانگوت: وەرنە سەر ئاینی جولەکە سەرفرازدەبن.. گاورەکانیش دەیانگوت: وەرنە سەر ئایینی مەسیحی لە گومڕایی رزگارتان دەبێ.. بەم شێوە هەریەکەیان خەڵکی بانگ دەکەن بۆ سەر ئایینە چەوتو دەست لێدراوەکەیان ﴿قل بل ملة إبراهيم حنيفا وما كان من المشركين﴾ ئەی محمد: پێیان بڵێ بەڵکو ئێمەو ئێوە شوێن ئایینی باوکە گەورەمان حەزرەتی ئیبراهیم دەکەوین کە سەرچاوەی ئیسلامە ئایینێکی پاکو خاوێنە، ئایینی ئەو پێغەمبەرەیە کە لەگەڵ خودادا پەیمان دارو پەیمانەکەی بردە سەرو هەرگیز هاوەڵی بۆ خودا بە ڕەوا نەبینیوە. بەڵام ئێوە شەریکێ بۆ خودا دادەنێن! پەروەردگار بانگەواز بۆ موسوڵمانان دەکا بۆ ئیعلانکردنی یەکێتی ئاینی سەرتاسەریی!

هەر لەسەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمەوە (باوکی پێغەمبەران) تا سەردەمی حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەمو هاتنی ئایینی ئیسلامو بانگەوازی جولەکەو مەسیحی‌یەکان دەکا بۆ ئەوەی ئیمان بەم ئایینە بێوێنەو نمونەیی‌یە بێنن ﴿قولوا آمنا بالله وما أنزل إلينا﴾ ئەی بڕواداران هەمووتان بە یەکێ دەم بڵێن بڕوامان هێنا بە خوداو بەو قورئانە گەورەیەی کە بۆمان نێردراوە ﴿وما أنزل إلى إبراهيم وإسماعيل وإسحاق

ويعقوب والأسباط﴾ ئیمانمان هێناوه بەو پەیامەی کە بۆ ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو نەوەی ئیبراهیمو ئیسحاق کە پێیان دەگوترێ ئەسباط ﴿وما أوتي موسى و عيسى﴾ بڕوامان بە تەوڕاتی موساو ئینجیلی عیسا هەیە، واتە: بەو تەوراتو ئینجیلەی کە دەسکاریی نەکراون ﴿وما أوتي النبيون من ربهم﴾ هەروەها ئیمانمان هەیە بەو پەیامو نیگایەی کە لە خوداوە نێردراوە بۆ پێغەمبەرانی تر بڕوامان بە هەموویان هەیە بەمەرجێک لەلایەن خوداوە هاتبێ موعجیزەو بەڵگەی پێغەمبەرایەتی نواندبێ: ﴿لا نفرق بين أحد منهم﴾ ناچین بڕوامان بە هەندێکیان هەبێو بڕوامان بە هەندێکیان نەبێ وەکو ئەوەی کە جولەکەو گاور دەیکەن ﴿ونحن له مسلمون﴾ ئێمە هەموومان گەردنکەچی پەروەردگارین پابەندی فەرمانەکانی ئەوین ﴿فإن آمنوا بمثل ما آمنتم به فقد اهتدوا﴾ جا ئەگەر خاوەننامەکان -جولەکەو گاورەکان- ئیمانیان هێنا بەو بەرنامەی ئێوە بڕواتان پێیەتی ئەوە ڕێبازی ڕاستیان دۆزیوەتەوە، کەوتوونە سەر ڕێگای خوداپەرستی ﴿وإن تولوا فإنما هم في شقاق﴾ ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە ئیمان هێنان بەو بەرنامەیەی بانگەوازی بۆ کردنو نەهاتنە ژێر ئاڵای ئیسلامو بڕوایان بە قورئانەکە نەکرد ئەوە بزانە ئەوانە دەیانەوێ دوژمنایەتیت بکەنو هەرگیز ئەوانە حەق خواز نین ﴿فسيكفيكهم الله﴾ ئەی (محمد!) دڵنیابە خودا لەشەڕی شوومی ئەوان دەتپارێزێ ﴿وهو السميع العليم﴾ پەروەردگار بیسەرە، گوێی لە ئاخاوتنی ئەوانە، زاناو ئاگادارە بەوەی کە لە دڵیان دایە لە فێڵو پیلانو شەڕ دژی موسوڵمانان.

مۆرکی ئیمانو کاردانەوەی لە دەروون دا

صِبْغَةَ ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً ۖ وَنَحْنُ لَهُۥ عَـٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾ قُلْ
أَتُحَآجُّونَنَا فِى ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَآ أَعْمَـٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَـٰلُكُمْ
وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ
وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ
أَمِ ٱللَّهُ ۗ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ
عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ۖ
وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾

ئیبنو عەباس دەفەرموێ: نەصرانییەکان کە منداڵێکیان دەبوو دوای حەوت رۆژ لە ئاوێکدا کە ناوی (مەعموودی) بوو منداڵەکەیان رەنگ دەکرد پێیان وابوو پاک دەبێتەوەو دەبێتە نەصرانی تەواو ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ کەدەفەرموێ: ﴿صبغة الله ومن أحسن من الله صبغة﴾ ئەو ئایینەی کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین ئایینی خودایە، خودا ئێمەی بەو ئایینە رەنگ کردوە، نیشان زەدەی کردوین، شوێنەواری ئەو ئایینەمان پێوە دیارە، وەک چۆن رەنگ بە جلو بەرگەوە دیاریی دەدا. کەس وەکو پەروەردگار ناتوانێو نازانێ ئایین بۆ ئادەمیزاد دیاری بکا. ﴿ونحن له عابدون﴾ ئێمە هەر ئەو خودایە دەپەرستین کەسیتر بە خودا نازانین ﴿قل أتحاجونني في الله﴾ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە دەربارەی خودا کێشەم لەگەڵ ئەکەنو پێتان وایە ئێوە کوڕی خوداو خۆشەویستی خودان؟! پێغەمبەران هەر دەبێ لە کۆمەڵی ئێوە بن لە هۆزو نەتەوەی تر پێغەمبەر نەنێردرێن؟؟ ﴿وهو ربنا وربكم﴾ پەروەردگار

خودای ئێمەش‌و ئێوەشە هەمومان بەندەی ئەوین ﴿**ولنا أعمالنا ولكم أعمالكم**﴾ پاداش‌و سزای کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانەو پاداش‌و سزای کردەوەی خۆتان بۆ خۆتانە کەس گوناهی کەس هەڵناگرێ کەس لەجیاتی کەس سزا نادرێ ﴿**ونحن له مخلصون**﴾ ئێمە خوداپەرستی‌و بەندایەتیمان بۆ خودا راستاڵانەیەو هەموو کردەوەیەکمان لەبەر خاتری رەزامەندیی خودایە. ﴿**أم تقولون إن إبراهيم وإسماعيل وإسحاق ويعقوب والأسباط كانوا هودا أو نصارى**﴾ یان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقوب نەوەکانیان جولەکە یان گاور بوون ﴿**قل أأنتم أعلم أم الله**﴾ ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە ئاگادارترن بە ئایینی ئەو رەهبەرانە یان پەروەردگار؟ بێگومان خودا شایەتی ئەوەی بۆ داون کە ئەوانە هەموویان لەسەر ئایینی ئیسلام بوون، نە جولەکە بوون، نە گاور! وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ما كان إبراهيم يهوديا ولا نصرانيا ولكن كان حنيفا مسلما**﴾ ئیبراهیم نە جولەکە بووە نە گاور بووە بەڵکو دیندارو بێ خەوش‌و موسوڵمان بووە، ئیتر ئێوەی جولەکەو گاور چۆن پێتان وایە کە ئەو رەهبەرانە لەسەر ئایینی ئێوە بوون؟ ﴿**ومن أظلم ممن كتم شهادة عنده من الله**﴾ کێ لەو کەسە زاڵم‌و ستەمکارترە کە ئایەتەکانی تەورات‌و ئینجیل ژێر لێو بخا بیان شارێتەوە؟ ئەو ئایەتانەی کە مزگێنی هاتنی حەزرەتی (محمد)ی تێدایە سرپۆشیان بکا؟ کێ لەو کەسە زاڵم ترە کە پەیامی پەروەردگار کە دەڵێ پێغەمبەران هەموویان لەسەر ئایینی ئیسلام بوون، بیشارێتەوە ﴿**وما الله بغافل عما تعملون**﴾ خودا ئاگادارە ئەوانە چی دەکەن‌و چی دەشێرنەوە، ئاگاداری هەموو کردەوەیەکیانەو سزای دادوەرانەی خۆیانیان دەداتەوە ﴿**تلك أمة قد خلت لها ما كسبت ولكم ما كسبتم ولا تسألون عما كانوا يعملون**﴾ ئەم ئایەتانەی دووبارە کردەوە چونکە هەڕەشەو ترساندنی تێدایە. واتە: ئەگەر رەهبەران لەگەڵ ئەو هەموو رێزو نرخەی هەیانە سزاو پاداشی کردەوەی

خۆیان وره‌بگرنه‌وه، ئێوه به‌ولاتره‌وه سزاو پاداش وه‌رده‌گرنه‌وه، (پێش که‌مێک ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌ته کرا).

به‌یارمه‌تی خودای مه‌زن ته‌فسیری جزمی یه‌که‌م له ته‌فسیری ره‌وان بۆ تیگه‌یشتنی قورئان ته‌واوبوو، جزمی دووه‌م به شوێنی‌دا دێ‌و به ئایه‌تی (١٤٢)ی سووره‌تی (البقرة) که ده‌فه‌رموێ: (سيقول السفهاء من الناس ما ولاهم عن قبلتهم التي كانوا عليها.......الآية) ده‌ست پێ‌ده‌کا. خودایه ته‌وفیقمان بده له‌سه‌ر درێژه‌دان به‌کاره‌که‌مانو به‌قبوولی حه‌سه‌ن لێمان وه‌ربگره ئامین!!

پێڕستی سەرەباسەکانی جزمی یەکەمی تەفسیری ڕەوان

لاپەڕە	بابەت
٣	پێشەکی
٧	چەند زانیاریەکی پێویست دەربارەی قورئانی پیرۆز
٣٠	سوورەتی فاتیحە
٣٩	ڕەوشتی موسوڵمانانو پاداشتی خوداپەرستان
٤١	ڕەوشتی کافران
٤٣	ڕەوشتی دووڕووەکان
٤٤	ڕەوشتی دووڕووەکان
٤٦	ڕەوشتی دووڕووەکان
٤٩	چەند نموونەیەکی دووڕووەکان
٥٢	فەرمان بەیەکتاپەرستیو هۆکارە داخوازیەکانی
٥٤	تەحەدداکردن لە بێبڕوایان کە بتوانن ....
٥٦	پاداشتی خاوەن باوەڕانی کردار باش
٥٨	سوودی پەندهێنانەوە لە قورئاندا بۆ ئادەمیزاد
٦٢	دیاردەکانی دەسەڵاتی خودا لە دروستکردنی ئادەمیزادو ....
٦٦	جێنشین کردنی ئادەمیزاد لەسەر زەویو فێرکردنی زمانەکان
٦٨	ڕێزلێنانی پەروەردگار بۆ ئادەم
٧٠	ئادەمو حەووا لەبەهەشتدانو هەڵوێستی شەیتان بەرامبەریان
٧٤	ئەرکی سەرشانی نەتەوەی ئیسرائیل
٧٧	چەند نموونەیەک دەربارەی بەدی جوولەکەکان
٨٢	دە نیعمەتی گرنگی پەروەردگار کە بەجۆلەکەکانی بەخشیون
٨٧	باقی ماندەو تەواوکەری نیعمەتەکانی بەسەر نەتەوەی ئیسرائیل
٩٢	چاوچنۆکی جولەکەکانو بڕێ لە تاوانەکانیان
٩٥	دوارۆژ هەر بۆ موسوڵمانانە
٩٨	بڕێ لە تاوانی جولەکەو سزادانیان لەسەر تاوانەکانیان
١٠٠	چیرۆکی سەربڕینی مانگاکە
١٠٣	دڵڕەقی جولەکەکان

بابەت	لاپەڕە
چاوەڕوان ناكرێ جولەكە بڕوا بە پێغەمبەری ئیسلام بكەن	١٠٤
گۆڕینی دەقەكانی تەورات لەلایەن مالمە جولەكەكانەوە بوختانو	١٠٩
زێوان بوونەوەی جولەكەكان لەوادەو بەڵێنەكانیان	١١١
برێ دیاردەی پابەندبوونی جولەكەكان بەوادەو بەڵێنەكانیان	١١٤
هەڵوێستی جولەكەكان بەرامبەر بەپێغەمبەرانو كتێبە ئاسمانیيەكان	١١٧
بڕوانەكردنی جولەكان بەقورئانو پێغەمبەركوژییان لە مێژوودا	١٢١
جولەكەكان راست ناكەن دەڵێن ئیمانمان بە تەورات هەیە	١٢٣
دونیاپەرستنو ژیان خۆشەویستی جولەكەكان	١٢٤
هەڵوێستی جولەكەكان بەرامبەر جوبرائیلو فریشتەو پێغەمبەران	١٢٦
بڕوانەكردنی جولەكە بە قورپانو پابەندنەبوونیان بە پەیمانەكانیان	١٢٧
فاڵچییەتیو سیحرو جادوبازی جولەكە	١٢٩
ئەدەبی ئاخاوتن لەگەڵ پێغەمبەر	١٣٣
نەسخ لە حوكمە شەرعییەكاندا هەیە	١٣٥
هەڵوێتی ئەهلی كیتاب بەرامبەر موسوڵمانانو چۆنیەتی رەتدانەوەیان	١٣٧
رای جولەكەو گاور بەرامبەر بەیەكتری	١٣٩
ستەمكاری ئەوانەی ناهێڵن نوێژ لە مزگەوتەكاندا بكرێ. نوێژكردن.....	١٤١
درۆو بوختانی ئەهلی كیتابو موشریكەكان كە كوڕ بۆ خودا دادەنێن	١٤٣
ترساندنو ناڕەزایی دەربڕین لە شوێنكەوتنی جولەكەو گاور	١٤٥
بیرخستنەوەی نیعمەتەكانی خودا بۆ نەتەوەی ئیسرائیلو ترساندنیان لە...	١٤٨
بەتاقیكردنەوەی ئیبراهیم عليه السلام و تایبەتمەندی كابەو شاری مەككە	١٤٩
بنیاتنانی كەعبەو نزاو پاڕانەوەی ئیبراهیمو ئیسماعیل	١٥٢
نەفامی ئەو كەسانەی لە ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم لادەدەن	١٥٤
پوچەڵكردنەوەی داوای جولەكە كەدەڵێن: ئێمە لەسەر ئایینی (ئیبراهیمو..	١٥٦
مۆركی ئیمانو كاردانەوەی لە دەروونداً	١٦٠

تفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی یەکەم

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

محمود أحمد محمد

جزئی (٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێخۆشکردن بۆ گۆڕینی ڕۆگە (قیلبە)

﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا ۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾

قورئانی پیرۆز هەر بەردەوامە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جولەکەکانو داکۆکی لە گۆڕانی ڕۆگە (قیبلە) دەکاو ڕاو بۆچوونی جولەکەو هەموو هاوپەیمانەکانیان ڕەت دەکاتەوە.

پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە کەنوێژی دەکرد ڕووی دەکردە بەیتولمەقدیس! وەکوچۆن پێغەمبەرانی پێشوو ڕوویان تێدەکرد، شانزە مانگ یان حەڤدە مانگ لە مەدینە لەسەر ئەم شێوە مایەوە، بەڵام هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوەبوو کە ڕوو بکاتە کەعبەو لە خودا دەوپاڕایەوە کە ڕووی پێ لە ڕۆگەی بابەگەورەی خۆی حەزرەتی ئیبراهیم بکا کە کابەی پیرۆزبوو!

پەروەردگار نزاو پاڕانەوەکەی گیراکردو ئاواتەکەی هێنایە دی! فەرمانی پێکرد کە ڕوو بکاتە خانوە دێرینەکە (البیت العتیق).. یەکەم نوێژ کە لە مەدینە ڕوەو کەعبە کردی، نوێژی عەسر بوو، ئیتر جولەکەکانو دووڕووەکان کەوتنە مقۆ مقۆو وتیان: چی پالی بە

موحەممەدو هاوەڵانیەوە تا کە ڕۆگەی خۆیان لە بەیتولمەقدیسەوە بگۆڕن بۆ لای کەعبە؟! وتیان: دیارە موحەممەد بیری زێدی خۆی کردۆتەوە، زۆری پێ ناچێ دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاینی خۆی!

سەرەتای ئایەتەکە ڕەتدانەوەی ڕەخنەی جولەکەو دووڕووەکانە کە هێشتا ڕەخنەکەیان نەگرتبوو! ئەمە موعجیزەیەکێ بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ پەروەردگار دەرسی داداو فێری بەڵگەهێنانەوەی کرد بۆ ئەوەی ئامادەباشی تێدابێ بۆ وەڵامدانەوەو فەرمووی: ﴿**سيقول السفهاء من الناس ما ولاهم عن قبلتهم التي كانوا عليها**﴾ ئەو ئادەمیزادانەی کە تێ نەگەیشتوونو بێ عەقڵو نەفامنو کوێرانە شوێن خەڵکێ کەوتوونو هیچ تێفکرینیان نیە کە بریتین لە دووڕووەکانو جولەکەو گاورەکان، دەڵێن: چ شتێکێ ڕووی‌دا موسوڵمانەکان ئاوا گۆزو گومەت ڕوویان لە (بیت المقدس) وەرگێڕا کە لەوەپێش قیبلەیان بوو، قیبلەی پێغەمبەرانی ڕابوردوش بوو، ئاوا ڕوویان کردە کەعبە؟!

﴿**قل لله المشرق والمغرب يهدي من يشاء إلى صراط مستقيم**﴾ ئەی (محمد!) وەڵامیان بدەرەوەو پێیان بڵێ: هەموو لایەکێ؛ ڕۆژهەڵاتو خۆرئاوا باشوورو باکوور سەروو خواروو هەمووی هی خودایەو موڵکی خۆیەتی هەرکەسێ ئارەزووی لێ بێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاستو دروست. بەردی (بەیتولمەقدیس) لە بوونی خۆی‌دا لەبەردێکی کە پیرۆزتر نیە، هیچ زیدەو سوودو قازانجێکی وای تێدا نیە کە لەبەردەکانی تردا نەبێ! هەروەها دارو بەردی کەعبەش لە خودی خۆیا لە دارو بەردی شوێنی تر زیدەتر نینو ئەم ڕێزو پیرۆزیەی کەدراوە پێیان بەهۆی فەرمانی خوداوە کە کردوونی بە قیبلەی خوداپەرستانو فەرمانی پێ‌کردوون کە لەکاتی نوێژکردندا ڕووی تێبکەن تا لە کاتی خوداپەرستی‌دا یەکیەتی بخاتە نێو ئادەمیزادەوە بەڵام ئەو بێ عەقڵانە پێیان وایە قیبلە بناغەی ئایینە، بەردێکێ خانوێکێ، خۆی لە خۆی‌دا زیدەو فەضلو ڕێزی هەیە، تەنانەت

کار گەیشتە ئەوە کە جولەکەکان بە پێغەمبەریان گوت: رووبکەرەوە قیبلەی ئێمە تا شوێنت بکەوین، مەبەستیشیان تاقیکردنەوەی پێغەمبەرو هەڵخەڵەتاندنی بوو.

سەرجەم ریوایەتەکانی تایبەت بەم رووداوی قیبلە گۆڕانە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە موسوڵمانان لەسەرەتای واجب بوونی نوێژدا روویان کردۆتە کابە دوای کۆچکردنی پێغەمبەرو هاوەڵانی بۆ مەدینە روویان کردۆتە بەیتول مەقدیس.. ئەمجار بەم فەرمانە قورئانی‌یە موسوڵمانان رۆیان کردوتەوە کابە. بەهەرحاڵ روو تێکردنی موسوڵمانان بۆ بەیتول مەقدیس کە قیبلەی جولەکەو مەسیحی‌یەکانە هۆکارێکی بەهێز بووە کە جولەکەکان بیکەنە هۆی لەخۆ بایی‌بوونو موسوڵمان نەبوونیان، چونکە بەو رووتێکردنە گەزافیان کێشاو لە مەدینەدا دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە، دەیانگوت: رووتێکردنی (محمد)و هاوەڵانی بۆ بەیتول مەقدیس بەڵگەی ئەوەیە کە ئاینەکەمان (ئایینی جولەکە) راستەو قیبلەکەمان راستە ئێمە سەرچاوەی ئایینەکانین، کەوابێو وا چاکە بۆ پێغەمبەرو ئەوانەی لەگەڵی‌دان بێنە سەر ئایینی ئەمان نەک بە پێچەوانەوە، پێغەمبەر ئەوان بانگ بکا بۆ چوونە ناو ئیسلام..

لەلایەکی ترەوە عەرەبە موسوڵمانەکان لەسەر شانیان گران بوو کە ئەوان لەسەردەمی نەزانی‌دا ئەو هەموو رێزەی کەعبەیان دەگرتو کەچی لەسەردەمی ئیسلامی‌دا رووی تێ‌نەکەن، سەرباری ئەوەش ئەو فشەفشەی جولەکەکان بەسەریاندا دەکردو دەیان بەڵگەی موسوڵمان نەبوونیان دەهێنایەوە. پێغەمبەریش هەستی بەم ئازارە دەروونیەی هاوەڵانی‌و موسوڵمانان دەکرد دەستی بەرزدەکردەوەو رووی لەئاسمان دەکردو چاوەڕوانی تەوجیهی خودایی بوو، جا کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە دەفەرموێ: ﴿**قد نرى تقلب وجهك في السماء فلنولينك قبلة ترضاها فول وجهك شطر المسجد الحرام وحيثما كنتم فولوا وجوهكم شطره**﴾البقرة/١٤٤. ئیتر لەمەوە

پڕوپاگەندەی جولەکەکان پەرەی سەند چونکە پێیان ناخۆش بوو کە پێغەمبەرو هاوەڵانی روو لە قیبلەی ئەوان وەرگێڕنو ئەو بەڵگەیەی لەوەپێش پشتیان پێ بەستبوو بەدەستیانەوە نەمێنێ، ئیتر دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەی جۆراو جۆر بۆ دڵەڕاوکە خستنە نێو کۆمەڵی موسڵمانانو گومان پەیداکردن لەناویاندا دەربارەی سەرکردایەتیو بیروباوەڕیان، ئەوەبوو جولەکەکان بە موسوڵمانەکانیان دەگوت: ئەگەر لەوەپێش روتێکردنتان لە بەیتولمەقدیس بە تاڵ بووبی ئەوە دیارە ئەو هەموو نوێژو خوداپەرستی‌یەی لەوەپێشتان بەتاڵە، خۆ ئەگەر روتێکردن لە بەیتول مەقدیس راست بووبێ ئەوە بێگومان رووتێکردنتان لە کابە بە تاڵەو هەر نوێژێک بەرەو کەعبە بکەن بەتاڵە....

گۆڕانی قیبلە لە بەیتول مەقدیسەوە بۆ کەعبە رووداوێکی گەورە بوو لە مێژووی گرۆهی موسوڵماناندا، رەنگدانەوەیەکی گەورەشی لە ژیاندا پەیداکرد! گۆڕانی قیبلە لەسەرەتاوە لە کەعبەوە بۆ بەیتول مەقدیس لەبەر حیکمەتێکی پەروەردە ئامێز بووە، ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿وما جعلنا القبلة التي كنت عليها إلا لنعلم من يتبع الرسول ممن ينقلب على عقبيه﴾ جا چونکە عەرەبەکان کەعبەیان بە گەورە دەزانیو بە پێناسەی رێزو خانەدانی خۆیانیان حسێب دەکرد، ئایینی ئیسلامیش مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە ئادەمیزادەکان قاڵ بکا بۆ خوداپەرستی راستو دروست، لە هەموو پەیوەندی‌یەکی دەرەکی رووتیان بکاتەوە، هەموو نژادپەرستیو دەمارگیریو چینایەتی لە دڵو دەروونا دەربهاوێ! بۆیە رووی پێ لە کەعبە وەرگێڕانو رووی پێکردنە بەیتول مەقدیس، تا دڵو دەروونیان لە خڵتەی نەفامیەتیو سەردەمی نەزانی پاک بکاتەوە، بۆ خاتری ئەوەی دەربکەوێ کێ فەرمانبەردارەو راستالانە گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگارەو بەدڵێکی پڕ بیرو باوەڕەوە پابەندی فەرمانی خودا دەبن! ئیتر لەو کاتانەدا کە موسوڵمانەکان پابەندبوونو روویان کردە ئەو

قیبلەیەی کە پێغەمبەر رووی پێ تێکردوون ئا لەو کاتەدا جولەکەکان ئەمەیان کردە بیانۆی ئەوەی کە پێویست ناکا موسوڵمان بن، بەڵکو دەبێ موسوڵمانەکان بێنە سەر ئایینی ئەمان چونکە موسوڵمانەکان روویان کردۆتە قیبلەی ئەوان، ئەمجار کە فەرمانی ئیلاهی دەرچوو بەوەی کە موسوڵمانان روو بکەنە کەعبە روو لە بەیتولمەقدیس وەرگێڕن ئیتر دڵی موسوڵمانەکان بە راستیەکی تر ەوە پەیوەست بوو، کە ئەویش پوختەی ئایینی ئیسلامە، پوختەی ئەوەی کە ئەم خانوی کەعبەیە ئیبراهیمو ئیسماعیل دروستیان کردووە بۆ ئەوەی کردەوەکەیان تەنها بۆ خودا بێ، بۆ ئەوەی ببێتە کەلەپوور بۆ گەلی موسوڵمان، ئەو گەلەی کە بە دوعاو نزای ئیبراهیم هاتەکایەوە، بە دوعای ئەو، پەروەردگار پێغەمبەری لە خۆیان بۆ ناردن...

بێگومان قسەکردن لە مەسجیدول حەرامو دروستکردنو ئاوەدان کردنەوەیو کێشەو بەرامبەری کردن لەگەڵ جولەکەو مەسیحی‌یەکاندا دەربارەی ئیبراهیمو نەوەکانی، دەربارەی ئایینو قیبلەکەی، دەربارەی عەهدو پەیمانی لەگەڵ خودادا، وەسیەتنامەو ئامۆژگاریکردنەکەی بۆ رۆڵەکانی ئەمانە هەموویان رێخۆشکەرە بوون بۆ گۆڕانی قیبلە لە مەسجیدول ئەقصاوە بۆ مەسجیدول حەرام ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا﴾ بەو شێوە ئێمە ئێوەمان کردوە بە گەلێکی میانەڕەوو هەرگیزاو هەرگیز زێدە ڕەوی ناکەنو توندڕەو نین لە هەموو کارو باوێکدا لایەنی گیانیو لایەنی ماددی تێبینی دەکەن.

ئادەمیزاد بەگشتی پێش هاتنی ئیسلام دوو جۆر بوون: جۆرێکیان ماددە پەرست بوون هیچ غەمو ناڕەحەتیان نەبوو جگە لە دابین کردنی پێداویستی ماددە بۆ خۆیان، ئەم دیاردەیە لەناو جولەکەو موشریکەکاندا بە زەقی بەدی دەکرا: جۆرێکی تریان بە تەواوی لە دونیا دابڕابوون، ژیانێکی رەبەنیو دێرینیشیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو هیچ گرنگییان بە

لایەنی جیسمانی نەدەدا وەکو مەسیحی‌یەکانو صابیئەکانو هەندێ گرووپی بتپەرستی هیندی کە هەمیشە خەریکی خۆ برسی‌کردنو ئازاردانی جەستەی خۆیان بوون..

کە ئیسلام هات هەردوو لایەنی بەرچاوگرتن لایەنی جیسمی، لایەنی گیانی، مافی هەردوو لایەنی پاراست، حەقی‌دا بە موسوڵمان کە مرۆڤانە بژی، ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە مرۆڤ لە گیانو مادده پێک هاتووە دەبێ هەردوو لا هاوکێشە بکرێنو پێکەوە بەخێو بکرێن، ئادەمیزاد لایەنی حەیوانی‌و لایەنی فریشتەیی تێدایە، کاتێک ئادەمیزادی تەواو دەبێ، کە هەردوو لایەنەکەی بەرچاو بگیرێ، پەیامی خودایە، کە دەفەرموێ: ئێمە کە ئێوەمان ئاوا بە میانەڕەوی هێناوەتە کایەوە بەبێ هوودە نیە بەڵکو ﴿لتكونوا شهداء على الناس﴾ بۆ ئەوەی ببنە شایەت بەسەر ئەو جۆرە کەسانەی کە لایەنی خوداپەرستی‌و خوداناسی‌یان پاش گوێ خستووە هەر خەریکی خواردنو خواردنەوەنو خۆیان لەلایەنی گیانی بێ‌بەری کردووە، دەڵێن: ﴿إن هي إلا حياتنا الدنيا﴾ ژیان هەر ژیانی دونیایەو هیچی‌تر نیە، هەروەها ببنە شایەتو گەواهی‌دەر بەسەر ئەو کەسانەدا کە زیادەڕەوی‌یان لە ئایین‌دا کردوە، خۆیان لە هەموو خۆشی‌و لەززەتێکی جسمانی دوور خستۆتەوە، لە ڕێگای میانەڕەوی لایان داوەو ستەم لە جەستەی خۆیان دەکەن، ببنە شایەت بەسەر هەموو لایەکیان داو ببنە پێشەوایان لە میانەڕەوی‌و کار دروستی‌دا، ئاشکراشە کە میانەڕەویی ئەوپەڕی مرۆڤایەتی‌یەو هەڵوێستێکە بۆ هەموو شتێک مافی خۆی دەداتێ، حەقی پەروەردگار جێبەجێ دەکا، پێداویستی جەستەی خۆی پاش گوێ ناخا، لایەنی ڕوحی ئیهمال ناکا، حەقی خزمو کەسو کارو دەرو دراوسێ دەدا، مافی هەمووکەس بە ئەندازەی پێویست دیاری دەکا.

﴿ويكون الرسول عليكم شهيدا﴾ پێغەمبەریش ببێتە شایەت بەسەرتانەوە چونکە پێغەمبەر بۆ خۆی نموونەی هەرە بەرزی